

# ناودارانی موزیکی جیهانی

ناوی کتێب: ناودارانی موزیکی جیهانی
بەرگی دووەم
نووسینی: زۆزک قەرەداغی
بابەت: هونەری مۆسیقا
مۆنتاژی کۆمپیوتەر: بەختیار ئەورەحمان
هەڵەچنی: سازان قادر
تیراژ: ٥٠٠ دانە
نرخ: ٢٥٠٠ دینار
ژمارەی سپاردن: (١٢٩٢)ی ٢٠٠٩
چاپخانەی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
چاپی: یەکەم ساڵی ٢٠٠٩
کوردستان – سلێمانی

www.serdam.net
www.serdam.info
www.serdam.org



# ناودارانی موزیکی جیهانی

## بەرگی دووەم

زۆزك قەرەداغی

2009

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
کتێبی سەردەم ژمارە (٤٩١)

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
**ئازاد بەرزنجی**

# ناوەڕۆک


| | |
|---|---|
| پێشەکی | ١١ |
| ئـ | |
| ئارسەر سیبۆڵد | ١٥ |
| ئیگناز پلایل | ١٧ |
| ئیرنیست بلوخ | ١٩ |
| ئەنریکۆ بواتۆ | ٢١ |
| ئیۆ بۆدریە | ٢٣ |
| ئەلیکساندەر بۆرۆدین | ٢٥ |
| ئەندریە بۆکۆریشلیڤ | ٢٧ |
| ئەمیلکار پۆنکیلی | ٢٩ |
| ئەنتوان دو بیرتراند | ٣١ |
| ئیلدبراندۆ پیزێتی | ٣٣ |
| ئاکیرا تامبا | ٣٥ |
| ئەلیکساندەر تانسمان | ٣٧ |
| ئەلیکساندەر نیکۆلاڤیچ چیرپنین | ٣٩ |
| ئەمبروز تۆماس | ٤١ |
| ئیریک ساتی | ٤٣ |
| ئەمانوێل نون | ٤٥ |
| ئیتیان نیکۆلا میهول | ٤٧ |
| ئەندریە میساجیە | ٤٩ |

ئۆسکۆ میریلانین ٥١
ئالویس هابا ٥٣
ئیلیاس لیڤی هالیڤی ٥٥
ئۆجین ییزای ٥٧
ئیرنیست تیۆدۆر ئەمادیۆس هۆفمان ٥٩
ئیگناز مۆشیلیس ٦١
ئیگۆر مارکیڤیچ ٦٣
ئەندریە جۆلیڤیە ٦٥
ئەنتۆن دوڤێرن ٦٧
ئەلیکساندەر – کۆنستانتنۆڤیچ گلازۆنۆڤ ٦٩
ب
بۆریس بلاچەر ٧١
بۆهوسلاڤ مارتینۆ ٧٣
بێرنار ڤاگینار ٧٥
پ
پیار بولیز ٧٧
پیار ڤاشۆن ٧٩
پیار ماریتان ٨١
پیار هێنری ٨٣
پاسکال دوساپین ٨٥
پاول هۆفهایمەر ٨٧
ت
تۆماس کرکیون ٨٩
تور ڕانگسترۆم ٩١

تۆماسۆ ئەنتۆنیۆ ڤیتالی ٩٣

ج

جیۆڤانی باتیستا ڤیوتی ٩٥

جیۆڤانی باتیستا ڤیتالی ٩٧

جان ئابزیل ٩٩

جان - باتیست لولی ١٠٣

جان دیسماس زیلینکا ١٠٥

جۆزپە تارتینی ١٠٧

جۆرج بیزیە ١٠٩

جیۆڤانی دا کاشا ١١١

د

دیمیتری شۆستاکۆڤیچ ١١٣

دۆمینکۆ سکارلاتی ١١٥

دۆمینگۆ ترادلاس ١١٧

داگ وێرن ١١٩

ڕ

ڕۆبێرت شومان ١٢١

ڕۆدۆلف کروتزەر ١٢٥

ڕیمسکی - کۆرساکۆڤ ١٢٧

ڕیچارد ڤاگنەر ١٢٩

ڕیکاردۆ زاندۆنای ١٣٣

ڕۆبێرت جونز ١٣٥

ف

فرانس پیتەر شۆبێرت ١٣٧

فیلیکس مەندڵسۆن بارتۆلیدی ١٤٠

فریدریک شۆپان ١٤٣
فراسوا کۆپیرین ١٤٦
فرانس لیست ١٤٨
فرانک مارتین ١٥١
ک
کارل فریدریش ئابل ١٥٣
کۆرت ئاتیربێرگ ١٥٥
کلارا شومان ١٥٧
کلۆدیۆ مۆنتیڤێردی ١٥٩
گ
گابرێل پیرنیە ١٦١
گۆستاڤ هۆڵست ١٦٣
ل
لویس مارشان ١٦٥
لیۆپۆڵد مۆزارت ١٦٧
لویگی ڕوسی ١٦٩
لاورۆ ڕوسی ١٧١
لوی ڤێرن ١٧٣
م
میکۆلای زیلنسکی ١٧٥
میلی بالاکیرڤ ١٧٧
میکایل گلینکا ١٧٩
ماریۆس کۆنستانت ١٨١
مارسێل لاندۆسکی ١٨٣

ماتیۆ لوک ١٨٥
ن
نیکۆلا مایسکۆڤسکی ١٨٧
نیکۆلا فاگۆ ١٨٩
ه
هۆگۆ وڵف ١٩١
هیلدینگ ڕۆزینبێرگ ١٩٣
هینریک شوتز ١٩٥
هاینریک مارشنەر ١٩٧
هێرمان ڕویتەر ١٩٩
هێنریک وینیاوسکی ٢٠١
هیتۆر ڤیلا - لۆبۆس ٢٠٣
و
ولیەم پیجپەر ٢٠٥
والتەر پیستۆن ٢٠٧
ی
یۆهان میکایل هایدن ٢٠٩
یۆهان شۆبێرت ٢١١
یانیس زانکیس ٢١٣
یۆهان پیتەر زیلمەر ٢١٥
یۆهان ویکمانسۆن ٢١٧
یارۆسلاڤ کریچکا ٢١٩
یۆهان گریگەر ٢٢١

*** ئەم کتێبە پێشکەشە بە :**

هاوڕێ و برای خۆشەویست و هەمیشە زیندو کاکە « گۆران عومەر» کە زۆر زوو جێیهێشتین و تێرمان نەخوارد لە دیداری، کۆچی ناوادەی ئەو زامێکی بەسۆیە و بیرناچێتەوە ...

# پێشەکی

خوێنەران، هونەرمەندانی بەڕێز ئەگەر چی دنیای جەنجاڵی ئەمڕۆ زۆرینەمانی لە دنیای خوێندنەوە و پەڕاو دوورخستۆتەوە، ئەگەرچی گوزەری ژیانی ڕۆژانەمان گرفتی زۆر زیاتری تێدایەو ئێمەی خوێندەواری نائومێد کردووە، لە هەڵوێستە و بەدواداچونی بابەتە هونەریەکان، بەڵام من وەک ئەوەی سەرقاڵی موزیکم هەموو کایەکانی هونەر و موزیک بە گرنگ و پێویست دەزانم هەروەک لایەنەکانی دیکەی ژیان، چونکە ئەوەی کە ئێستا لە نێوەندی هونەریدا پشت گوێ خراوە ڕێگایەکی جیاوازیی هەیەو درەنگ و زوو کەوتووە و لە ئایندەیەک کە نازانین دوورە یان نزیک بابەتەکانی هونەر لە تێکستێکەوە تا زیاتر لە بارەی هونەرەوە گرنگیەکی زۆر بەرفراوان پەیدا دەکەن، بە جۆرێک کە ڕەنگە چاوەڕوان نەکراو بێت، ئەمەش بەسەرهاتی زۆرێک لە میللەتانی پێشکەوتووی دنیایە و لە هیچ بارو دۆخێکدا چاوەڕێی تەواو بوونی هیچ کێشە و گرفتێکی نەتەوەییان نەکردووە، بگرە پا بە پای ئەو ڕەوشە ناهەموارەیان خزمەتیان پێشکەش کردووە، لە ئێستادا وەک گەورەترین شۆڕشی هونەریی دێتە باس لێکردن و ڕۆڵی خۆی بینیوە.

لە دەرەنجامی وەرگێڕان و داڕشتنی بەشی یەکەم و دووەمی ئەم کتێبەدا گەلێک ئەزمونم لە مەڕ هونەرکردنی میللەتانەوە وەرگرتووە، ئەم ئەزمونە لەوە دڵنیای کردم کە ئەگەر میللەتێکی وەکو میللەتی کورد ئەو دیارە هونەرییانەی تیا بەرجەستە بوو، ئەوا بەرەو بەجیهانی بوون دەچێت، بۆ نمونە لە سەرانسەری وڵاتانی جیهاندا گرنگی دراوەتە چۆنێتی بەرهەم نەوەک ژمارەی دانراو ، لێرەدا ئەگەر سەرنج بدەینە ئەم کەم و پوختیە زۆرینەی بەرهەمەکانیانی بەرەو جوانی و نەمری و بەرزی بردووە، زۆرینەی

کۆمپۆزەرە بەناوبانگ و بەتواناکانی جیهان ئەوانەن کە گەشتی هونەریان بەرەو وڵاتانی دنیا زۆر بووە بۆ ناساندنی شاکارەکانیان، کە دواتر بەردەوامی هەبووە و کاریگەریی هەبووە لەسەر دانراوەکانی داهاتویان، دەست گیرۆیی کردنی کۆلێج، پەیمانگا، کۆنسەرڤاتوار، کەنیسە، گرووپی موزیکی جۆراوجۆر و بنکە و مەڵبەندە هونەریەکان هۆکارێکی گەورەی بەگەڕ خستنی توانای ژەنیاران و کۆمپۆزەران بوون و لەهەمان کاتدا هاوکاریەکی تەواوکراون بۆ پێشکەش کردنی بەرهەم و لەچاپدان و بڵاوکردنەوەی، ئەمە وای ڕەخساندوە کە زۆرێک لە موزیکدانەرانی دنیا بە جوانی، هێمنی و ئەوپەڕی سەبر و کاتی تەواوەوە بەرهەمێکیان نووسیوەتەوە و هیچ پەلەیان تیا نەکردووە، ئەگەرچی هەندێک لە شاکارەکانیان بەچەند ساڵێک تەواوکردووە و بۆ هەتا هەتایە ماوەتەوە، بەڵام لە موزیکی ڕۆژهەڵاتدا ژمارەی بەرهەم گەورەترین پێوەرە بۆ ناساندن و چونە پێشەوە کە ئەم بۆچونە ترسناکترین بۆچونە و خراپترین دەرەنجامیشی هەیە.

هیوادارم منیش وەک نەوەیەکی ئەم خاکە ئەو خزمەتانە پێشکەش بکەم کە لە توانا، ئاست و حەزی مندایە و درک بە گرنگی و کاریگەریەکەی دەکەم.

شێوازی داڕشتنی ژیانی ناودارانی ئەم بەشە بەهەمان ڕێچکەی بەشی یەکەمە و سوودێکی زۆرم لەو بەشە وەرگرتووە، لەبەر ئەوەی بەشی یەکەم یەکەمین سەرچاوەی کوردی بووە، لەبەردەستما و کە بۆتە جێی شانازی بۆ من و هیوادارم هەردوو بەشەکە گرنگی خۆی هەبێت . (ناودارانی موزیکی جیهانی - بەشی دووەم) گرنگترین و بەناوبانگترین موزیسیانی نزیکەی پێنج سەدەی جیهانن، لە نزیکەی سەدەی (ناوەڕاست، باروک، کلاسیک، ڕۆمانتیک و مۆدێرن) ژیاون و هەندێکیشیان لە ژیاندا ماون.

شێوەی داڕشتنی کتێبەکە:

1. بە گشتی ناوەڕۆکی کەسایەتیەکانم بەمجۆرە باس کردووە (ژیان و کۆچکردن، خوێندن، ڕێچکەی کارکردن و بەناوبانگترین بەرهەمەکانی) ، بەرهەمەکانیش بریتین لە (کتێبی توێژینەوەی زانستی و مێژووی موزیک و بەرهەمی موزیک لەسەر فۆرمە زانستیە ستانداردەکانی وەکو: سیمفۆنی Symphony، ئۆپرا Opera ، سویت Suite ، کۆنسێرتۆ Concerto ، سۆناتە Sonata، ئۆڤەرچور Overture ، فۆرمە گۆرانی ئامێزەکان Songs Form و .. هتد ... ) .

2. بەرهەمی ئەم ناودارانە بەگشتی لە هەموو جیهاندا بەجۆرێک ناسراوە

و ئەمەشم لە بەدوداچونی سەرچاوەکانەوە بۆ دەرکەوتووە، بۆ نمونە هەندێک دانەر سیمفۆنیەکانیان بە ناوێک بەناوبانگە و هەندێکی بەژمارە یان بە ڕێبەری پەیژە، گرنگە خوێنەر ڕەچاوی ئەو جیاوازیانە بکەن.

3. ئەگەر چاوێک بە مێژووی ناودارانی موزیکی جیهانیدا بگێڕین ژمارەیەکی هێجگار زۆر موزیکژەن، دانەر و مایستڕۆی فەرمی و بەناوبانگ و بەتوانا هەن، کە ڕەنگە بەهۆی پێشکەوتنی زۆر خێرا لە بوارەکانی تەکنەلۆجیای بەرفراوان و پسپۆڕیی لە هونەردا وەک پیشە، ناوبانگی گەلێک هونەرمەندی داهێنەر نەبیستین تاکو بابەتێکی تایبەت پەلکێشمان نەکات بۆ گەڕان بەدوای ئەم دانەرە مۆدێرنانە و پێویستیمان بە ژیان و بەرهەمەکانیان.

4. ئەوەمان لەیاد نەچێت کتێب لەسەر هونەر بەگشتی زۆر شێواز و هەڵبژاردەی جیاوازی هەیە، بۆ نمونە ئەم کتێبە یەکێکە لەو شێوازە جیهانیانەی هەڵم بژاردووە بۆ ناساندنی خێرای موزیسیانانی جیهانی، کتێب هەیە تەنها لەسەر توێژینەوەی شیکاری تاکە هونەرمەندێک یان چەند دانەیەک، کتێب هەیە تەنها باسی لە شێوازی ژیانی هونەری یان کۆمەڵایەتی هونەرمەند کردووە، کتێب هەیە باسی شێوازی ئۆرکێستراسیۆنی یەک هونەرمەندی جیهانی دەکات، واتا هەڵبژاردەکان زۆرن و بابەتەکان دەکرێت لە کتێبی جیاوازدا تایبەتمەند بکرێت و ناکرێت هەموو بابەتەکان لە یەک داڕێژراودا کۆبکەینەوە کە هەندێک بابەتی موزیکیش هەن پسپۆڕی موزیکی تایبەتی خۆی پێویستە و کاری هەموو کەسێک نیە، بۆیە هیوادارم کە بە چاوی ئەو پۆلێنەوە بڕواننە ئەم کتێبە و بەرهەمی دیکەی موزیسیانانی کورد.

داوا لە خوێنەران دەکەم هەر تێبینی و ڕەخنە و پێشنیارێکیان لەسەر ئەم بابەتە هەیە هیوادارم پشت گوێی نەخەن، تاکو بە هەموومان بتوانین لە چاپی داهاتوودا بابەتەکان دەوڵەمەندتر بکەین، بە هیوای ئەوەی توانیبێتم خزمەتێکی بچوک بە فەرهەنگی زانستی موزیکی کوردی بکەم ...

زۆزک قەرەداغی



ژ

ئارسەر سیبۆڵد

Arthur Seybold

( 1948 - 1868 )

ڤایۆلینژە و موزیکدانەرێکی ئەڵەمانیە، ساڵی 1868 لە هامبۆرگ هاتۆتە دنیاوە، کۆرسەکانی ڤایۆلینی لای هونەرمەندان کارل بارگهیر Carl Bar-gheer و جان جۆسیپ بوت Jean Joseph Bott و کۆرسەکانی کۆمپۆزیسیۆنی لای دکتۆر هۆگۆ ڕیمان Dr. Hugo Riemann خوێندوە .

سیبۆڵد وەکو سۆلیست و کۆنسەرماستەری ئۆرکێسترای هامبۆرگ کاریکردووە، هونەرمەند زیاتر وەکو مامۆستایەکی بەناوبانگی ڤایۆلین ناسراوە و ئامۆژگای تایبەتی هەبووە، لە ئەزمونی وانەکانی خۆیدا دوانزە قۆناغی خوێندنی ڤایۆلینی داناوە لە سەرەتاوە تا خوێندنی هونەرمەند.

( The first and easiest studies in the first position تا ( Studies for artists بەناوی قوتابخانەی نوێی خوێندنی ڤایۆلین New Violin Study School کە بەناوبانگترین بەرهەمێتی و پێکهاتووە لەو ڕاهێنانانەی کە ڕۆژانە بە شاگردەکانی وتوە هەندێکی خۆی دایڕشتون و ئەوانی دیکەشی هەڵبژاردەیەکی زانستیە لە ڕاهێنانی کۆمپۆزەرانی تر، وەکو (ئارکانجیلۆ کۆرێلی Arcangelo Corelli ، فیردیناند دەیڤید Ferdinand David، لویس شپۆڕ Louis Spohr ، فرانس ۆڵفارت Franz Wohlfahrt ، لیۆپۆڵد مۆزارت Leopold Mozart ، چارلس بێریوت Charles Beriot ، لامبێرت میرتس Lambert Meerts ، کامپاگنۆلی Campagnoli و مازاس Mazas ، ..... ) .

بەناوبانگترین بەرهەمەکانی :

( 4 کۆنسێرتۆ بۆ ڤایۆلین و پیانۆ ) ، (کۆمەڵێک بەرهەمی ئۆکێسترا و سۆلۆی ڤایۆلین) ، ( ژمارەیەک گۆرانی کەلەپوری بۆ ڤایۆلین و پیانۆ) و ( 12 کتێبی قوتابخانەی خوێندنی ڤایۆلین New Violin Study School ، لە قۆناغی سەرەتاییەوە تا ئیتۆدی هونەرمەند ، ئۆپۆزی – Op 182 ).

سیبۆڵد ساڵی 1948 لە هامبۆرگ کۆچی دوایی کردووە.



ئیگناز پلایل

Ignaz Joseph Pleyel

( 1831 – 1757 )

موزیکدانەرێکی نەمساویە، بەڵام زیاتر وەک موزیسیانێکی فەرەنسی ناسراوە، ساڵی 1757 لە پاریس هاتۆتە دنیاوە، شاگردی هونەرمەندان (هایدنHaydn و ڤانهال Vanhal) بووە. هونەرمەند ساڵی 1783 تا 1792 مایسترۆی ئۆرکێسترای کەنیسەی ستراژبۆرگ بووە ، ساڵی 1795 بە ناونیشان فرۆشیاری دەستنوسی نۆتە لە پاریس نیشتەجێ بووە، 1801 سەرجەم کوارتێتەکان و ساڵی 1802 چوار سیمفۆنی هایدنی بەچاپ گەیاندووە، ساڵی 1807 لە وەرشەی دروستکردنی پیانۆدا کاری کردووە، گەلێک نمونەی بەرزی ئامێری پیانۆی دروست کردووە، موزیکەکانی ئیگناز پلایل کاریگەری تەواوی هونەرمەندان هایدن و مۆزارتی بەسەرەوەیە.

بەناوبانگترین بەرهەمەکانی:

(ژمارەیەکی زۆر بەرهەمی هەمەچەشنە بۆ ئۆرکێسترای سیمفۆنی) ، (یەک کۆنسێرتۆ بۆ ئۆرکێسترا) ، (یەک کوینتێت بۆ ژێدارەکان) ، (یەک کوارتێت بۆ ژێدارەکان) ، (یەک تریۆ بۆ ژێدارەکان) ، (یەک سۆناتەی پیانۆ) و (چەندین ئاواز و میلۆدی) .

پلایل ساڵی 1831 لە پاریس کۆچی دوایی کردووە.



ئێرنیست بلوخ

Ernest Bloch

( 1959 - 1880 )

موزیکدانەرێکی سویسریە، ساڵی 1880 لە جنێف هاتۆتە دنیاوە، لە جنێف لای هونەرمەند (جاک دالکردوز) و لە شاری برۆکسێلیش لای هونەرمەند (یسای Ysaye) و لە فرانکفۆرت لای (کنور)کۆرسەکانی کۆمپۆزیسیۆنی تەواو کردووە.


هونەرمەند لە (1915 تا 1930) لە کۆمەڵێک کۆنسەرڤاتواری جیاوازی ئەمەریکا وانەی موزیکی وتۆتەوە و ساڵی 1938دا چۆتە فەرەنسا و دواتر لە سویسرا وانەبێژیی کردووە، ساڵی 1952 لە زانکۆی موزیکی کالیفۆرنیا دامەزراوە.

موزیکەکانی بلوخ لەسەردەمی خۆیدا زیاتر لە وڵاتانی سویسرا، ئیتالیا، بەریتانیا و ئەمەریکا ناسراوە، بەتایبەتیش ئەمەریکا لەبەر ئەوەی زۆرینەی دانراوەکانی لەوێ نمایش کردووە. موزیکەکانی بلوخ مۆدێرنێکی ئازاد بوو بەخودی خۆی و مۆرکێکی فۆلکلۆریش، تاڕادەیەک ئەمە هۆکارێکی زیندوی ناوبانگی ئەم هونەرمەندەیە لە جیهاندا.

بەناوبانگترین بەرهەمەکانی:

(ئۆپرای ماکبیس Macbeth ، چیرۆکی شکسپیر - 1909) ، (ئۆپرای کۆمیدیی 1910 ) ، (ئۆپرای دەنگ لە بیاباندا) ، (ئۆپرای سکیلۆمۆ Sche-lomo) ، (ئۆپرای سویسرای کەیل - سەرخۆش 183») ، (سیمفۆنی ژمارە یەک «دۆ ماینەر» - 1902) ، (سیمفۆنی ئیسرائیل Israel - 1916) ، (سیمفۆنی بە هاوشانی 2 دەنگی سۆپرانۆ ، 2 ئالتۆ باس) ، (سیمفۆنی بۆ ترۆمبۆن و ئۆرکێسترا - 1954) ، (سیمفۆنی بۆ ترۆمپێت و ئۆرکێسترا - 1955) ، (شلومو 185» بۆ چێلۆ و ئۆرکێسترا ) ، (2 کۆنسێرتۆ گرۆسۆ بۆ ئامێرە ژێدارەکان و پیانۆ : 1925 ، 1952) ، (کۆنسێرتینۆی فوت، ڤیۆلا و ئۆرکێسترای ژێدار - 1950) ، (سیمفۆنی کۆنسێرتات بۆ پیانۆ و ئۆرکێسترا - 1948) ، (کۆنسێرتۆی ڤایۆلین و ئۆرکێسترا - 1938 ) ، (پارچەیەک بۆ ڤایۆلین و ئۆرکێسترا «5 ) ، ( 1939 «Baal Shem کوارتێتی ژێدارەکان 1916 - 1956 ) ، ( 2 کوارتێتی پیانۆ : 1923 ، 1957) ، ( دوو هۆنراوەی ڕابردوو Two Last Poems، بۆ سۆلۆی فلوت و ئۆرکێسترا - 1958 ) ، (یەک سویت بۆ فلوت و ئۆرکێسترای ژێدار - 1956) ، (سویتی ڤیۆلا و ئۆرکێسترا - 1919) ، ( 2 سویت بۆ ڤایۆلینی سۆلۆ - 1958) ، (یەک سویت بۆ ڤایۆلین و پیانۆ - 1951 ) ، ( 3 سویت بۆ سۆلۆی چێلۆ ، 1956 - 1957) ، (یەک سویتی مۆداڵ بۆ فلوت و پیانۆ - 1956 ) ، ( 2 سۆناتەی ڤایۆلین و پیانۆ) ، ( 3 نۆکتۆرن بۆ پیانۆی تریۆ - 1924 ) ، (یەک سۆناتەی پیانۆ - 1935 ) ، (سەمای ساکرێ Danse Sacrée بۆ پیانۆ - 1923 ) ، ( 6 پڕلیود بۆ ئۆرگۆن 1949 ) و (پسومی 22 ، 114 ، 137 ❊ 186» بۆ یەک دەنگ و ئۆرکێسترا ).

بلوخ ساڵی 1959 لە ئاگات بیخ Agate Beach ی ئەمەریکا کۆچی دوایی کردووە.



ئەنریکۆ بواتۆ

Enrico Boito

(1842 – 1918)

موزیکدانەر و شاعیرێکی ئیتالیە، باوکی پەیکەرساز و دایکی (کونتیسە) ڕۆشنبیرێکی پۆڵۆنی بوو. بواتۆ بەهەوڵێکی زۆر تایبەتی لە بواری موزیکدانان و ئەدەبیاتدا لە وادەیەکی زۆر ناهەمواری خێزانەکەیدا بەرەوپێش چووە.

هونەرمەند سەرەتا لە ڕێگەی دانانی چەند پارچە هۆنراوەیەکی لیریکیەوە ناسراوە و دواتر لە پاریس نیشتەجێ بووە، هەر لەوێ موزیکی ئەو ئامێرانەی دۆزیەوە کە لە ئیتالیا لەو سەردەمەدا نەناسراو بووە، ئەمەش دادەنرێت بەیەکێک لە داهێنانە مێژووییەکانی هونەرمەند.

بواتۆ لە ژیانیدا زۆر سوودی وەرگرتووە، لە هونەرمەندان (ڕۆسینی Rossini ، ڤێردی Verdi و بۆدیر Baudelaire ) و گەلێک کاری

هاوبەشیان پێکەوە بەئەنجام گەیاندووە.
بواتۆ ساڵی (1884 - 1897 ) بۆتە سەرۆکی کۆنسەرڤاتواری پارم Parme و ساڵی 1912 وەک سیناتۆری موزیکی هەڵبژێردراوە، موزیکەکانی پڕن لە ئیلهامی ئەدەبی و فەلسەفی ڕۆمانتیکیی.
بەناوبانگترین بەرهەمەکانی:
(ئۆتێلۆ Ottello) ، (فالستاف Falstaff) و (سروودی میللەتان) .
بواتۆ ساڵی 1918 لە میلانۆ کۆچی دوایی کردووە.



ئیۆ بۆدریە

Yves Baudrier

( 1988 - 1906 )

موزیکدانەرێکی فەرەنسیە، ساڵی 1906 لە پاریس هاتۆتە دنیاوە، سەرەتا خوێندنی یاسای تەواو کردووە، بەهەوڵی تایبەتی خۆی فێری موزیک بووە، بەڵام توانیویێتی بگاتە پلەیەکی زانستی و باوەڕپێکراوی بەرز.

بۆدریە ساڵی 1936 لەگەڵ هونەرمەندان (مسیان، لوسور و جۆلیڤیە)دا (کۆمەڵەی گەنجانی فەرەنسا) یان دامەزراندووە، لەم کۆمەڵەیەدا ڕۆشنبیریی هونەر و موزیکی کۆتایی ڕۆمانتیک و هاوچەرخیان لەڕێی کۆرس و بڵاوکردنەوەی توێژینەوە و نامیلکە و کتێبی زانستیەوە بە نەوەی نوێ ناساندووە.

بۆدریە جگە لەوەی وەک ڕۆشنبیرێکی بواری موزیک ناسرابوو، یەکێکیش

بووه له دانه‌ره به‌ناوبانگه‌کانی موزیکی فیلم و له‌م بواره‌دا موزیکی کۆمه‌ڵه فیلمێکی داڕشتوه و شێوازی نزیکه له مۆرکی (برلیوز)ه‌وه، ساڵی 1945 له‌گه‌ڵ « مارسێل ئاربیه «دا ئینستیتیوتی فێربوونی به‌رزی سینه‌مایان دامه‌زراندووه.

به‌ناوبانگترین به‌رهه‌مه‌کانی:

( 2 کوارتێتی ژێداره‌کان) ، (موزیسیانی شار - بۆ ئۆرکێسترای سیمفۆنی) ، (دۆزینه‌وه‌ی ئامێری گه‌وره - بۆ ئۆرکێسترای سیمفۆنی) ، (یه‌ک سیمفۆنی 1945 ) ، (سه‌مای ئۆرکێسترا 1947 Le Musicien dans la cité ) ، (پارچه‌یه‌ک بۆ پیانۆ 1937 La Dame à la licorne ) ، (سه‌مای ئۆرکێسترای: Partition trouvée dans une bouteille 1963- mouvement Symphonique ) ، (پارچه‌یه‌ک بۆ فلوت و پیانۆ Deux Images pour flûte et piano 1938 ) ، (موزیکی فیلمی: ئام، دوو چیرۆکی تریستان کوربییر Tristan Corbiere و کۆشکی بلورین) و ( پارچه‌یه‌ک بۆ ئۆرکێسترا 1936 Raz de Sein ).

بۆدریه ساڵی 1988 له پاریس کۆچی دوایی کردووه.



ئەلیکساندەر بۆرۆدین

Alexandre Borodin

( 1887 - 1833 )

مۆزیکدانەرێکی ڕوسیە، ساڵی 1833 لە سانت پترسبۆرگ هاتۆتە دنیاوە، خوێندنی پزیشکیی تەواو کردووە، وەک و پزیشکی سەربازی و مامۆستای کیمیا کاری کردووە و دواتر چۆتە ناو بواری مۆزیکەوە، لەتەمەنی 29 ساڵیدا وەکو مۆزیسیانێکی ناودار و کۆمپۆزەرێکی قوتابخانەی هاوچەرخی ڕووسی ناوبانگی بڵاوبۆتەوە.

بۆرۆدین ساڵی 1862 هونەرمەند (بالاکیریڤ)ی ناسیوە و زۆر هاوکاری کردووە و بە هاندانی ئەو سیمفۆنی ژمارە یەکی داڕشتوە و ئاشنای کردووە بە (کۆمەڵەی پێنج) مۆزیسیانە ڕوسیەکە و ڕۆڵێکی گرنگیان بینیوە لە

پێشخستنی میلۆدی کەلەپوریی ڕوسی و بەجیهانی کردنی وەک مۆرکێکی ڕەسەنی سەربەخۆ و دوور لە تێکەڵاوبوونی مۆرکی میلۆدی و داڕشتنی ئۆرکێستراسیۆن و بنەمای موزیکی ئەڵەمانی.

بەرهەمەکانی بۆرۆدین سەرجەمیان فۆرمی نایابن و خزمەتێکی بەرچاوە بە موزیکی ڕوسی و موزیکی مۆدێرنی هەموو جیهان، بەڵام لەبەر ئەوەی دوای خوێندنی پزیشکی ڕووە و هونەری موزیک کشاوە و تەمەنێکی زۆری نەبووە و کۆتاییەکانی ژیانی بە نەخۆشی بەسەر بردووە، زۆرێک لە شاکارەکانی لە سەردەمی خۆیدا پێشکەش نەکراون و بەناوبانگترین بەرهەمی ئۆپرای بەناوی (پرنس ئیگۆر یان ئەمیر ئیگۆر) کە لە ساڵی (1849 – 1887) کاری تیا کردووە و تەواو نەبووە، هونەرمەندان (گلازۆنۆف و ڕیمسکی کۆرساکۆڤ) ساڵی 1890 لە سانت پترسبۆرگ تەواویان کردووەو پێشکەش کراوە.

بەناوبانگترین بەرهەمەکانی:

(ئۆپرای «پرنس ئیگۆر») ، (3 سیمفۆنی کە دوو جوڵەی کۆتایی سێهەمین سیمفۆنی هونەرمەند «گلازۆنۆف» تەواوی کردووە) ، ( 2 کوارتێتی ژێدارەکان) ، (یەک کوینتێت بۆ پیانۆ ) ، (یەک تریۆ بۆ پیانۆ) ، (کۆمەڵێک پارچەی پیانۆ) و (چەندین میلۆدی و بەرهەمی زانستی وەک توێژینەوەی شیکایی) .

بۆرۆدین ساڵی 1887 لە سانت پترسبۆرگ کۆچی دوایی کردووە.



ئەندریە بۆکۆریشلیڤ

André Boucourechliev

( 1925 )

موزیکدانەرێکی فەرەنسیە، لە بنەچەدا بولگاریە، ساڵی 1925 لە سۆفیا هاتۆتە دنیاوە، ئەکادیمیای موزیکی سۆفیای تەواو کردووە، ساڵی 1949 چۆتە پاریس، پەیوەندی کردووە بە پەیمانگای ئاسایی موزیک و لای هونەرمەند ڕین جیانۆلی Reine Gianoli کۆرسەکانی پیانۆ و لای جۆرج داندولۆ Georges Dandelot کۆرسەکانی ڕیتمی خوێندوە. هونەرمەند ساڵی ( 1952 – 1960 ) بووە بە مامۆستای پیانۆ لە هەمان پەیمانگادا. بۆکۆریشلیڤ هەر لەو سەردەمەوە هونەرمەندان (لوشیانۆ بیریۆ و برونو مادیرنا)ی ناسیوە و لەگەڵیاندا لە ستۆدیۆی دەنگی میلانۆ کاریان کردووە.

هونەرمەند پەیوەندیەکی بەهێزی هەبوو، لەگەڵ هونەرمەندە گەنجەکانی

ئیتالیا و کۆرسە وەرزیەکانی دارمستاد و لەو دەمەدا، لەگەڵ هونەرمەندان (پیار بولیز Pierre Boulez و بۆریس دو سلوزەر Boris de Schloezer ) پەیوەندی هەبووە و گەلێک کاری هاوبەشیان بەئەنجام گەیاندووە.

بەرهەمەکانی بۆکۆریشلیڤ گوزارشتێکی پڕ مانایە لە وەڵامدانەوەی ژیان و مردن کە فەلسەفەیەکی بەرفراوان لە بۆچونەکانیدا دەبینرێت، هونەرمەند خۆی دەڵێت:

(هەندێک هەست هەیە کە مرۆڤایەتی نابێت پشت گوێیان بخات لە وادەی ئەفراندن و داهێناندا، کە ژیان و مردن کایەیەکی هاوسەنگی ئەو داهێنانەن) .

هونەرمەند ساڵی 1976 خەڵاتی گەورەی موزیکدانانی پاریسی پێبەخشراوە، لەگەڵ ئەوەی کۆمپۆزەرێکی بەناوبانگە ڕەخنەگر و توێژەرەوەیەکی بەتوانای بواری موزیکە.

بەناوبانگترین بەرهەمەکانی:

(سێبەر) ، (دڵسۆزی بۆ بیتهۆڤن) ، (مەنزڵ) ، (لە یادی جان – پیار گیزیک Jean Pierre – Gezec ) ، (ناوی ئۆدیب Oedipe) ، (ئۆریۆن Orion) ، (ئۆلیس Ulysse ) ، ( ئۆریۆن – 3 Orion) ، (سیسەمی سەهۆڵ) ، (کتێبی شومان Schumann ) ، ( کتێبی بیتهۆڤن Beethoven ) و ( کتێبی ستراڤنسکی Stravinski ) .



ئەمیلکار پۆنکیلی
Amilcare Ponchielli
( 1886 - 1834 )

موزیکدانەرێکی ئیتالیە، ساڵی 1834 لە شاری پادیرنۆ فاسۆلارۆ Paderno Fasolaroی ئیتالیا هاتۆتە دنیاوە، لە تەمەنی نۆ ساڵیدا چۆتە کۆنسەرڤاتواری میلانۆ و کۆرسەکانی کۆمپۆزیسیۆنی لای پوچینی Puc-cini و ماسکانی Mascagni خوێندوە، لە تەمەنی 10 ساڵیدا یەکەمین سیمفۆنی داڕشتوە و دوای تەواوکردنی خوێندنی کۆنسەرڤاتوار یەکەمین ئۆپرای داڕشتوە.

هونەرمەند لە ژمارەیەکی زۆر فێستیڤاڵ و ئاهەنگەکانی ئۆرکێسترا و ئۆپرادا بەشداری کردووە و سەرکەوتنی گەورەی بەدەست هێناوە، بەتایبەتی لە ئۆپرادا، چونکە هونەرمەند بەرهەمی دیکەشی زۆر بووە، بەڵام

وەکو کاری ئۆپرا ناوازە و دیار نەبوون، بۆ نمونە کۆنسێرتۆی ترۆمپێت و ئۆرکێسترا، فەنتازیای ئۆرکێسترا و چەند پارچەیەکی ئامێری و دەنگیی.

پۆنکیلی لە ساڵەکانی کۆتایی تەمەنیدا لە کۆنسەرڤاتواری میلان کۆرسەکانی کۆمپۆزیسیۆنی وتۆتەوە و ژمارەیەکی زۆر شاگردی بەتوانای پەروەردە کردووە.

مۆرکی ئۆپراکانی هونەرمەند زیاتر (کۆمیدی comico، میلۆدراما melodramma و درامای لیریکی dramma lirico )ن و لەم میانەدا ناوبانگێکی بەرز و بەرفراوانی هەیە.

بەناوبانگترین ئۆپراکانی:

(پرۆمیسی سپۆسی1856 - I Promessi Sposi بە مۆرکی میلۆدراما) ، (ئایە لیتوانی 1874 - I Lituani بە مۆرکی درامای لیریکی) ، (جیۆکۆندا ماریۆن دولۆرم 1885 - Marion Delorme بە مۆرکی میلۆدراما) ، (بیرتراندۆ دی بۆرمیۆ 1858 - Bertrando die Bormio) ، (لا ساڤواردا 1861 - La Savoiarda بە مۆرکی درامای لیریکی) ، (رۆدرپیگۆ دی گوتی 1863 - Roderigo re dei Goti ) ، (لا گۆکۆدا 1876 - La Gioconda ، بە مۆرکی درامای لیریکی ) ، (ئیل فیگلیۆل پرۆدیگۆ 1880 - Il figliuol prodigo بە مۆرکی میلۆدراما) و (منالی بەهرەمەند) .

پۆنکیلی ساڵی 1886 لە میلانۆ کۆچی دوایی کردووە.



ئەنتوان دو بیرتراند

Antoine de Bertrand

( 1581 – 1530 )

موزیکدانەرێکی فەرەنسیە، ساڵی 1530 لە فۆنتانج Fontanges هاتۆتە دنیاوە و دواتر لە تولوز Toulouse نیشتەجێ بووە.

هونەرمەند پەیوەندیەکی بەهێزی هەبووە، لەگەڵ شانۆنووسی بەناوبانگی ئەو سەردەمە ڕۆبێرت گارنیە و لەڕێگەی ئەمەوە چۆتە ناو دنیای موزیکەوە.

بیرتراد لە ساڵی 1570وە بووە بە موزیکژەن و کۆمپۆزەری چارلس دو بۆربۆن و لە ناو کۆشکەکانیدا ئاهەنگ و کۆنسێرتە موزیکیەکانی گێڕاوە.

هونەرمەند هۆنراوەی زۆرێک لە شاعیرە بەناوبانگەکانی ئەو سەردەمەی

کردۆتە ئاواز بۆ سۆلۆ و کۆرس، بەتایبەتی هۆنراوەکانی (ڕۆنسار Ron-sard ، لاسوس Lassus و جوسکین Josquin ) .

بەناوبانگترین بەرهەمەکانی:

(دڵداریەکانی ڕۆنسار) ، (کۆمەڵێک گۆرانی) ، (زەردەخەنەی ناسک) ، (دڵی ئارام) ، (منی ڕۆچوو لەناو خۆشەویستیدا) ، (دوو چاوی کاڵێ) و (سروشت ئارایشتی خانمە) .

بیرتراند ساڵی 1581 لە تولوز Toulouse کۆچی دوایی کردووە .



ئیلدبراندۆ پیزێتی

Ildebrando Pizzetti

( 1968 - 1880 )

موزیکدانەرێکی ئیتالیە، ساڵی 1880 لە پارما هاتۆتە دنیاوە، خانەوادەکەیان زۆرینەی موزیسیان بوون، هونەرمەند لە کۆنسەرڤاتواری پارما موزیکی سەدەی پانزەهەم و شانزەهەم و شێوازی جیۆڤانی تیبالدینی -Giovanni Tebaldini کە کاریگەرە بە گۆرانیە گریگۆریەکان خوێندوە و لەم میانەدا زۆر شارەزای هونەری پۆلیفۆنیک بووە کاریگەریی هەبووە لەسەر دانراوەکانی.

پیزێتی ساڵی 1907 بووە بە مامۆستای کۆنسەرڤاتواری پارما و سەرۆکی ئینستیتیوتی موزیکال"ی فلۆرەنسا و سەرۆکی کۆنسەرڤاتواری میلان و دواجار لە 1936 بۆتە مامۆستای کۆمپۆزیسیۆنی ئەکادیمیای " سانتا چیچلیا"ی ڕۆم.

هونەرمەند توانی گۆرانی ئیتالی بخاتە ژێر کاریگەریەکی تازەی خۆی و پێشخستنێکی تەندروستی هاوچەرخ بەو شێوازە جوانەی کە لە ڕووی پۆلیفۆنی و هارمۆنیزەی مۆدێرنەوە کاری پێدەکرد، شێوازی کۆمپۆزەرانی هاو سەردەمی خۆی ( بارتوک Bartok ، فایا Falla و دیبۆسی De-bussy ) زۆر بەلاوە جوان و پەسەند بووە.

بەناوبانگترین بەرهەمەکانی:

( 18 ئۆپرا ، بەناوبانگترینیان: ئۆرسێۆلۆ Orsèolo ، دیبورا ئە جاییل Debora a Jaele، لافیگلیا دی جۆریۆ La Figlia di Jorio ، فرا گیراردۆ Fra Gherardo، ئیل کامپییلۆ Il Campiello ، ئاگامیمنون Agamemnon، ڤانا لوپا Vanna Lupa ، مازیپا Mazeppa ، وایل کالزار دارجینتۆ Il Calzare d' Argento و کلینیسترا Clitennestra ) ، ( یەک ڕۆندۆ Rondo veneziano ) ، (ژمارەیەک موزیکی فیلم) ، (ژمارەیەکی زۆر بەرهەمی کۆراڵی) ، (ژمارەیەکی زۆر میلۆدی بۆ ئۆرکێسترا و تاکژەنی) ، (یەک سیمفۆنی) ، (کۆنسێرتۆی هاوین بۆ ئۆرکێسترا) ، (یەک کۆنسێرتۆی هارپ ، می ماینەر – 1960 ) ، (ئاوازەکانی وەرزی درێژ" بۆ پیانۆ و ئۆرکێسترا) ، (یەک کۆنسێرتۆی ڤایۆلین ، لە پەیژەی "لا" 1944 ) ، ( 2 سۆناتەی ڤایۆلین : دۆ ماینەر 1900 ، لە پەیژەی "لا" 1918 – 1920 ) ، ( 2 کوارتێتی ژێدارەکان : لا مێجەر – 1906 ، ڕێ مێجەر 1932 – 1934 ) ، ( 2 تریۆ بۆ پیانۆ: سۆل ماینەر 1900 ، لا مێجەر 1925 ) ، (یەک سۆناتەی پیانۆ – 1942 ) ، ( یەک کۆنسێرتۆی چێلۆ ، لە پەیژەی "دۆ" 1933 – 1934 ) ، (یەک ڕکویم – Messa di Requiem 1922 ) ، (یەک کۆمەڵە مادریگالی پێنج دەنگیی) و (ژمارەیەکی زۆر دانراوی تیۆری دەربارەی توێژینەوەی موزیک و جوانناسی و درام موزیکال) .

پیزێتی ساڵی 1968 لە ڕۆما کۆچی دوایی کردووە.



ئاكیرا تامبا

Akira Tamba

( 1932 )

موزیكدانەرێكی یابانیە، ساڵی 1932 لە یۆكۆهاما Yokohamaهاتۆتە دنیاوە، ساڵی (1953 - 1957 ) بەشی موزیكی كۆلێجی هونەرە جوانەكانی تۆكیۆی تەواو كردووە، بەشداری كۆرسەكانی كۆلێجی نەتەوەیی یۆكۆهامای كردووە.

تامبا ساڵی 1960 چۆتە كۆنسەرڤاتواری پاریس و لای هونەرمەندان (ئۆلیڤیە مسیان Olivier Messiaen و تۆنی ئاوبین Tony Aubin ) كۆرسەكانی كۆمپۆزیسیۆنی خوێندوە، ساڵی 1971 بڕوانامەی دكتۆرای

زانستی موزیکی زانکۆی پاریسی بەدەست هێناوەو نامەی دکتۆراکەی کراوە بە بەشێک لە کۆرسە فەرمیەکانی خوێندی ئەم زانکۆیە .

بەناوبانگترین بەرهەمەکانی:

(یەک سۆناتەی فلوت و پیانۆ) ، ( 5 میلۆدی بەناوی Manyo) ، (هۆنراوەکانی بۆدلیر Baudelaire) ، (سرودی جیهان) و (داوی جالّجالۆکە) .



ئەلیکساندەر تانسمان

Alexandre Tansman

( 1986 - 1897 )

مۆزیکدانەرێکی فەرەنسیە، لەبنەچەدا خەڵکی پۆڵۆنیایە و ساڵی 1897 لە لودز Lodz هاتۆتە دنیاوە. مۆزیکی لە وارشۆ خوێندوە و ماوەیەک لەو شارەدا چالاکی مۆزیکدانانی بەئەنجام گەیاندووە، ساڵی 1919 خەڵاتی مۆزیکدانانی لە پۆڵۆنیا پێبەخشراوە، ساڵی 1921 چۆتە پاریس و دواجار لەوێ نیشتەجێ بووە.

تانسمان لە پاریس لەگەڵ کۆمەڵەی مۆزیسیانانی " مەکتەبی پاریس"پەیوەندی پەیدا کردووە و درێژەی بە کارەکانی داوە، بەتایبەت لەگەڵ هونەرمەندان (مارتینۆ، هارسانی و میهالۆڤیچ) گەلێک کۆنسێرت و فێستڤاڵی مۆزیکیان پێشکەش کردووە.

تانسمان کاریگەریەکی زۆری هونەرمەند ستراڤنسکی بەسەرەوە

بووه، بەتایبەت دوای ئەوەی لە هۆلّیود کاری هاوبەشیان کردووە، لەو سەردەمەوە هونەرمەند ناوبانگێکی بەرفراوانی بەدەست هێناوە بەتایبەتی دوای پێشکەشکردنی شاکارەکانی خۆی و ڕابەرایەتی کردنی بەرهەمەکانی هونەرمەندان (گلوشمانGloschmann ، کۆسیڤیتسکی Kousseviski ، ستۆکۆوسکی Stokowski و تۆسکانینی Toscanini) لە بەناوبانگترین و گەورەترین شانۆکانی جیهاندا.

بەناوبانگترین بەرهەمەکانی:

(5 ئۆپرا، بەناوبانگترینی: 6 ) ، (La nuit kurde باله ، بەناوبانگترینی: Le jardin du paradis ) ، (ژمارەیەک موزیکی شانۆ و ڕادیۆ) ، ( 2 ئۆراتۆریۆ ) ، ( 2 ڕاپسودی بۆ ئۆرکێسترا : 1933 – Rapsodie hé-braïque ، 1940 – Rapsodie polonaise ) ، (9 سیمفۆنی) ، (یەک کۆنسێرتۆی چێلۆ 1963 ) ، (یەک سویت بۆ گیتار Suite in 1962 modo polonico) ، (یەک سویت بۆ سۆلۆی باسون و پیانۆ) ، (یەک کۆنسێرتۆی ڤایۆلین 1937 ) ، (کۆنسێرتۆی ژمارە 2 بۆ پیانۆ 1972) ، (یەک کۆنسێرتۆی ئۆرکێسترا 1954 ) ، (یەک کۆنسێرتۆی ڤیۆلا) ، ( 8 کوارتێتی ژێدارەکان 1917 – 1956 ) و (ژمارەیەکی زۆر میلۆدی بۆ ژێدارەکان) .

تانسمان ساڵی 1986 لە پاریس کۆچی دوایی کردووە.



ئەلیکساندەر نیکۆلاڤیچ چیرپنین
Alexandre Nikolaïevitch Tcherepnine
( 1977 - 1899 )

پیانۆژەن و موزیکدانەرێکی ڕوسیە، ساڵی 1899 لە سانت - پترسبۆرگ هاتۆتە دنیاوە، شاگردی باوکی و " لیادۆف"بووە، ساڵی ( 1921 – 1949) لە پاریس نیشتەجێ بووە، لای هونەرمەند " گدالگ"و " فیلیپ"کۆرسەکانی کۆمپۆزیسیۆنی خوێندوە.

چیرپنین لە ساڵی 1949وە لە ئەمەریکا نیشتەجێ بووە و بۆتە مامۆستای زانکۆی " دوپل De - Paul"لە شیکاگۆ و ساڵی 1967 گەڕاوەتەوە بۆ ڕووسیا.


دانراوەکانی چیرپنین زۆر کاریگەرە بە موزیکی کەلەپووری ڕوسی و موزیکی ڕۆژهەڵاتی و ئەم کاریگەریانەش لەڕێی ئەو گەشتە هونەریانەوەیە

که بۆ (بەڵقان، میسر و فەلەستین) کردوێتی و لە هەست و ناخیە چەسپیوە، مۆرکی دارِشتن و ستایڵیشی نزیک بووە، لە هونەرمەندان (هۆنیگەر Hon-egger ، پرِۆکۆفیڤ Prokofiev ، مارتینۆ Martinu و میهالۆڤیشی Mi-halovici )

بەناوبانگترین بەرهەمەکانی :

( 2 ئۆپرا) ، ( 5 بالە) ، (5 سیمفۆنی) ، ( 5 کۆنسێرتۆی پیانۆ) ، (چەندین پارچەی پیانۆ) و (ژمارەیەکی زۆر میلۆدی) .

چیرپنین ساڵی 1977 لەپاریس کۆچی دوایی کردووە.



ئەمبروز تۆماس

Ambrroise Thomas

(1896 – 1811)

موزیکدانەرێکی فەرەنسیە، ساڵی 1811 لە میتز Metzهاتۆتە دنیاوە، کۆرسەکانی پیانۆی لای (کالکبرنەر Kalkbrenner ) ، ڕیتمی لای (دورین Dourien) و کۆرسەکانی کۆمپۆزیسیۆنی لای (لیوسور Lesueur) خوێندوە.

هونەرمەند ساڵی 1832 خەڵاتی گەورەی موزیکدانانی ڕۆمای بەدەست هێناوە، ساڵی 1851 بووە بە ئەندامی ئینستیتیوتی فەرەنسا و ساڵی 1871 بووە بە سەرۆکی کۆنسەرڤاتواری پاریس.


تۆماس کاریگەریی شێوازی ئیتالی بەسەرەوە بووە، هەوڵێکی زۆری داوە تا لەو مۆرکە دوورکەوتۆتەوە و وەکو کۆمپۆزەرێکی فەرەنسی ناسراوە، تۆماس هەتا کۆتایی ژیانی دژی بەرهەمەکانی کۆمەڵێک کۆمپۆزەری

فەرەنسی بەناوبانگ بووە، وەک ( فرانک Franck ، لالۆ Lalo، بیزیە Bizet و فۆرێ Faure ) .

بەناوبانگترین بەرهەمەکانی:

( 20 ئۆپرا و ئۆپرای کۆمیدیی، بەناوبانگترینیان: مینیون 28“ ، هاملێت 29“ و سەرکردە) ، ( 3 بالیە) ، (یەک ڕکوییم) ، (یەک مس) ، (یەک کانتاتە) ، (یەک مۆتێت) و (ژمارەیەک موزیکی ژێدارەکان) .

ئەمبروز تۆماس ساڵی 1896 لە پاریس کۆچی دوایی کردووە.



ئیریک ساتی

Erik Satie

( 1925 – 1866 )

مۆزیکدانەرێکی فەرەنسیە، ساڵی 1866 لە هونفلور Honfleurی فەرەنسا هاتۆتە دنیاوە، دایکی ئینگلیزیە و ساڵی 1870 کۆچی دوایی کردووە. هونەرمەند ساڵی 1878 قوتابخانەی ئاسایی بەشی ناوخۆیی خوێندوە، خولیایەکی زۆری هەبووە بۆ هونەری مۆزیک، هونەرمەندان (نیدرمایەر Niedermeyer و ڤینۆ Vinot ) دەستیان گرتووە و تاڕادەیەکی باش کۆرسەکانی پیانۆ و بنەماکانی مۆزیکیان لا ئاشنا کردووە، دواتر ساتی چۆتە کۆنسەرڤاتواری پاریس، بەڵام هونەرمەند حەزی بەخوێندنی تایبەتی بووە، دوور لە کۆرسی پەیوەندیدار بە دەوام و خوێندنی یاساییەوە خودی خۆی زۆر هەوڵ و خوێندنەوەی هەبووە و لەم ڕووەوە کەسایەتیەکی ڕۆشنبیر و هونەرمەندێکی بەرز بووە.

هونەرمەند لە بەرهەمەکانی یەکەمیدا گرنگیەکی زۆری هەبووە بۆ ڕۆح و

هەست و زەخرەفەی موزیکی سەدەکانی ناوەڕاست و دواتر زۆر سەرسام بووە بە هاوڕێی بەناوبانگی دیبۆسی Debussy و کاریگەریی زۆری هەبووە لەسەری.


ساتی ساڵی 1905 و لە تەمەنی 38 ساڵیدا بڕیاریداوە خوێندنی کۆمپۆزیسیۆنی بگەیەنێتە ئەوپەڕی کامڵی و بۆ ئەو مەبەستەش چووە بۆ سکۆلا کانتۆروم Schola cantorum و لە پۆلەکەی هونەرمەند ڕۆسیل خوێندویێتی، کە بە بەڵگەی زۆرێک لە فێرخوازە تایبەتیەکانی ڕۆسیل ئەم هاتنەی ساتی وەک ململانێیەک وابووە، چونکە شتی□کی ئەوتۆ نەبووە کە ڕوسیل فێری بکات و ساتی وەک مامۆستاکەی هەموو بابەتەکانی بەوپەڕی ئاشکرا و شیکاری وردەوە زانیوە.

هونەرمەند لە ساڵی (1916)ەوە وەکو مامۆستایەک لەهەموو جیهاندا ناوبانگی بڵاوبۆتەوەو وەکو هاوئاست و ناوبانگی هونەرمەند ستراڤنسکی خوێندراوەتەوەو باشترین و بەناوبانگترین شاکارەکانی لەو سەردەمەوە پێشکەش کراوەن، بەتایبەتی (نۆکتۆرنی پیانۆ و باڵەی پاراد و سوقرات) .

بەناوبانگترین بەرهەمەکانی:

( 3 ئۆپەرێت ) ، ( 5 باڵە ، بەناوبانگترینیان : "پاراد" بە هاوکاری کوکتو و پیکاسۆ لە باڵەی ڕوس 1917 ، مێرکور، دیکۆری پیکاسۆ، 1924 و رولاش، دیکۆری پیکابیا لە باڵەی سویدی 1924 ) ، ( 15 میلۆدی بۆ ئۆرکێسترا) ، (پارچەی"ژیمنوپدی" بۆ پیانۆ بە ئۆرکێستراسیۆنی دیبۆسی) ، (پرلیودی "فلاسک"بۆ پیانۆ) ، (کریپسیۆن ئۆتۆماتیک" بۆ پیانۆ) ، (نۆکتۆرن بۆ پیانۆ) ، (پارچەی وەرزش بۆ پیانۆ) و (قوداسی فەقیرەکان بۆ دەنگی مرۆڤ و چەمپەر ئۆرکێسترا).

ساتی ساڵی 1925 لە پاریس کۆچی دوایی کردووە.



ئەمانوێل نون

Emmanuel Nunes

( 1941 )


موزیكدانەرێكی پورتوگالیە، ساڵی 1941 لە شاری لیشبون Lisbonی پورتوگال هاتۆتە دنیاوە، موزیكی لە ئەكادیمیای موزیكی ئەو شارە خوێندوەو ساڵی 1964 چۆتە كۆنسەرڤاتواری میللی پاریس و لای هونەرمەند مارسیل بۆفیسMarcel Beaufils كۆرسەكانی كۆمپۆزیسیۆنی خوێندوە.

هونەرمەند لە( 1963 - 1965 ) ماوەی دوو ساڵ كۆرسی وەرزیی دارمستادی خوێندوە و دواتر چۆتە كۆڵۆنیا و لای هونەرمەندان (ستۆكهاوسن Stockhausen و پوسور Pousseur )وانەكانی كۆمپۆزیسیۆن و لای (جاپ سپیك Jaap Spek) موزیكی ئەكۆستیكی خوێندوە.

بەناوبانگترین بەرهەمەكانی:

(فیرماتە، بۆ ئۆرکێسترا Fermata, for orchestra 1973 ) ، (ئۆمین Omens ) ، (ناشتمیوزیک Nachtmusik) ، ( ڕوف Ruf ) ، (ئیس ویبت Es Webt) ، (ئۆلدۆرف4 ) ، ( Oedorf 75 بەرهەم بۆ ژێدارەکان 1986 - 1991 ) ، ( فیرماتا Fermata) ، (پلەکان) ، (پێشگا - عتبات - Threshold) ، (سەڵەواتی ئاگر و دەریا) ، (بەرهەمێکی دەنگیی بۆ کۆرس، چوار ئامێری سۆلۆ و ئۆرکێسترا Machina Mundi, for 1991 four instrumental soloists, choir and orchestra ) و ( گەشتی جەستە) .





# ئیتیان نیکۆلا میهول
# Étienne – Nicolas Méhul
# ( 1817 – 1763 )

موزیکدانەرێکی فەرەنسیە، ساڵی 1763 لە شاری جیڤیت Givet هاتۆتە دنیاوە و کۆرسەکانی موزیکی لای ویلهلم هانسەرWilhelm Hanser خوێندوە.

هونەرمەند ساڵی 1778 چۆتە پاریس و لەوێ وەک موزیک دانەرێک ناسراوە، دوای پێشکەش کردنی دانراوەکانی یەکەمی و پێشکەش کردنی (سرودی پیرۆز) کە بووە جێی سەرنجی هونەرمەند گلوک، وەک بڵێین توشی ململانێ (منافەسە) بوون لە کارەکانی داهاتوودا، وەک دوو ئاستی لێک نزیک.

میهول ساڵی 1790 (ئیۆفرۆزینEuphrosine )ی لەسەر شانۆی ئۆپرای کۆمیدی پێشکەش کردووە، سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێناوە.

لە میانی شۆڕشی فەرەنسادا میهول بەشداریی زۆربـەی ئاهەنگە

نیشتمانیەکانی فەرەنسای کردووەو بەناوبانگترین بەرهەمی بۆ ئەو شۆرشە (گۆرانی کۆچکردن) بوو.

مۆزیکەکانی میهول هەستێکی ڕۆمانتیکی هەبوو، ئاسان و ئاست بەرز بوو، لە ڕووی هەست و سۆز و داڕشتنەوە کاریگەری مۆرکی گلوکی بەسەرەوە بووە.

بەناوبانگترین بەرهەمەکانی:

( 29 ئۆپرا، بەناوبانگترینیان: ئاریۆدان و ئەدریان Ariodant and Adrien، جۆزیف – 1807Joseph ، کورە – Cora 1791 ، ئاوتال Uthal ، ئاریۆدانت – Ariodant 1799 ، ستراتۆنیس Stratonice ، جوانە – Joanna 1802 ، هێلینا – Héléna 1803 و ئیراتۆ Irato ) ، ( 6 سۆناتەی پیانۆ : 1783 ، 1788 ) ، ( 2 ئۆڤەرچور – 1794 : Ouverture burlesque و Ouverture pour instruments à vent ) ، ( 6 سیمفۆنی : 1797 – 1810 ) ، ( 2 بالیە : 1793 – Le Jugement de Pâris و La Dansomanie – 1800 ) و ( 5 بەرهەمی دەنگیی : 1794 – Chant du départ ، 1794 – Chant des Victoires ، 1804 – Messe Solennelle pour soli, chœurs et orgue ، 1808 – Chant du retour pour la Grande Armée و 1811 – Chant lyrique pour l’inauguration de la statue de Napoléon ).

میهول ساڵی 1817 لە پاریس کۆچی دوایی کردووە.



ئەندریە میساجیە
André Messager
(1929 - 1853)

موزیکدانەرێکی فەرەنسیە، ساڵی 1853 لەپاریس هاتۆتە دنیاوە، لەتەمەنی حەوت ساڵیدا کۆرسە بەراییەکانی پیانۆی خوێندوە، لەتەمەنی شانزە ساڵیدا چۆتە قوتابخانەی نیدرمایەر Niedermeyerی پاریس و کۆرسەکانی ئۆرگۆنی لای لۆریە Loret و ڕیتمی لای جیگۆ Gigout خوێندوە.

میساجیە لە ساڵی 1874ەوە هونەرمەند فۆرێ Faure ی ناسیوە و پێکەوە لە کەنیسەی سانت - سولبیس Saint - Saens کاری ئۆرگۆنژەنین و موزیکدانانیان بەئەنجام گەیاندوە و دواتر فۆرێ ئەو جێگەیەی پێشکەشی میساجیە کردووە.

هونەرمەند میساجیە ساڵی 1876 خەڵاتی پاریسی بۆ موزیکی شانۆیی دراماتیکی (پڕمیتیە ئەنشینیە Promethee enchaine ) پێبەخشراوە.

پیشەی هونەریی میساجیە بریتی بووە لە:
ڕابەرایەتی کردنی ئۆرکێسترای فولی - بیرجیرFolies - Bergere ، شانۆی ئیدن Eden لە برۆکسێل و ساڵی 1881 بووە بە ئۆرگۆنژەنی کەنیسەی بۆلیس و لویس لە پاریس.
بەناوبانگترین بەرهەمەکانی:
(یەک سیمفۆنی) ، (بالیەی : دوو کۆتر) ، (چۆتە ناو پەرستگاوە) ، (ڤیرۆنیک Veronique) ، (فۆرتونیۆ Fortunio 1907 ) ، (نووسینی پارێزەرەکان ) و ( Passionement 1928 ) .
میساجیە ساڵی 1929 لە پاریس کۆچی دوایی کردووە.



# ئۆسكۆ ميريلانين
# Usko Merilainen
# (2004 - 1930)

موزيكدانەر، پيانۆژەن و مايسترۆيەكى فينلەنديە، ساڵى 1930 لە تامپير Tampere هاتۆتە دنياوە، كۆرسەكانى پيانۆ و كۆمپۆزيسيۆن و مايسترۆى لاى مامۆستايان ميريكانتۆ Merikanto و فانتيك Funtek لە هيلسنكى Helsinki خوێندوە، دواتر چۆتە سويسرا و لاى ڤۆجيل Vogelكۆرسەكانى كۆمپۆزيسيۆنى خوێندوە.

ميريلانين وەكو دانەرى سيمفۆنى بەناوبانگە و لەسەر ياساى دوانزە دەنگيى (دۆديگافۆنى) بە شێوازى (نيو كلاسيك - New Classic ) كارى كردووە.

بەناوبانگترین بەرهەمەکانی:

( 5 سیمفۆنی : 1953 - 1955 ، 1964 ، 1971 ، 1975 -Ala sin, Electronic Symphony و 1976 ) ، (سیمفۆنی ئەکۆستیکی کە ناسراوە بە نیسان) ، ( 2 سۆناتەی پیانۆ) ، (یەک کۆنسێرتۆی پیانۆ و ئۆرکێسترا 1955 ) و (یەک کۆنسێرتۆ بۆ ئۆرکێسترا Aikaviiva 1989 Timeline)) ) .

میریلانین ساڵی 2004 لە فینلەندا کۆچی دوایی کردووە.



ئالویس هابا

Alois Haba

( 1973 - 1893)

موزیکدانەرێکی چیکۆسلۆفاکیە، ساڵی 1893 لە ڤیزوڤیسVizovice هاتۆتە دنیاوە، لە ساڵی 1914ەوە موزیکی لە شاری پڕاگ لای (نوڤاک Novak ) و لە شاری ڤیەننا لای ( شریکەر Schreker ) خوێندوە، هابا لە ساڵی ( 1920 - 1922) لە بەرلین لای هونەرمەند بوسونی Busoni موزیکی (ئەکۆستیک)ی تەواو کردووە.

ساڵی ( 1923 - 1953) بۆتە مامۆستای موزیکی کۆنسەرڤاتواری پـڕاگ و ساڵی ( 1945 - 1961 ) بۆتە مامۆستای کۆمپۆزیسیۆنی ئەکادیمیا پڕگ و زۆرێک لە قوتابیەکانی چیۆسلۆفاکی و یۆگۆسلافی

بوون و کۆرسەکانی کۆمپۆزیسیۆن و مێژووی موزیکی جیهانی وتۆتەوە. موزیکەکانی کاریگەریی شۆنبێرگی بەسەرەوەیە بەتایبەت لە شێوازی بەکارهێنانی یاسای (دۆدیگافۆنی و ئەتۆنالیسم: بریتیە لە دابەش بوونی ئۆکتاڤ بە 24 یا 36 میانەی یەکسان).

بەناوبانگترین بەرهەکانی:

( 3 کوارتێتی ژێدارەکان) ، (ئۆپرای ماتکا 4" – دایک 1929 ) ، (یەک کانتاتە) ، ( یەک پارچەی کۆرس بۆ چینی تینۆر و باس) ، (ستازیوتا 3" بۆ ئۆرکێسترا) ، (ژمارەیەک پارچەی پیانۆ) ، (یەک سویت بۆ کلارینێت) ، (یەک فەنتازی بۆ کلارینێت و پیانۆ) ، (یەک فەنتازی بۆ ڤیۆلا و پیانۆ) ، (یەک فەنتازی چێلۆ و پیانۆ) ، ( 5 سویت بۆ ئۆرکێسترا) ، ( 10 فەنتازی و یەک سۆناتەی پیانۆ) ، ( 2 سویت بۆ گیتار) ، (چەندین میلۆدی بە هاوشانی گیتار) ، (ئۆپرای – سەڵتەنەت تۆ نزیکی لە من – 1935 ) ، (یەک نامە) و ( 6 پارچە بۆ ئامێری هارمۆنیۆم) .

هابا ساڵی 1973 لە پڕاگ کۆچی دوایی کردووە.



ئیلیاس لیڤی هالیڤی

Elias Levy Halevy

( 1862 – 1799 )

موزیکدانەرێکی فەرەنسیە، ساڵی 1799 لە پاریس هاتۆتە دنیاوە، کۆرسەکانی موزیکی لای بیرتۆن Berton و چیرۆبینیCherubini خوێندوە، خەڵاتی گەورەی موزیکدانانی ڕۆمای پێبەخشراوە، پاش تەواوکردنی خوێندن ساڵی 1820 چۆتە ڤیەننا و لەوێوە ژیانی پیشەیی دەستی پێکردووە و سەرقاڵی داڕشتنی ئۆپرای کۆمیدیی و بالیە بووە.

هالیڤی لە ساڵی 1827 ئەو ساڵەی کە هونەرمەندی گەورەی کلاسیک بێتهۆڤن کۆچی دوایی کردووە، بووە بە مامۆستای ڕیتم و کۆمپۆزیسیۆن لە کۆنسەرڤاتواری پاریس. هالیڤی زۆرێک بەرهەمی بەهاوبەشی، لەگەڵ گەورە کۆمپۆزەران (گۆنود Gounod ، ماسیەMasse ، بیزیە Bizet و لوکوک Lecoc) پێشکەش کردوو.

هالیڤی ژمارەیەکی زۆر دانراوی دینی و ئۆپرای هەیە، بەڵام بەناوبانگترین بەرهەمی ئەو کتێبە مێژوویی و زانستیە موزیکیانەن کە لەسەر هونەرمەندان (ئەلێگریAllegri ، لولی Lully، گلوک Glucku مۆزارتMozart ) دایناون.

بەناوبانگترین بەرهەمەکانی:

(ئۆپرای بروسکە) ، (ئۆپرای گیدۆ و جینڤرا Gido and Ginevra) ، ( ئۆپرای شاژنی قوبروس Chypre) ، ( ئۆپرای شارلی شەشەمCharles 6. - ) ، ( ئۆپرای سوارەی شاژن ) و ( ئۆپرای دۆڵی ئەندۆر Andorre) .

هالیڤی ساڵی 1862 لە نیس کۆچی دوایی کردووە.



ئۆجین ییزای

Eugene Ysaye

( 1931 – 1858 )

ڤایۆلینژەن، موزیکدانەر و مایسترۆیەکی بەلچیکیە، ساڵی 1858 لە لییج Liege هاتۆتە دنیاوە، ساڵی 1865 چۆتە کۆنسەرڤاتواری ئەو شارە لای باوکی ماوەی چوار ساڵ کۆرسەکانی ڤایۆلینی خوێندوە، دواتر ییزای چۆتە کۆنسەرڤاتواری برۆکسل و لای هونەرمەند وینیاوسکی Wieniawski کۆرسەکانی کۆمپۆزیسیۆنی خوێندوەو دواتر چۆتە لای ڤیوتانVieuxtemps و ماوەی سێ ساڵیش لای ئەو وانەی موزیکی خوێندوە. ییزای ساڵی 1879 لە بەرلین وەک ڤایۆلینژەن لە ئۆرکێسترای بیسل Bisle دامەزراوە و لەم میانەدا کۆمەڵێک گەشتی هونەری کردووە و هەندێک لە دانراوەکانی لەم ئۆرکێسترایەدا نمایش کراوە، لە (1883 – 1886) لە پاریس نیشتەجێ بووە و ماوەیەک کۆرسەکانی کۆمپۆزیسیۆنی وتۆتەوە، دواتر گەڕاوەتەوە بۆ برۆکسل و ماوەی دوانزە ساڵ لە

کۆنسەرڤاتواری بڕۆکسل مامۆستایەتی کردوەو ساڵی ( 1918 - 1922 ) بووە بە مایسترۆی ئۆرکێسترای (سینسیناتی Cincinnati ) .

موزیکەکانی ییزای مۆرکێکی ڕمانتیکی تازەیە بەرەو هاوچەرخ، وەک شێوازی کۆمپۆزەران: (جۆرج ئینسکۆ Georges Enesco، جاک تیبۆJacques Thibaud و جۆزیف سزیگیتیJoseph Szigeti ) .

بەناوبانگترین بەرهەمەکانی:

(چیرۆکی لاوانەوە بۆ ڤایۆلین و ئۆرکێسترا) ، (ئیتۆدی ڤایۆلین بەناوی Etude Posthume ) ، ( سۆناتە بۆ ڤایۆلین، 1924 ، ئۆپۆز 27 6 ) ، (میدیتەیشن بۆ چێلۆ، ئۆپۆز 15 Meditation ) ، (یەک سۆناتە بۆ سۆلۆی چێلۆ، ئۆپۆز 28 ) ، (چەندین ئیتۆد و ڤایرەیشنی ڤایۆلین) و (چەند بەرهەمێکی جۆراوجۆر بۆ چەمپەر ئۆرکێسترا بەچەند جوڵەیەکی سەربەخۆ) .

ییزای ساڵی 1931 لە برۆکسل کۆچی دوایی کردووە.



ئێرنیست تیۆدۆر ئەمادیۆس هۆفمان
Ernst Theodor Amadeus Hoffmann
( 1822 – 1776 )

موزیکدانەر، ڕابەر، نووسەر و ڕەخنەگرێکی ئەڵەمانیە، ساڵی 1776 لە کوینگسبێرگ هاتۆتە دنیاوە، سەرەتا خوێندنی یاسای تەواو کردووە، دواتر لای هونەرمەند (پۆدبیلسکی Podbielski ) کۆرسەکانی کۆمپۆزیسیۆن و ئۆرگۆنی خوێندوە.

هۆفمان ساڵی ( 1808 – 1813) بووە بە ڕابەری ئۆرکێسترای شانۆی بامبێرگ Bamberg و دواتر درسدن و دواجار ئۆرکێسترای لایپزگ و لە ساڵی 1814 ەوە تا کۆتایی ژیانی لە بەرلین نیشتەجێ بووە.

هۆفمان لەبەر ئەوەی شارەزاییەکی باشی نووسین و ئەدەبیاتی هەبووە توانیوێتی سوودی لێ وەربگرێت بۆ دارشتنی جوانترین ئۆپرا، وەک ئۆپرای (ئۆندین Ondine) کە ساڵی 1816 لە بەرلین پێشکەشی کردووە و سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێناوە، لەم ئۆپرایەوە هۆفمان وەکو کۆمپۆزیتۆرێکی ڕۆمانتیکی دوور لە لاسایی کردنەوە ناسراوە، ( ئۆندین

)بووە یەکێک لە ئۆپرا بەناوبانگەکانی سەدەی ڕۆماتیک، لەو کاتەوە هۆفمان بە تەواوەتی ناسرابوو وەکو کۆمپۆزیتۆرێکی بیر فراوان و نووسەر و ڕەخنەگرێکی جیهانی ناسراوە، کە لەم بوارەدا چەندین توێژینەوەی لەسەر بەرهەمەکانی (بێتهۆڤن Beethoven ، ساشینیSacchini ، مۆزارتMozart ،گلوک Gluck و سپۆنتینیSpontini ) بەئەنجام گەیاندوە و بێتهۆڤن زۆر پشتیوانی هەوڵەکانی کردووە و بەرز نرخاندویێتی.

هۆفمان زۆر سەرسام بووە بە مۆزارت و بێتهۆڤن، هەر لەژێر ئەم کاریگەریەدا درێژەی داوە بە هونەری موزیک لە دوای خوێندنی یاساوە.

بەناوبانگترین بەرهەمەکانی:

( 4 سۆناتەی پیانۆ) ، (یەک سیمفۆنی) ، (یەک موزیکی دینی) ، (بەرهەمێکی کۆراڵی کەنیسە) ، (یەک تریۆی گەورە Grand Trio 1809 ) ، (کۆمەڵێک بەرهەم بۆ ژێدارەکان) ، (کتێبی شێوازی ژەنینی ڤایۆلین) ، (کتێبی ئۆلیمپیا Olimpia) ، ( ژمارەیەکی زۆر میلۆدی) و (نووسین و ڕەخنە و توێژینەوەی موزیکی) .

هۆفمان ساڵی 1822 لە بەرلین کۆچی دوایی کردووە.



ئیگناز مۆشیلیس

# Ignaz Moscheles

( 1794 - 1870 )

پیانۆژەن، موزیکدانەر و مایسترۆیەکی ئەڵەمانیە، ساڵی 1794 لە شاری پڕاگ هاتۆتە دنیاوە، سەرەتاکانی موزیک و پیانۆی لای دیۆنیز ویبەر Dionys Weberخوێندوە و لە تەمەنی چواردەساڵیدا وەکو پیانۆژەنێک ناوبانگێکی فراوانی هەبووە.

هونەرمەند ساڵی (1808 - 1820) چۆتە ڤیەننا و لەگەڵ هونەرمەندان ئەلبریتش بێرگیە Berger Albrechts و سالیری Salieriدا کاری موزیکی کردووە و لەو ماوەیەدا هونەرمەند بێتهۆڤنی ناسیوەو دۆستایەتیەکی پتەو لەنێوانیاندا هەبووە.

مۆشیلیس ساڵی 1824 کۆنسێرتێکی تایبەتی پیانۆی لە بەرلین پێشکەش کردووە و لەو ماوەیەدا هونەرمەند مەندڵسۆنی ناسیوە، هونەرمەند ماوەی بیست ساڵ لە لەندەن نیشتەجێ بووە و لەو ماوەیەدا وەکو ڕێکخەر و سەرپەرشتیاری کۆنسێرت و فێستیڤاڵە فەرمیەکانی ئەو شارە ڕۆڵی گرنگ

و كاریگەری بینیوە، جگە لەوەی وەکو مامۆستایەکی بەرزی موزیکیش چەندین کۆرسی تایبەتی وتۆتەوە.

موزیکەکانی مۆشیلیس مۆرکی ڕۆمانتیکی بەسەرەوەیە، تەواوە کاریگەرە بە شێوازی هونەرمەندان (شومان و برامس).

بەناوبانگترین بەرهەمەکانی:

( 7 کۆنسێرتۆی پیانۆ و ئۆرکێسترا ) ، (سیمفۆنی ئاوت Ut) ، (سۆناتەی پیانۆ) و ( ژمارەیەکی زۆر دانراوی جۆراوجۆر و ئیتۆدی پیانۆ) .

مۆشیلیس ساڵی 1870 لە لایپزگ کۆچی دوایی کردووە.



ئیگۆر مارکیڤیچ
Igor Markevitch
( 1983 - 1912 )

ڕابەری ئۆرکێسترا و موزیکدانەرێکی ڕووسی، ساڵی 1912 لە شاری کییڤ Kiev ی ڕوسیا هاتۆتە دنیاوە، دواتر چۆتە پاریس و پاشان لە سویسرا نیشتەجێ بووە.

هونەرمەند کۆرسەکانی پیانۆی لای هونەرمەندان بۆریس Boris و پاوڵ لویونیە Paul Loyonnet و کۆرسەکانی کۆمپۆزیسیۆنی لای نادیا بۆلانجیە Nadia Boulanger خوێندوە. شێوازی ڕیتمی موزیکەکانی مارکیڤیچ نزیکە لە ڕیتمی هونەرمەند ستراڤنسکی Straviniskiو یەکێک لەو بەرهەمانەی کە ئەم شێوازەی تیا بەرجەستە دەبێت، کارێکی دەنگیە بەناوی هندیمیتHindemith کە لەسەردەمی خۆیدا زۆرێک ڕەخنەی ئاڕاستە کراوە.

هونەرمەند لەسەرەتای هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی دووەمـەوە تا کۆتایی جەنگ 1944 لە ئیتالیا نیشتەجێ بووە و لەو ماوەیەدا وەکو ڕابەری ئۆرکێسترا کاریکردوە و گەلێک شاکاری نایابی خۆی و هونەرمەندانی هاو

سەردەمی پێشکەش کردووە.
مارکیڤیچ ساڵی 1954 لە شاری نیس Nice نیشتەجێ بووە و چەندین ساڵ خەریکی وتنەوەی کۆرسی موزیک بووە، ساڵی 1982 پێش کۆچ کردنی ئینسایکلۆپیدیای سیمفۆنیەکانی بێتهۆڤنی بەچاپ گەیاندوە.
بەناوبانگترین بەرهەمەکانی:
(یەک کانتاتە بۆ سۆپرانۆ، کۆرس و ئۆرکێسترا – Cantate for 1929 soprano, male chorus & orchestra 2 ) ، ( بالیە، بەناوبانگترینی: ڕیبوس – Rébus 1931 ) ، (یەک کۆنسێرتۆی پیانۆ 1929 ) ، (یەک پارتیتا بۆ پیانۆ و چەمپەر ئۆرکێسترا 1930 ) ، (یەک سیمفۆنی فامێجەر – Sinfonietta in F major 1928 ) ، (یەک سویت بۆ پیانۆ – 1925 Noces – suite for piano ) ، ( یەک کۆنسێرتۆی گرۆسۆ 1930) ، (یەک سرینادا بۆ ڤایۆلین، کلارینێت و باسون – 1931 ) ، ( یەک ئۆڤەرچور – 1931 ) ، (ڤایرەیشن و فوگە بۆ پیانۆ لەسەر تیمەی هاندڵ – 1941 Variations, Fugue et Envoi on a Theme of Handel for piano ) ، ( ڤاڵسی کۆنسێرتی بەناوی ( Le Bleu Danube ) لەسەر تیمەی یۆهان شتراوس – 1944
Valse de concert on themes by Johann Strauss ) ، ( ئەڕێنجی 6 گۆرانی هونەرمەند مۆسۆرسکی بۆ دەنگ و ئۆرکێسترا – 1945 ) و ( ئەرێنجی هێندێک پارچەی هونەرمەند یۆهان سباستیان باخ بۆ ترێبڵ ئۆرکێسترا – 1949 ) .
مارکیڤیچ ساڵی 1983 لە شاری ئەنتیب Antibes کۆچی دوایی کردووە.



ئەندریە جۆلیڤیە

André Jolivet

( 1974 – 1905 )

موزیکدانەرێکی فەرەنسیە، ساڵی 1905 لە پاریس هاتۆتە دنیاوە، باوکی نیگارکێش و دایکی پیانۆژەن بووە، ئەمە هاندەرێکی باش بووە بۆ زوو پەروەردە بوونی جۆلیڤیە.

هونەرمەند کۆرسەکانی ڤایۆلینی خوێندوەو لە بواری موزیکدانانیشدا چەند کۆرسێکی سەرەتایی خوێندوەو زیاتر هەوڵی تایبەتی خۆی هەبووە و شێوازێکی ئازادی هەبووە لە ئاهەنگسازیدا. جۆلیڤیە لە ساڵی 1948ەوە دانراوەکانی دەرکەوتوون و ناوبانگێکی باشی ئەکادیمی لە فەرەنسادا بەدەست هێناوە و دواتر چەند گەشتێکی هونەریی کردووە بۆ وڵاتانی ئەوروپا، ئەمەریکا، یەکێتی سۆڤێت و یابان، چەند شاکارێکی خۆی ناساندوە.

هونەرمەند ساڵی 1966 – 1970 دامەزراوە بە مامۆستای کۆمپۆزیسیۆن

له کۆنسەرڤاتواری پاریس و ژمارەیەکی زۆر شاگردی بەهرەمەند و بەتوانای پەروەردە کردووە.

موزیک لای جۆلیڤیە بریتیە لە پەیوەندی لە نێوان جەستە و ڕۆحدا و بەلایەوە گرنگ بووە بەرهەمەکانی پەیوەنیەکی یەکسانی هەبێت بەو بۆچونەوە و زۆر بڕوای بە متمانەی جەماوەر بووە و بە خاڵی سەرکەوتنی هونەرمەندی زانیوەو هەمیشە وتویەتی من بۆ جەماوەر بەرهەم دادەڕێژم، چونکە ئەگەر بۆخۆم بێت من خۆم دەناسم.

بەناوبانگترین بەرهەمەکانی:

( 2 سۆناتەی پیانۆ : 1945 ، 1957 ) ، (ئەندانتێ و ئەداگیۆ بۆ ژێدارەکان Andante and Adagio for Strings ) ، (یەک کوارتێتی ژێدارەکان 1934 ) ، (سویتی کۆنسێرت بۆ چێلۆ 1965 Suite en con- cert for cello ) ، (سویتی کۆنسێرت بۆ فلوت و ئامێرە پێرکەیشنەکان Suite en concert for flute and four percussion instruments 1961 ) ، (یەک سۆناتە بۆ فلوتی سۆلۆ) ، (یەک سۆناتینا بۆ فلوت و پیانۆ ) ، (یەک سۆناتینا بۆ فلوت و چێلۆ) ، (یەک سۆناتینا بۆ فلوت و کلارینێت) ، (یەک سۆناتینا بۆ ئۆبوا و کلارینێت) ، ( 2 سۆناتە بۆ چێلۆ : 1962 ، 1966 ) ، (یەک کۆنسێرتۆ بۆ ترومپێت، ژێدارەکان و پیانۆ 1948) ، (یەک کۆنسێرتۆ بۆ فلوت و پێرکەیشن 1965 ) ، (یەک کۆنسێرتۆی ترومپێت و ئۆرکێسترا 1954 ) ، ( یەک کۆنسێرتۆ بۆ باسون، ژێدارەکان، هارپ و پیانۆ 1954 ) ، (یەک کۆنسێرتۆ بۆ فلوت و ژێدارەکان 1950) ، (یەک کۆنسێرتۆ بۆ هارپ و چەمپەر ئۆرکێسترا 1952 ) ، (یەک کۆنسێرتۆی پیانۆ) ، (یەک کۆنسێرتۆی ڤایۆلین) ، (یەک سیمفۆنی بۆ ژێدارەکان) ، ( 3 سیمفۆنی: 1954 ، 1959 و 1964) ، (یەک سرینادا بۆ 2 گیتار) ، (یەک ڕاپسودی بۆ 7 ئامێری هەوایی تەختەیی و ژێدارەکان Rhapsodie à sept, for seven winds and strings ) ، ( 6 پارچە بۆ پیانۆ Mana 1935 ) ، ( بۆ فلوت، ڤایۆلین، ڤیۆلا، چێلۆ و هارپ 1944) Chant de Linos ، (پارچەی Hymne à l'univers بۆ ئۆرگۆن) ، (پارچەیەک بۆ ئۆرگۆن بەناوی Mandala ) و (چەندین پارچە بە فۆرمی جیاواز بۆ ئۆرکێسترا ، سۆلۆ و دەنگ) .

جۆلیڤیە ساڵی 1974 لە پاریس کۆچی دوایی کردوو.



ئەنتۆن دوڤێرن

Antoine Dauvergne

( 1713 - 1797 )

موزیکدانەر و ڤایۆلینژەنێکی فەرەنسیە، ساڵی 1713 لە مولین Moulins- هاتۆتە دنیاوە، لای باوکی کۆرسەکانی ڤایۆلینی خوێندوە، ساڵی 1741 چۆتە ئۆرکێستی تایبەتی مەلیکەوە و ساڵی 1744 گوازراوەتەوە بۆ ئۆرکێسترای خانەی ئۆپرا.

دوڤێرن ساڵی 1739 یەکەمین دانراوی (سۆناتەی ڤایۆلین و پیانۆ)ی پێشکەش کردووە و ناوبانگێکی بەرفراوانی بەدەست هێناوە، لە ساڵی 1755ەوە کۆمەڵێک پلە و پایەی هونەریی پێبەخشراوە، وەک:

مایسترۆ و کۆمپۆزەری ئۆرکێسترای تایبەتی مەلیک - 1762 ، چاودێر و سەرپەرشتیاری موزیک - 1764 ، بەڕێوەبەری خانەی ئۆپرا 3 جار (

1769 - 1790 ) .

هونەرمەند بەرهەمەکانی بە شێوەی ئیتالی و فەرەنسی داڕشتوە.

بەناوبانگترین بەرهەمەکانی:

( تامپیە Temp) ، (ئینیە و لاڤینی Enee et Lavinie) ، ( کانانت Canente) و (ئاڵوگۆڕ) .

دوڤێرن ساڵی 1797 لە لیۆن Lyon کۆچی دوایی کردووە.



ئەلیکساندەر - کۆنستانتنۆڤیچ گلازۆنۆڤ

Alexandre Konstantinovich Glazounov

( 1936 - 1865 )

موزیکدانەرێکی ڕوسیە، ساڵی 1865 لە سانت پترسبۆرگ و لە خێزانێکی هونەریی گەورە هاتۆتە دنیاوە، لەتەمەنی منداڵیەوە دەستی کردووە بە خوێندنی موزیک لای هونەرمەند ڕیمسکی - کۆرساکۆڤ و دواتر هونەرمەندان (بالاکیرڤ و لیست)کە هۆکاری بەناوبانگ بوونی ئەم هونەرمەندە بوون، لە دەرەوەی شارەکەی و زۆر هاوکارییان کردووە.

گلازۆنۆڤ یەکەمین بەرهەمی کە سیمفۆنی ژمارە یەک بوو، لەتەمەنی شانزە ساڵیدا دایڕشتوە و بەسەرپەرشتی هونەرمەند بالاکیرڤ ئۆرکێسترا پێشکەشیان کردووە، بە پێشکەش کردنی ئەم سیمفۆنیە هونەرمەند ناوبانگێکی جەماوەریی بەرفراوانی بەدەست هێناوە، وەک کۆمپۆزەرێکی هەرزەکاری پڕ توانای هاوچەرخی ڕووسی ناسراوە.


گلازۆنۆڤ ساڵی (1906 – 1917)بۆتە بەڕێوەبەری کۆنسەرڤاتواری سانت – پترسبۆرگ و لە ساڵی 1928ەوە ڕووسیای بەجێ هێشتوە و وەکو ڕابەرێکی ئۆرکێسترا گەشتی هونەریی کردووە، بۆ ئەوروپا و ئەمەریکا و دواجار لە پاریس گیرساوەتەوە.

گلازۆنۆڤ یەکێکە لە بەناوبانگترین کۆمپۆزەرە ڕووسیەکانی ئەمڕۆ و یەکێکە لە گەورە موزیکدانەرانی هاو ئاستی ڕیمسکی – کۆرساکۆڤ و ژمارەیەک دانراوی نایاب و پڕ هەست و هەندێکجار مۆرکی نەتەوایەتی تیا بەرجەستە دەبێت، هونەرمەندێکی بەئاگابوو لە هەموو گۆڕانە لەناکاوەکانی ناو بواری موزیک و موزیکدانان و دانراوەکانی هەمیشە لە پێشەوەی گۆڕانە تازەکانەوە بووە.

بەناوبانگترین بەرهەمەکانی:

( 8 سیمفۆنی) ، (3 بالیە) ، (یەک پۆیم سیمفۆنی) ، (یەک ئۆڤەرچور) ، ( 2 کۆنسێرتۆی ڤایۆلین) ، ( 2 کۆنسێرتۆی پیانۆ) ، (یەک کۆنسێرتۆ بۆ چێلۆ، ساکسیفۆن و فلوت) ، ( 7 کوارتێتی ژێدارەکان) ، (ژمارەیەکی زۆر پارچەی پیانۆ) و (20 میلۆدی بۆ ئۆرکێسترای قەبار جیاواز) .

گلازۆنۆڤ ساڵی 1936 لە پاریس کۆچی دوایی کردووە.



ب

## بۆریس بلاچەر
## Boris Blacher
## ( 1903 – 1975 )

موزیکدانەریکی ئەڵەمانیە، ساڵی 1903 لە نیوژوانگ Niuzhuangی چین هاتۆتە دنیاوە و ساڵی 1922 لە بەرلین جێگیر بووە، زانستی ماتماتیک و ئەندازیاریی خوێندوە، ساڵی 1924 کۆرسەکانی کۆمپۆزیسیۆنی لای فریدریک ئیرنست کوخ Friedrich Ernst Koch خوێندوە.

هونەرمەند ساڵی 1938 بووە بە مامۆستای کۆمپۆزیسیۆن لە کۆنسەرڤاتواری دارمستاد و ساڵی 1948 لە میوزیکوشسکول

Musikochschuleی بەرلین لەسەر هەمان پیشەی بـەردەوام بووە، ساڵی 1953 لە دوای خانەنشینی هونەرمەند" ورنراک" بۆتە بەڕێوەبەری قوتابخانەی بەرزی موزیکی بەرلین.

بلاچەر لە موزیکداناندا پشتی بە هیچ قوتابخانەیەکی هونەریی نەبەستوە و شێوازێکی ئازادانەی هەبووەو نزیک بووە لە (نیوکلاسیک)ەوە.

بەناوبانگترین بەرهەمەکانی:

(4 ئۆپرا : ڕۆمیۆجولێت Romeo et Juliette ، دیمیتەر -Deme
ter و ئیڤۆن Yvonne ) ، (بالیەی هاملێت 1949 Hamlet ) ، (بالیەی
لیزیستراتا 1950 Lysistrata ) ، (بالیەی تریستان 1965 Tristan)
، (یەک کۆنسێرتۆی ڤایۆلین - 1948 ) ، (نۆکتۆرنی دراماتیک بۆ دەنگ
و ئۆرکێسترا) ، (یەک سیمفۆنی، ئۆپۆز 12 - 1938 ) ، (یەک کوارتێتی
ژێدارەکان ، ژمارە 2 - 1940) ، ( 2 کۆنسێرتۆی پیانۆ 1952 ) ، (یەک
کۆنسێرتۆی ڤیۆلا، ئۆپۆز 48 - 1954 ) ، (ڤایرەیشنی ئۆرکێسترا بە تیمەی
"پاگانینی" Orchestral Variations on a Theme by Paga- 1947
nini ) ، (پارتیتا ئۆپۆز 30" بۆ ژێدارەکان و پێرکەیشن) و (دیڤێرتیمینتۆ
ئۆپۆز 29 بۆ ترومپێت ، ترۆمبۆن و پیانۆ و کوارتێتی ژێدار) و (پۆیم
سیمفۆنی بۆ فول ئۆرکێسترا - 1974) .

بلاچەر ساڵی 1975 لە بەرلین کۆچی دوایی کردووە.



بۆهوسلاڤ مارتینۆ

## Bohuslav Martinů

( 1959 - 1890 )

ڤایۆلینژەن و موزیکدانەرێکی چیکۆسلۆڤاکیە، ساڵی 1890 لە پۆلیشکا Polichka هاتۆتە دنیاوە، کۆنسەرڤاتواری پراگی تەواو کردووە، ساڵی 1913 وەکو ڤایۆلینژەنی ئۆرکێسترای فولهارمۆنیکی چیکۆسلۆڤاکیا کاری کردووە و لەو میانەدا کۆمەڵێک نمایشی سەرکەوتویان لە ئەوروپادا پێشکەش کردووە، هونەرمەند زۆر سەرسام بووە بە دیبۆسی و لەم ماوەیەدا ناسیوێتی و بە بەرهەمەکانی ئاشنا بووە.

مارتینۆ ماوەی 17 ساڵ لە پاریس نیشتەجێ بووە، لەو ماوەیەدا بە چاودێری هونەرمەند ئەلبێرت ڕوسیڵ Albert Roussel بڕوانامەی موزیکدانانی بەدەست هێناوە، ساڵی 1940 و لە وادەی هەڵگیرسانی جەنگی

جیهانی دووەمدا هونەرمەند چۆتە ئەمەریکا و لە زانکۆی پرینستون Princ-eton بە هاوکاریی سێرج کۆسیڤیسکی Serge Koussevitski کاری مۆزیکی بەئەنجام گەیاندوە و هەر لە ئەمەریکادا چوار سیمفۆنی دارشتوەو پێشکەش کراون، مارتینۆ لە ساڵی 1953وە چۆتە ڕۆما و لە نیس Nice و بال Bale نیشتەجێ بووە.

هونەرمەند دادەنرێت بە یەکێک لە گەورە کۆمپۆزەرانی سەدەی بیستەم بە هاوتای هونەرمەند ڤیلا - لوبوس Villa Lobos و میلهاود Milhaud و لە ژیانیدا نزیکەی 400 شاکاری موزیکی نەخشاندوە.

هونەرمەند سێ قۆناغی کارکردنی هەبووە:

1. بەکارهێنانی ڕیتمی سەما چیکۆسلۆڤاکیەکان و پۆلکا و موزیکی جاز.
2. بەرهەمی سیمفۆنی و موزیکی ئامێری و ژوور.
3. مۆرکی نوێی ڕۆمانتیکی بەرەو مۆدێرنە و بابەتی جیاواز لەناو ئۆپرادا.

بەناوبانگترین بەرهەمەکانی:

(کۆڕاڵی ئەفسانەی گەلگامێش 1955 ) ، ( 6 سیمفۆنی مۆدێرن) ، (یەک کۆنسێرتۆی ڤایۆلین) ، (یەک کۆنسێرتۆی چێلۆ) ، (5 کۆنسێرتۆی ئۆبوا و پیانۆ) ، (ئۆپرای کۆمیدی بەناوی "پرد" کە بابەتەکانی تایبەتە بە جەنگ) ، ( 9 کوارتێتی ژێدار) ، (یەک سۆناتەی فلوت) ، ( 2 دەبڵ کۆنسێرتۆ بۆ ئۆرکێسترای ژێدار ، پیانۆ و تیمپانی 1938 ) ، ( ژمارەیەکی زۆر کۆنسێرتۆ گرۆسۆ لەژێر کاریگەری مۆرکی سەردەمی باروک) ، (ژمارەیەکی زۆر پارچە موزیکی کەلەپووری چیکی بە کاریگەری دیبۆسی و ستراڤنسکی) ، (یەک کۆنسێرتۆی هاپسیکۆرد و چەمپەر ئۆرکێسترا) ، (موزیکی فیلمی مەتبەخ بە مۆرکی جاز Cuisine 1927) ، (یەک کوارتێتی پیانۆ) ، (ئۆپرای هەست و سۆزی یۆنانی Opera The Greek Passion ) ، (فەنتازیای ئۆبوا و چەمپەر ئۆرکێسترا) ، (ئۆپرای جولیتا Julietta) ، (ئۆپرای میراندولینا Mi-randolina ) ، (ئۆپرای ئاریان Ariane) ، (موزیکی فیلمی هاوسەرگیریی) ، (ژمارەیەکی زۆر پارچەی ئۆرکێسترای قەبارە جیاواز) و (ژمارەیەکی زۆر پارچەی پیانۆ).

مارتینۆ ساڵی 1959 لە سویسرا کۆچی دوایی کردووە.



بێرنار ڤاگنەر
Bernard Wagenaar
( 1971 - 1894 )

ڤایۆلینژەن، مایسترۆ و موزیکدانەرێکی ئیرلەندیە، ساڵی 1894 لە ئارنهیم Arnhem هاتۆتە دنیاوە، کوڕی هونەرمەند یۆهان ڤاگنەر Jo-han Wagenaarە ، کۆرسەکانی موزیکی لای باوکی و دواتر لە زانکۆی ئوتریخت Utrecht University خوێندوە.

هونەرمەند ساڵی 1920 چۆتە ئەمەریکا و ساڵی 1827 ڕەگەزنامەی ئەمەریکی وەرگرتوە، لە ساڵی ( 1921 - 1923 ) وەکو ڤایۆلینژەن لە ئۆرکێسترای فولهارمۆنیکی نیۆیۆرک کاری کردووە، ساڵی ( 1925 - 1968 ) لە قوتابخانەی جولیار سکول Juilliard School کۆرسەکانی کۆمپۆزیسیۆن و ڤایۆلینی وتۆتەوە.

بێرنار ڤاگنەر خاوەنی مۆرکێکی تایبەت و ناسراوە و تێکەڵە، لەگەڵ مۆرکی نیو کلاسیک
بەناوبانگترین بەرهەمەکانی:
(4 سیمفۆنی : 1920 – 1950) ، (گۆرانی بەیانی) ، (یەک ئۆپرا 1944 ، چەمپەر ئۆرکێسترا ) ، (ئۆڤەرچوری کۆنسێرت Concert Overture) و (ژمارەیەکی زۆر پارچەی ئۆرکێسترا) .
ڤاگنەر ساڵی 1971 لە نیۆیۆرک کۆچی دوایی کردووە.



پ

پیار بولیز

## Pierre Boulez

( 1925 )

ڕابەری ئۆرکێسترا و موزیکدانەرێکی فەرەنسیە، ساڵی 1925 لە مۆنت بریسۆن Montbrison هاتۆتە دنیاوە، لە شاری لیۆن Lyon خوێندنی ماتماتیکی تەواو کردووە، دواتر لە پاریس نیشتەجێ بووە، لە ساڵی 1942ەوە دەستی کردوە بە موزیک و چۆتە کۆنسەرڤاتواری پاریس و لای هونەرمەندان ئۆلیڤیە مسیان Olivier Messiaen و ئەندرێ ڤارابور Andree Varaburg کۆرسەکانی کۆمپۆزیسیۆن و یاسای (دۆدیگافۆنی – دوانزەدەنگیی) خوێندوە.

بولیز لە ساڵی 1954ەوە خانەی موزیکی پاریسی دامەزراندوە ڕۆڵێکی گرنگی بینیوە لە بڵاوکردنەوەی موزیکی مۆدێرن لە فەرەنسادا، بەرهەمەکانی ئەم هونەرمەندە و هونەرمەند ئارنۆڵد شۆنبێرگ ڕۆڵێکی گەورەیان بینیوە لە پێشخستنی موزیکی مۆدێرن لە هەموو جیهاندا، بولیز مایسترۆیەکی بەناوبانگی جیهانیە، لە ساڵی 1958ەوە چۆتە ئێزگەی بادن

بادن Baden-Badenی ئەڵەمانیا و ژمارەیەکی زۆر موزیکی ئەزمونی ئەکۆستیکی لە ستۆدیۆی "کۆڵن"و "میلان" و دواتریش لە ئەمەریکا بەرهەم هێناوە، ئەم کارانەی بولیز کاریگەریەکی نوێخوازانەی گەورەی دروست کردو ژمارەیەکی زۆر لە کۆنسەرڤاتوار و زانستگا و کۆلێجەکان کەوتنە لێکۆڵینەوە لەسەر تۆمارکراوە ئەزمونیە ئەکۆستیکەکانی ئەم هونەرمەندە.

بولیز وەک مایسترۆیەک ژمارەیەکی زۆر بەرهەمی خۆی و گەورە هونەرمەندانی مۆدێرنی جیهانی وەک (گۆستاڤ ماهلەر، ڕیچارد ڤاگنەر)ی ڕابەرایەتی کردووە و ساڵی ( 1971 - 1975) بووە بە ڕابەری ئۆرکێسترای سیمفۆنی (بی بی سی) و هەر لە ( 1971 - 1977 ) بۆتە بەڕێوەبەری هونەریی ئۆرکێسترای فولهارمۆنیکی نیۆیۆرک و لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردووشدا بووە، بە ڕابەری ئۆرکێسترای سیمفۆنی شیکاگۆ.

بەناوبانگترین بەرهەمەکانی:

(3 سۆناتەی پیانۆ) ، (ئاستروکتۆر بۆ 2 پیانۆ) ، ( 2 ئیتۆدی پیانۆ) ، (کتێبی کوارتێت) ، (پۆلیفۆنی ئێکس بۆ 18 ئامێر، 1950 - 1951 ) ، ( Livre pour quatuor بۆ کوارتێتی ژێدار، 1948 - 1949 ) ، (مالارمە، بۆ سۆپرانۆ و ئۆرکێسترا، کە یەکێکە لە جوانترین بەرهەمی مۆدێرن) ، (ئاکلا بۆ ئۆرکێسترای ژێدار) ، (سۆناتینای فلوت و پیانۆ، 1946 ) ، (ڕیپونس Réponsبۆ شەش دەنگ و ئۆرکێسترای ژێدار، 1980 - 1984 ) ، (Dia-logue de lombre double بۆ کلارینێت و ئەلەکترۆنی - ئەکۆستیک ) ، (میمۆریاڵ Mémoriale ...explosante-fixe... Originel بۆ فلوت و نۆ ئامێر 1985 ) ، ( Dérive 2 بۆ یانزە ئامێر - 1988 ) ، ( Rituel in memoriam Maderna بۆ ئۆرکێسترا، 1974 - 1975 ) ، (نۆتەیشن - Notations I-IV بۆ ئۆرکێسترا، 1977 - 1984 ) و (کۆنفرانسێکی تایبەتی لەسەر ئەزمونی ژیانی هونەریی و دنیا بینینی ئێستای سەبارەت بە هونەری موزیک و ئاهەنگسازیی 2004 ) .



پیار ڤاشۆن

Pierre Vachon

(1803 – 1731)

ڤایۆلینژەن و موزیکدانەرێکی فەرەنسیە، ساڵی 1731 لە شاری ئارل Arles ی فەرەنسا هاتۆتە دنیاوە، لەتەمەنی دە ساڵیەوە لە پاریس نیشتەجێ بووە، ساڵی 1756 چۆتە ( کۆنسێرت سپیریتویاڵ Concert Spiri-tuel) و کۆرسەکانی ڤایۆلینی لای (کارلۆ چیابرانۆ Carlo Chiabrano ) خوێندوە و لەوێوە تواناکانی ژەنین و موزیکدانانی لە ڕێی دارشتنی یەکەمین کۆنسێرتۆیەوە دەرکەوتووە.

ڤاشۆن ساڵی 1761 لە لەندەن نیشتەجێ بووە و وەک ڤایۆلینژەن چۆتە ئۆرکێسترای دوکونتی de Conti ، ساڵی ( 1786 - 1798 ) چۆتە

ئەڵەمانیا و بووە بە کۆنسەرماستەر (ڤایۆلینژەنی یەکەم)ی ئۆرکێسترای مەلەکی لە بەرلین و زۆرینەی شاکارەکانیشی لەم ئۆرکێسترایەدا پێشکەش کردووە، ناوبانگێکی بەرفراوانی لە ئەوروپادا بڵاوبۆتەوە.

بەناوبانگترین بەرهەمەکانی:

( 7 سیمفۆنی) ، ( 5 ئۆپرای کۆمیدیی ) ، ( 6 سۆناتە بۆ ڤایۆلین و باسی کۆنتینیۆ

6 ) ، ( basso continuo6 sonatas for violin and تریۆ بۆ دوو ڤایۆلین و باسی کۆنتینیۆ trios for two violins and basso 6 continuo ) و ( 30 کوارتێتی ژێدارەکان، کە زۆر بەناوبانگن و دادەنرێت بە یەکێک لە نمونە بەرزەکانی کوارتێتی ژێداری مێژووی موزیکی کلاسیکی فەرەنسا و بووە بە ڕێچکە و یاسایەکی زانستی).

ڤاشۆن ساڵی 1803 لە بەرلین کۆچی دوایی کردووە.



پیار ماریتان

Pierre Mariétan

(1935 )

موزیکدانەرێکی سویسریە، ساڵی 1935 لە مۆنتیەMonthey هاتۆتە دنیاوە، کۆنسەرڤاتواری جنێفی تەواو کردووە، بڕوانامەی لەسەر گۆرانی گریگۆریی بەدەست هێناوە.

ماریتان ساڵی 1960 چۆتە کۆڵۆنیا و لای هونەرمەند پیار بولیز کۆرسە پێشکەوتوەکانی کۆمپۆزیسیۆنی مۆدێرن و ئەکۆستیکی خوێندوە، ساڵی (1961 - 1963) لای بال کۆمەڵێک کۆرسی بەپێی پێویستی و داواکاریی خۆی خوێندوە، ماریتان ساڵی 1966 لە پاریس نیشتەجێ بووە و کۆمەڵەی(توێژینەوە و ئەدای موزیکیی)دامەزراندوە.

لە ماوەیەکی ژیانیدا زۆر گوێی لە موزیکی میللەتانی جیاواز گرتووە


و گەلێک تاقیکردنەوە و توێژینەوەی لەم بارەیەوە بەئەنجام گەیاندوە، بەتایبەتی لە بابەتی موزیکی شاریی، وەکو: مۆنتیە، کۆلۆنیا، پاریس و بۆن، ئەم ئەزمونانەی لە سالآنی 1980 بەردەوامە و بەمە بۆتە خاوەن ڕێچکەیەکی سەربەخۆی مۆدێرن، هونەرمەندێکە بەوە ناسراوە کە بەرهەمی کەم و ناوازەی پێشکەش کردووە.

بەناوبانگترین بەرهەمەکانی:

(لە ماوەی کۆتاییدا، زۆرێک لە کۆمپۆزیتۆرەکان دەڵێن بەم داڕشتنەی ڕێچکەی سەردەمەکەی گۆڕی بەرەو دنیایەکی نوێ) ، (مەنەوێت بۆ چەمپەر ئۆرکێسترا - 1964 ) ، (سیستەمێک بۆ پیانۆ - 1968 Systèmes, for piano ) ، (پارچەیەک بۆ فلوت، ڤیۆلا و کۆنتراباس - 1961 Passages I–III, for viola and cello ) ، ( پارچەیەک بۆ سۆلۆی ڤیۆلا - 1961 Ersatz, for solo viola ) ، (پارچەیەک بۆ 21 ئامێر - 1961 Expo-sés I–II, for 21 instruments ) ، (پارچەیەک بۆ ژێدارەکان - 1971 Interfaces, for strings ) ، (پارچەیەک بۆ 7 ئامێری فرانج هۆڕن - 1975 De par ce fait, for 7 horns ) ، (پارچەیەک بۆ 8 ئامێر - 1976 Dinstant en instant, for 8 instruments ) ، ( پارچەیەک بۆ 6 ئامێر و 2 کۆمپیوتەر - 1986 Transmusique I à V, for 6 in-struments and 2 computers ) ، (پارچەیەک بۆ کوارتێتی ژێدارەکان و ئامێری ئەلەکترۆنی - 1992 Paysmusique 2, for string quartet and electronics ) (موزیکی ڕادیۆفۆنیک 1996 Le bruit court, radiophonic music ) و (سۆناتەی فلوت و هاپسیکۆرد - 1996 Bruissant et sonnant, for flute and harpsichord ).

ماریتان لە ئێستادا لە ئەکادیمیای پاریس وانـەی کۆمپۆزیسیۆن دەڵێتەوە.





پیار هێنری

Pierre Henry

( 1927 )

موزیکدانەرێکی فەرەنسیە، ساڵی 1927 لە پاریس هاتۆتە دنیاوە، کۆمپۆزەرێکی گەورەی موزیکی ئەکۆستیکە، شاگردی هونەرمەندان (مسیان و نادیا بۆلانژە)بووە.

هونەرمەند ساڵی 1949 لە ستۆدیۆی ئازمایشی " ئێزگە و تەلەفزیۆنی فەرەنسا" کاری موزیکی کردووە، لەم ستۆدیۆیەدا لەگەڵ هونەرمەند "پیار شیفەر"دا شێوازێکی نوێیان بەخشیە دەنگ و بووە داهێنانێک و بە " موزیکی وێنەیی"ناوبانگی دەرکرد.

موزیکی هێنری زۆر بێ وێنە بوو، کە تەواوی شاکارەکانی بە موزیکی

" ئەلکترۆئەکۆستیک "بەناوبانگە.

هێنری لەساڵی (1950 – 1958) بوو بە سەرۆکی (کۆمەڵەی موزیکی هەستی)و دواتر یەکێک بووە لە دەستەی دامەزرێنەری ستۆدیۆی (ئاپسوم Apsome) کە یەکەمین ستۆدیۆی تایبەت بووە، بە موزیکی ئەلەکترۆنی و ئەکۆستیک و لەوێوە ناوبانگێکی بەرفراوانی بەدەست هێناوە.

بەناوبانگترین بەرهەمەکانی:

(کیلدکس Kylde) ، (سەفەر 1962 ) ، (پشکنین) ، (پێکەوەژیان) ، (شاژنی سەوز) ، ( سیمفۆنی پیاوی تەنها، بەهاوکاری هونەرمەند پیار شیفەر 1950 ) ، (موزیکی شانۆ و فیلم) ، (مسی ئەلەکترۆنی 1967) ، (ڤایرەیشن " بالیە 1963) و (موزیکی بالیە) .



پاسکال دوساپین
Pascal Dusapin
( 1955 )

موزیکدانەرێکی فەرەنسیە، ساڵی 1955 لە شاری نانسی Nancy ی فەرەنسا هاتۆتە دنیاوە، هەر لەو شارەدا ئەکادیمیای موزیک و دواتر هونەری شێوەکاری تەواو کردووە.

دوساپین کۆرسەکانی کۆمپۆزیسیۆنی لای هونەرمەند ئیانیس کریناکیس Iannis Xenakis و فرانکۆ دوناتۆنی Franco Donatoni خوێندوە.

دوساپین وەکو مامۆستایەکی بەرزی موزیک لە تەمەنی 30 ساڵیدا ناوبانگێکی فراوانی لە ئەوروپادا بڵاوبۆتەوە، ساڵی (1981 – 1983) لە شاری ڤیلا میدیشی Villa Medicis ی ڕۆما کۆرسە وەرزیە تایبەتەکانی کۆمپۆزیسیۆنی وتۆتەوە، ساڵی ( 1993 – 1994) وەکو کۆمپۆزەرێک لە ئۆرکێسترای نیشتیمانی دی

لیۆن بەرهەمی داڕشتوە و بەشداری فێستیڤاڵە جیهانیەکانی کردووە.
دوساپین یەکێکە لە مامۆستا و کۆمپۆزەرە بەناوبانگەکانی موزیکی مۆدێرنی فەرەنسی و گەلێک بەرهەمی کاریگەر و سەرنج ڕاکێشی داڕشتوە، لە ژیانی هونەریدا گەلێک خەڵاتی بەنرخی پێبەخشراوە، وەکو (دیوگاردن Dugardin بۆ موزیک دانان – 1979 ، خەڵاتی موزیکدانان و پەروەردەکاری ئەکادیمیای هونەری دیس بیکس – 1993 ، خەڵاتی کۆمەڵەی ڕەخنەگرانی هونەر – 1993 ، خەڵاتی موزیکی سیمفۆنی 1994 – Sacem ، خەڵاتی گەورەی وەزارەتی ڕۆشنبیری فەرەنسا بۆ موزیک – 1995 و خەڵاتی ئۆرکێسترای نیشتیمانی لیۆن بۆ کۆمپۆزەران 1998“ Victoire و 2002“ ).
بەناوبانگترین بەرهەمەکانی:
(یەک کۆنسێرتۆی پیانۆ 2002 – A Quia ) ، (یەک کۆنسێرتۆی کلارینێت 1991 – Aria ) ، (یەک کۆنسێرتۆی چێلۆ 1996 – Celo) ، (یەک ڕکویەم بۆ فلوت و ئۆرکێسترای ژێدار 1998 – Galim ) ، (یەک کۆنسێرتۆی فلوت ”1980 – 1981“ L’Aven ) ، (یەک کۆنسێرتۆ بۆ ترۆمبۆن 1994 – Watt ) ، (پارچەیەک بۆ ڤایۆلین و 15 موزیکژەن 1996 – –Quad, ‘In memo‘riam Gilles Deleuze ) ، (یەک کوینتێتی بڕاس 1991 – ) ، ( Stanze 5 کوارتێتی ژێدارەکان : 1982 – 1996 ، ناوچە کاتیەکان – Time Zones 1997 ، 1993 ، 1989 و 2004 – 2005 ) ، ( 2 تریۆ: Rombach بۆ پیانۆ و ڤایۆلین، کلارینێت و چێلۆ 1997 و Instantanés بۆ دوو کلارینێت و 3 چێلۆ 1980 ) ، (هەڵکەوتوو – Sly بۆ کوارتێتی ترۆمبۆن 1987 ) ، ( موزیکی هەڵهاتوو Musique fugitive بۆ تریۆی ژێدارەکان 1992) ، ( Neuf Musiques pour بۆ کلارینێت، ترۆمبۆن و چێلۆ 1989 ) ، ( Attacc بۆ 2 ترومپێت و تیمپانی 1991) ، ( Ohé بۆ کلارینێت و چێلۆ 1996 ) ، ( کەم کەم 23 ) ، ( 1986 – Poco a poco بەرهەمی دەنگیی کە هەندێکیان ئۆپران یان گۆرانی ئاسایی، لەگەڵ شێوازی هەمەجۆری ئامێر بەندی وەک دوێت، تریۆ، کوارتێت، کوینتێت و ئۆرکێسترا، بەناوبانگترینیان: یادی بێدەنگیی، ئیگیتۆرIgitur ، باش چڕین – Lumen1997 ، کاتTimee ، ئاهەنگ، موزیکی دیل – ئەسیر، ئاڤین Aven ، ئاناکۆلوت Anacoluthe 1987 –، ئاکس Aks 1987 ، چنگ – Fist ، مامۆ Momo 2002 و تری سکالینی Tre Scalini) .




## پاوڵ هۆفهایمەر
## Paul Hofhaimer
## ( 1537 - 1459 )

ئۆرگۆنژەن و موزیکدانەرێکی بەناوبانگی نەمساویە، ساڵی 1459 لە ڕادستاد Radstadt هاتۆتە دنیاوە، موزیکی لای باوکی و ئۆرگۆنژەن جاکۆب ڤۆن گراز Jakob von Grazخوێندوە.

هونەرمەند یەکێک بووە، لە ئۆرگۆنژەنە بەتواناکانی سەردەمەکەی لە نەمسا و ناوەڕاستی ئەوروپا، لە ساڵی ( 1490 - 1519 ) گەلێک کۆنسێرتی موزیکژەنین و موزیکدانانی پێشکەش کردووە و سەرکەوتنی گەورەی بەدەست هێناوە و لای گەورە دەسەڵاتدارانی وەک (ماکسیمیلیان، ئەشیدۆق سیگیسمۆند و فریدریکی سێهەم) ئۆرگۆنی ژەنیوە.


هۆفهایمەر کەسایەتیەکی تایبەت بووە، کۆمەڵایەتی بوو، وەکو مامۆستایەکی بەتوانا و ناسراو لە زۆرێک شار و وڵاتانی ئەوروپا کۆرسی موزیکی وتۆتەوە، یەکێک بووە لە کەسە شارەزاکانی دروستکردنی ئامێری

ئۆرگۆن.

بەناوبانگترین بەرهەمەکانی:

(ژمارەیەکی زۆر پارچەی هەمەچەشنە بۆ ئۆرگۆن، کە لە ئێستادا ژمارەیەکی زۆر کەمی ماونەتەوە) ، (لیدی پۆلیفۆنیک) و (کۆمەڵێک بەرهەمی شاعیرانە).

هۆفهایمەر ساڵی 1537 لە سالسبۆرگ کۆچی دوایی کردووە.




ت

تۆماس کرکیون

Thomas Crequillon

( 1557 – 1505 )

موزیکدانەرێکی سەدەی ڕێنیسانس Renaissanceی فەرەنسیە، ساڵی 1505 لە لە نێوان فیلیمینک Flemish فەرەنسادا هاتۆتە دنیاوە، مامۆستای کۆرس و موزیکدانەری کەنیسەی (چارلی پێنجەم)و ئەندامی شورای (نامور ، تریمۆند و بتون) و ئەندامی قوتابخانەی موزیکی هۆڵەندا Netherlands school of Music بووە، زۆرینەی شاکارەکانیشی هەر لەم شارە پارێزراون و لەچاپ دراون. یەکێکە لە دانەرە ناسراوەکانی ئاوازی مۆتێت و مۆرکی موزیکەکانی نزیکە لە هونەرمەند پالسترینا Palestrinaوە و لە

فەرەنسا و هۆڵەندا  ناوبانگی جەماوەریی گەورەی هەبووە.
بەناوبانگترین بەرهەمەکانی:
( 112 مۆتێت) ، ( 16 مس لە 4 ، 5 و 6 دەنگیی) و (نزیکەی 200 ئاواز و گۆرانی) .
ساڵی 1557 لە هۆڵەندا کۆچی دوایی کردووە.



تور ڕانگستڕۆم

Ture Rangstrom

( 1947 – 1884 )

دانەرێکی سویدیە، ساڵی 1884 لە ستۆکهۆڵم هاتۆتە دنیاوە، کۆرسەکانی کۆمپۆزیسیۆنی لە میونخ لای (فایتسنەر) خوێندوە، هونەرمەند (ئیستریندبێرگ)ی هونەرمەند مامۆستای مەعنەوی ڕانگستڕۆم بووە، هەمیشە نمونەی باڵای بووە، گەورەترین سیمفۆنی بەناوی (ئیستریندبێرگ)ەوەیە، جگە لەوە لە بەناوبانگترین ئۆپرای بەناوی (کرۆنبرۆدن) سوودی لەم هونەرمەندە وەرگرتووە.

موزیکەکانی ڕانگستڕۆم سەرەتا مۆرکی ئیمپرسیۆنیسمی فەرەنسی بووە، دواتر شێوازێکی تایبەتی خۆی دەرخستوە داهێنەرێکی مۆرکی موزیکی سویدی هەبووە.

بەناوبانگترین بەرهەمەکانی:

( 3 ئۆپرا ، بەناوبانگترینی : کرۆنبرۆدن) ، (4 سمفۆنی) ، (چەندین سویت سیمفۆنی) و ( 200 میلۆدی بێ وێنە) .

ڕانگستروم ساڵی 1947 لە ستۆکهۆڵم کۆچی دوایی کردووە.



تۆماسۆ ئەنتۆنیۆ ڤیتالی

Tomaso Antonio Vitali

( 1745 – 1663 )

موزیکدانەر و ڤایۆلینژەنێکی ئیتالیە، ساڵی 1663 لە بۆلۆگنا Bolognaی پۆڵۆنیا هاتۆتە دنیاوە، برای هونەرمەند (جیوڤانی پاتیێستا)یە ، سەرەتا تیۆری موزیک و ژەنین لای باوکی فێر بووە و دواتر کۆرسەکانی کۆمپۆزیسیۆنی لای ئەنتۆنیۆ ماریا پاچیۆنۆ Antonio Maria Pacchioni خوێندوە.

هونەرمەند ئەندامی ئۆرکێسترای دوک مودن بووە و دواتریش بووە بە ڕابەری ئۆرکێستراکە و کۆرسی موزیکی وتۆتەوە.

ڤیتالی بە موزیکی (چایکۆن) ناسراوە و ئەم بەرهەمەی زۆر بەناوبانگە بۆ سۆلۆی ڤایۆلین و چەمبەر ئۆرکێسترا نووسیوێتی، یەکێکە لە بەرهەمە ناوازە و سەنگینەکانی سەردەمی باروک لەڕووی (ناسکی، تەکنیک،

هارمۆنیزە و کۆنتراپۆینت) .
بەناوبانگترین بەرهەمەکانی:
(سۆناتەی 2 ڤایۆلین و بەیسی بەردەوام – کۆنتینیۆ ، یان بۆ 2 ڤایۆلین و چێلۆ و بەیسی کۆنتینۆ ) ، (کۆمەڵێک دانراو بەناوی – کۆنسێرتۆ سۆناتە بۆ ڤایۆلین، چێلۆ و کلاوسن) و (چەندین پارچەی ڤایۆلین، بەناوبانگترینی – چایکۆن 102"- بۆ ڤایۆلینی سۆلۆ و بەیسی کۆنتینیۆ)
ڤیتالی ساڵی 1745 لە مودینا Modenaی ئیتالیا کۆچی دوایی کردووە.



جیۆڤانی باتێستا ڤیوتی

Giovanni Battista Viotti

( 1824 - 1755 )

ڤایۆلینژەن و موزیکدانەرێکی ئیتالیە، ساڵی 1755 لە فۆنتانیتو داپو Fontanetto da Po هاتۆتە دنیاوە، کۆرسەکانی کۆمپۆزیسیۆنی لای پوگنانی Pugnani و ڤایۆلینی لای کۆرێلی Corelli خوێندوە، ڤیوتی دوایین شاگردی ئەم هونەرمەندە بووە.

ڤیوتی ساڵی ( 1775 - 1780 )وەکو ڤایۆلینژەن لە ئۆرکێسترای تورین Turin کاری کردووە لەم دەرفەتەوە گەشتی هونەریی بۆ وڵاتانی ئەوروپا کردووە، هەندێک لە بەرهەمەکانی ناساندوە، بەتایبەتی لە پاریس وەکو باشترین ڤایۆلینژەنی سەردەمی کلاسیک ناسراوە، تا چەند ساڵێکیش دوای کۆچ کردنی یەکەم ئەستێرەی ڤایۆلین بووە، دوای بەدەست هێنانی

ناوبانگێکی بەرفراوان لە پاریس لای ماری - ئەنتۆنیت -Marie – Antoi-nette و ئەمیر ڕوهان - گیمینیە Rohan – Guemenee کاری ژەنین و موزیکدانانی کردووە، ساڵی 1792 چۆتە لەندەن و دواتر هامبۆرگ و ساڵی 1818 چۆتەوە پاریس و ساڵی 1821 وازی لە کارەکەی هێناوە و چوار ساڵی کۆتایی ژیانی لە لەندەن نیشتەجێ بووە.

ڤیوتی دادەنرێت بە دروستکەری قوتابخانەی فەرەنسی بۆ ژەنینی ڤایۆلین لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم و زۆرینەی بەرهەمەکانی بۆ ڤایۆلین نووسیوە، لەدوای کۆچکردنیەوە تا ئێستا ساڵانە لە ئیتالیا فێستیڤاڵی ڤیوتی بەڕێوە دەچێت بۆ پێشبڕکێی ژەنیاری تازە و بەتوانا.

بەناوبانگترین بەرهەمەکانی:

( 29 کۆنسێرتۆی ڤایۆلین) ، ( 10 کۆنسێرتۆی پیانۆ) ، ( 2 سیمفۆنی) و (یەک دەبڵ کۆنسێرتۆ بۆ 2 ڤایۆلین و چەمپەر ئۆرکێسترای ژێدار) .

ڤیوتی ساڵی 1824 لە لەندەن کۆچی دوایی کردووە.



جیۆڤانی باتێستا ڤیتالی
Giovanni Battista Vitali
( 1692 – 1632 )

ڤایۆلینژەن و موزیکدانەرێکی ئیتالیە، ساڵی 1632 لە بۆلۆگنا Bolognaی پۆڵۆنیا هاتۆتە دنیاوە، ساڵی 1657 دەستیکردووە بە فێربوونی موزیک و ژەنین لە کەنیسەی "سانت پترۆنیۆ Saint – Petronio"ی پۆڵۆنیا و دواتر هەر لەوێ ماوەتەوە تا ساڵی 1670 ، لە ساڵی 1658ەوە وەکو ڤایۆلینژەنی دووەمی ئۆرکێسترای ئەم کەنیسەیە کاری کردووە و دواتریش لەم ئۆرکێسترایەدا وەکو کۆمپۆزەر چالاکیەکانی بەردەوام بووە.

ڤیتالی ژمارەیەکی زۆر سۆناتەی دارشتوە و کە پێشبینی دەکرێت کە سەرمەشقی کۆمپۆزەرانی سەدەی خۆی (پۆرسێڵ و کۆرێلی)بوو بێت، لەم میانەدا زانستی بەخشیوەتە فۆرمی سۆناتەی سەردەمی باروک.

بەناوبانگترین بەرهەمەکانی:

( 2 کتێبی سۆناتە بۆ 2 ، 3 ، 4 ، 5 و 6 دەنگیی، ئۆپۆز 5 و 11 ) ،

( ژمارەیەک موزیکی سەمایی بۆ 2 ڤایۆلین و باسی کۆنتینیۆ) ، (چەندین ئۆراتۆریۆ) ، (کۆنسێرتۆ گرۆسۆی ژێدارەکان) ، (چایکۆن بۆ ڤایۆلین و باسی کۆنتینیۆ یان پیانۆ) و (ژمارەیەکی زۆر پارچەی ڤایۆلین ، ڤیۆلا و چێلۆ و بە فۆرمی تۆکاتە و فۆرمە گۆرانی ئامێزەکان و نزیک لە فۆرمی کۆنسێرتۆ، سۆناتە و موزیکی کۆنسێرتی) .

ڤیتالی ساڵی 1692 لە مودینا Modena کۆچی دوایی کردووە.



جان ئابزيل

Jean Absil

( 1974 – 1893 )

ئۆرگۆنژەن و موزیکدانەرێکی بەلچیکیە، ساڵی 1893 لە بونسیکورس Bonsecoursی بەلچیکا هاتۆتە دنیاوە، کۆرسەکانی ئۆرگۆن و کۆمپۆزیسیۆنی لای هونەرمەند ئەلفۆنس ئۆین Alphonse Oeyen خوێندوە.

هونەرمەند دامەزراوە بە ئۆرگۆنژەن لە کەنیسەی بونسیکورس و ساڵی 1913 لە کۆنسەرڤاتواری برۆکسێل کۆرسە پێشکەوتوەکانی کۆمپۆزیسیۆنی تەواو کردووە.

ئابزیل ساڵی 1922 و 1934 خەلاّتی یەکەمی موزیکدانانی ڕۆمای پێبەخشراوە، ساڵی 1934 گەشتی هونەریی کردووە، بۆ پاریس و فەرەنسا و هەندێک لە شاکارەکانی پێشکەش کردووە، ناوبانگێکی جیهانی بەرفراوانی بەدەست هێناوە، بەتایبەتی لەدوای پێشکەش کردنی یەکەم کۆنسێرتۆی پیانۆی، لەم گەشتەی بۆ فەرەنسا و پێشکەش کردنی کۆنسێرت کۆمەڵێک کۆمپۆزەری هاوتا و جیهانی بوونەتە هاوڕێ و هاوکاری، لەوانە: هۆنیگەر Honegger و میلهود Milhaud.

ئابزیل ماوەی شەش ساڵ بووە، بە مامۆستای هارمۆنی و کۆمپۆزیسیۆنی کۆنسەرڤاتواری برۆکسێل و ڕۆڵێکی بەرچاوی گێڕاوە، لە پەروەردەکردنی شاگردە بەتواناکانی و دواتر بانگهێشت کراوە، بۆ وتنەوەی کۆرسی موزیکی لە Chapelle Musicale Reine Elisabeth و قوتابخانەی تایبەتی موزیک لە لەندەن وەکو مامۆستایەکی ئەستێرە ناوبانگی دەرکردووە، ساڵی 1955 کراوە بە مامۆستای ئەکادیمیای زانستی مەلەکی Belgium Royal Academy .

ئابزیل نزیکەی (230) موزیکی جۆراوجۆری داڕشتوە و لە زۆرینەی وولاّتانی دنیا پێشکەش کراون، مۆرکی دانراوەکانی لە سەرەتاوە ڕۆمانتیکی بووە و کاریگەری هونەرمەندان (ڤاگنەر Wagnerو شتراوس Strauss )ی بەسەرەوە بووە، دوای ئەوەی چۆتە پاریس دانراوەکانی بەرەو مۆدێرن هەنگاوی ناوە و نزیکە لە مۆرکی (میهول Milhaud و شۆنبێرگ Schoen-berg )ەوە .

بەناوبانگترین بەرهەمەکانی:

( 5 سیمفۆنی بۆ ئۆرکێسترای گەورە: 1920 ، 1936 ، 1943 ، 1969 و 1970) ، ( 12 سویت سیمفۆنی بۆ سۆلۆ یان دوێت  یا ئۆرکێسترای بچوک) ، ( 3 سۆناتە : بۆ ساکسیفۆنی ئاڵتۆ و پیانۆ  1963 ، ڤایۆلین 1967 و ڤایۆلین و پیانۆ 1970 ) ، ( 3 سۆناتینا : ڤایۆلین و ڤیۆلا 1962 ، پیانۆ 1937 و پیانۆ 1939 ) ، ( 11 ڕاپسودی بۆ ئۆرکێسترا ) ، ( 6 بەرهەمی کۆراڵی و سۆلۆی دەنگ 1935 ) ، (داستانی گۆرانی) ، ( 15 تریۆ 1935 – 1963 ) ، ( 4 کۆنسێرتینۆ : 2 چێلۆ و ئۆرکێسترا 1940 ،  ڤیۆلا و پیانۆ 1964 و ڤیۆلا و ئۆرکێسترای ژێدار) ، (یەک کۆنسێرتۆ گرۆسۆ بۆ کوارتێتی هەوایی و ئۆرکێسترای ژێدار 1944 ) ، (چەند کانتاتایەک) ، ( 3 سەمای بولگاری: بۆ باندی هەوایی 1954 ، فلوت، ئۆبوا، کلارینێت و باسون 1959 و پیانۆ 1964 ) ، ( 7 فەنتازی: ڤایۆلین، ڤیۆلا، چێلۆ و پیانۆ 1939 ، ساکسیفۆنی ئاڵتۆ و باندی هەوایی 1971 ، ساکسیفۆن و پیانۆ 1971 و کلارینێت و پیانۆ 1962 ، کلارینێت و ئۆرکێسترای ژێدار 1962 ) ، ( 3 فەنتازی کۆنسێرتانت Fantaisie Concertante: ڤایۆلین و ئۆرکێسترا 1958 و چێلۆ و کوارتێتی ژێدار 1936 ) ، ( 2 سویتی گەورە بۆ پیانۆ Grane suite: 1944 ، 1962 ) ، ( Jeanne d’Arc  بۆ ئۆرکێسترا 1945 ) ، (یەک ڤاڵس بۆ ئۆرکێسترا 1955 ) ، (یەک کۆنسێرتۆ بۆ فلوت، ڤایۆلین، ڤیۆلا، چێلۆ و هارپی دیاتۆنیک diatonic harp 1939 2) ، ( کۆنسێرتۆی ڤایۆلین و ئۆرکێسترا : 1933 و 1964 ) ، ( 2 کۆنسێرتۆی ڤایۆلین و پیانۆ : 1933 و 1964) ، ( 3 کۆنسێرتۆ بۆ 2 پیانۆ: 1937 ، 1967 و 1973 ) ، ( 2 کۆنسێرتۆی پیانۆ و ئۆرکێسترا: 1937 و 1967) ، (یەک کۆنسێرتۆی ڤیۆلا و پیانۆ 1942) ، (یەک کۆنسێرتۆی ڤیۆلا و ئۆرکێسترا 1942 ) ، (یەک کۆنسێرتۆ بۆ گیتار و ئۆرکێسترای بچوک 1971 ) ، (یەک کۆنسێرتۆ بۆ 2 گیتار 1969 ) ، (یەک کۆنسێرتۆ بۆ ترۆمپێت و پیانۆ 1951 ) ، (یەک بالیە بۆ دەستی ڕاستی پیانۆ 1966 ) ، (یەک بالیە بۆ ساکسیفۆنی ئاڵتۆ، پیانۆ و ئۆرکێسترای بچوک 1971 ) ، ( 2 ڤایرەیشن: ئۆرکێسترای گەورە 1942 ، پیانۆ 1956 ) ، (یەک کوینتێت بۆ فلوت، ئۆبوا، کلارینێت، هۆڕن و باسون 1934 ) ، (Zoo  بۆ کوارتێتی

دەنگیی 1944 ) ، (ژمارەیەکی زۆر پارچەی پیانۆ) و (ژمارەیەکی زۆر میلۆدی و بەرهەمی کۆرس و ژێدار) .

ئابزیل ساڵی 1974 لە برۆکسێل کۆچی دوایی کردووە.



## جان – باپتێست لولی

## Jean – Baptiste Lully

## (1687 – 1632)

گیتارژەن، ڤایۆلینژەن و موزیکدانەرێکی ئیتالیە، ساڵی 1632 لە فلۆرەنسا هاتۆتە دنیاوە و لە پاریس نیشتەجێ بووە، بەهاوکاریی روجیە دو لورین Goger de Lorraine لە ساڵی 1645 – 1652 لای مونت پیسیە Montpesier و کۆشکی مەلیک لویسی چواردەهەم وەکو ڤایۆلینژەن و کۆمپۆزەری موزیکی بالیە کاری کردووە. لولی یەکێکە لە بەناوبانگترین موزیکدانەری سەردەمی باروک و قوتابخانەی ئۆپرا و بالیەی ئیتالی، ژمارەیەکی زۆر شاکاری موزیک و دەنگی مرۆیی داڕشتوە، بەرهەمە دەنگیەکانیشی سەرجەمیان بە هۆنراوەی ئیتالی داڕشتون و زۆرێکی شێوازی کۆمیدیی ئیتالیە، بەڵام هەندێک لە موزیکی سەماییەکانی بە مۆرکی

فەرەنسی دارشتوە بە شێوازی دراماتیکی.
بەناوبانگترین بەرهەمەکانی:
(14 ئۆپرا : Cadmus et Hermione – 1673، Alceste 1674 – ، Thésée 1675 – ، Atys 1676 –، Isis 1677 – ، Psyché 1678 – ، Bellérophon 1679 – ، Proserpine (1680) ، Persée 1682 – ، Phaëton 1683 – ، Amadis1684 – ، Roland 1685 – ، Armide1686 – و "1687 Achille et Polyxène – ئەم ئۆپرایە لە لایەن هونەرمەند پاسیڵ کۆلاس Pascal Collasseەوە تەواو کراوە) ، ( 21 بالیە: 1651 – 1685 ) ، ( 8 بالیەی کۆمیدی: 1663 – 1671 ) ، ( 11 مۆتێتی گەورە : 1660 – 1685 ) و (نزیکەی 60 بەرهەمی جۆراوجۆری دیکە بۆ ئامێر و دەنگ و بالیەی کۆمیدی و ... ) .
لولی ساڵی 1687 لە پاریس کۆچی دوایی کردووە.



جان دیسماس زیلینکا
Jan Dismas Zelenka
( 1745 – 1679 )

موزیکدانەرێکی سەردەمی باروکە، لە شاری ڤیەننا کۆرسەکانی کۆمپۆزیسیۆنی لای هونەرمەند (فۆکس) و لە درسدن لای هونەرمەند (لوتی)خوێندویێتی.

لە ئۆرکێسترای (درسدن)دا ئامێری کۆنتراباسی ژەنیوە، ماوەیەک بەڕێوەبەری موزیک و موزیکدانەری کەنیسە بووە.

موزیکەکانی زیلینکا زۆرینەی فەنتازی بوون بە سبکی باروک و لە پێکهاتەیەکی جوان و دڵڕفێنی کۆنتراپۆینت و میلۆدی کەلەپوریی دایڕشتون.

بەناوبانگترین بەرهەمەکانی:

( 21 مس) ، ( 3 ڕکویم ) ، ( 3 تەدوم ) ، (یەک میلۆدرام لاتین ) ، ( 3 ئۆراتۆریۆی ئیتالی ) ، ( 108 پسوم ) و ( مۆتێت و گەلێک پارچەی دیکە ... ) .

زیلینکا ساڵی 1745 لە درسدن کۆچی دوایی کردووە.



جۆزپە تارتینی

## Giuseppe Tartini

( 1770 - 1692 )

ڤایۆلینژەن و موزیکدانەرێکی ئیتالیە، ساڵی 1692 لە شاری پیران Piranی کۆماری ڤینیسیا هاتۆتە دنیاوە، باوک و دایکی لە سلۆڤینا Slovenia هاتونەتە دنیاوە.

هونەرمەند ساڵی 1709 چۆتە کۆلێجی یاسای زانکۆی پادو Padoue ، ساڵی 1710 لەدوای کۆچی دوایی باوکیەوە بە شێوەیەکی نهێنی خاتوو ئێلیزابێتا پریمازوریە Elisabetta Premazoreی خواستوە، بەم هاوسەرگیریە نهێنیەی ماوەیەک لە کارەکەی دوور خراوەتەوە.


هونەرمەند ساڵی 1921 وەکو ڤایۆلینژەن لە کەنیسەی مار ئەنتۆنیۆس لە پادو دامەزراوە، لە ساڵی ( 1723 - 1726 ) لە پڕاگ لای ئەمیر کینسکی کاری کردووە.

تارتینی ساڵی 1728 ئەکادیمیای موزیکی دامەزراندوە، کۆرسەکانی ڤایۆلین و کۆمپۆزیسیۆنی وتۆتەوە ژمارەیەکی زۆر خوێندکاری بەتوانای ڤایۆلین و موزیکدانانی لە سەرانسەری ئەوروپادا دروست کردووە، وەک: پوگنانی Pugnani ، نومان Naumann ، لاهوسای La Houssaye ، ناردینی Nardini و ... .

بەناوبانگترین بەرهەمەکانی :

(نزیکەی 140 کۆنسێرتۆ، زۆرینە بۆ ڤایۆلین دارشتوە لەنێویاندا 6 کۆنسێرتۆیان تا ئێستا نمونەی بەرزی کۆنسێرتۆی ڤایۆلینی سەردەمی باروکە و نمایش دەکرێنەوە) ، ( نزیکەی 100 سۆناتە بۆ ڤایۆلین و پیانۆ، بەناوبانگترینیان بەناوی: 50 ) ، ( Devil's Trill sonata تریۆ ) ، (تراتاتودیل ئاپوگیتاتور Trattato delle appogiature ) ، (نامەیەک بۆ مادالینت لومباردینی Maddalena Lombardini) و ( ئارت دیل ئارکۆ Arte del Arco ) .

تارتینی ساڵی 1770 لە ساڵی لەدایکبوونی (بێتهۆڤن)دا ، لە پادو کۆچی دوایی کردووە.



جۆرج بیزیە

Georges Bizet

( 1875 – 1838 )

مۆزیکدانەرێکی فەرەنسیە، ساڵی 1838 لە پاریس هاتۆتە دنیاوە، لەسەرەتاوە تا تەمەنی نۆ ساڵی لای باوکی کۆرسە بەرایییەکانی موزیک و ژەنینی خوێندوە، دواتر چۆتە کۆنسەرڤاتواری موزیکی پاریس و کۆرسەکانی پیانۆی لای مارمۆنتل Marmontel و ئۆرگۆنی لای بینوا Benoistو کۆمپۆزیسیۆنی لای زیمەرمان Zimmermann خوێندوە و یەکەمین سیمفۆنی لە ساڵی 1855 و لەتەمەنی حەڤەساڵیدا پێشکەش کردووە. بیزیە ساڵی 1857 خەڵاتی گەورەی پێشبڕکێی موزیکدانانی ڕۆمای بەدەست هێناوە و ناوبانگێکی بەرفراوانی هەبووە هەڵبەتە وەکو موزیکدانەر، پیانۆژەن و ڕۆشنبیرێکی بەتوانا و یەکێکە لە و هونەرمەندانەی بە بەرهەمی کەم و پڕ مانا ناسراوە، زۆر سەرسام بووە بە برلیوز و لیست.

بیزیە ساڵی 1871 بووە بە سەرۆکی خانەی ئۆپرا، ئەمە لەدوای دارشتن و پێشکەش کردنی بەناوبانگترین شاکاری ئۆپرا بۆ شانۆی کۆمیدی (کارمن Carmen ) ، (دجامیلیە Djamileh) و سویتی (لارلیزیان L’Arlesienne ) کە وێنەیەکی بەرزی دراماتیکی هەندێک جار مۆرکی نەتەوایەتی و میلۆدی جۆراوجۆر دەنەخشێنێت.

بەناوبانگترین بەرهەمی هونەرمەند بریتیە لە ئۆپرای کۆمیدی کارمن کە ساڵی 1875 دایڕشتوە و یەکێکە لە گەورەترین ئۆپرای مێژوی موزیکی فەرەنسا و سەردەمی ڕۆماتیکی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم، لە چوار پەردە پێکهاتووە و شێوەی جوڵەی یەکەمی لەسەر بنەمای ئۆپرای ئیتالی دارشتوە و لە هەندێک جێگەشدا موزیکی کەلەپوری سەمای ئیسپانی تیا بەکارهێناوە، تاڕادەیەک کاریگەری ڤاگنەری بەسەرەوەیە بەتایبەتی لە شێوەی بەکارهێنانی ڕستەی لایت مۆتیف (Leitmotif).

بەناوبانگترین بەرهەمەکانی:

( 2 ئۆڤەرچور: Overture in A و 3 ) ، ( Overture Patrie سیمفۆنی: ژمارەیەک دۆ مێجەر 1855 ، ژمارە دوو دۆ مێجەر – ڕۆما Roma و Ode Symphony Vasco de Gama ) ، (یەک سویت سیمفۆنی لە پێنج جوڵە بۆ ئۆرکێسترا ) ، ( 16 پارچەی پیانۆ، وەکو: کابرێش، ڤاڵس، پرلیود، نۆکتۆرن، ڕۆمانس، ڤایرەیشن و ... ) ، (4 مانیفیکا) ، (22 مۆتێت) و ( 27 پارچە موزیک و گۆرانی ) .

بیزیە ساڵی 1875 لە بوجیفال Boigival کۆچی دوایی کردووە.

## جیۆڤانی دا کاشا
## Giovanni da Cascia
## (1270؟ – 1351)

موزیکدانەرێکی ئیتالیە، لە نیوەی سەدەی چواردەهەمدا ژیاوە، ساڵی 1270 لە لادێی کاسیە Casciaی نزیک فلۆرەنسا هاتۆتە دنیاوە، یەکێکە لە بەناوبانگترین موزیکدانەرانی فلۆرەنسا، دەربارەی ژیانی جیۆڤانی زانیاریەکی ئەوتۆ لە سەرچاوە زانستیەکاندا بەدیناکرێت، ئەوەندە نەبێت کە ئەم موزیکدانەرە لەو سەردەمەی خۆیدا وەکو موزیکژەن و کۆمپۆزەر ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە، بەتایبەتی لە نێوان ( 1329 – 1351 ) .

بەناوبانگترین بەرهەمەکانی:

(16 مادریگال بۆ دوو دەنگ: Agnel son bianco ، Appressun fiume chiaro ، Deh, come dolcemente ، Donna già fu ، Fra mille corvi ، In su la ripa ، La bella stella ، Nascoso

el viso ، Nel meço a sei paon ، O perlaro gentil ، O tu, cara sciença ، Per ridda andando ratto ، Più non mi curo Togliendo luna a و ، Quando la stella ، Sedendo allombra laltra ( ، ( 3 پارچە بۆ 2 دەنگ لە شێوازی بالیەدا : Con brachi assai یەک پارچە ( ، ( Per larghi prati و ، Nel bosco sença foglie بۆ 2 دەنگ De soto I verde ( و ( یەک پارچە بۆ یەک دەنگی سۆلۆ Soni multi et ballate ).

دا کاشا ساڵی 1351 لە کاسیە کۆچی دوایی کردووە.



د

## دیمیتری – شۆستاکۆڤیچ
## Dimitri Chostakovitch
## ( 1975 – 1906 )

پیانۆژەن، مایسترۆ و موزیکدانەرێکی ڕوسیە، ساڵی 1906 لە سانت پترسبۆرگ هاتۆتە دنیاوە، لە تەمەنی 13 ساڵیدا چۆتە کۆنسەرڤاتواری لینگراد لای مامۆستا (نیکایف)کۆرسەکانی پیانۆ و لای (شتاینبێرگ و گلازۆنۆف)کۆرسەکانی کۆمپۆزیسیۆنی خوێندوە. هونەرمەند یەکەمین سیمفۆنی لە سەردەمی خوێندنی کۆنسەرڤاتواریدا دایڕشتوە و دووەم سیمفۆنی یەکێکە لە شاکارە بەناوبانگەکانی ساڵی 1927 بۆ ( یادەوەریی

گەورەی شۆڕش ) دایناوە. شۆستاکۆڤیج لە تەمەنی 21 ساڵیدا وەکو مۆزیکدانەرێکی ڕووسی بەناوبانگ ئەدرەوشایەوە لە ئەوروپادا ناسراوە.

هونەرمەند ساڵی 1940 خەڵاتی ستالینی بۆ کوینتێتی پیانۆ و ساڵی 1942 بۆ دارشتنی سیمفۆنی ژمارە 8ی بە ناوی (بەرەنگاریی خەڵکی لینگراد) و ساڵی 1949 بۆ ئۆراتۆریۆی (جەنگەڵ)و موزیکی فیلمی (ڕوخانی بەرلین) پێبەخشراوە.

شۆستاکۆڤیچ ساڵی 1943 بۆتە بەڕێوەبەری کۆنسەرڤاتواری لینگراد و ساڵی 1848 بەڕێوەبەری کۆنسەرڤاتواری مۆسکۆ و بووە بە ئەندامی فەخریی ئەکادیمیای سوید و سانتاچیچیلیای ڕۆما و ئەکادیمیای موزیکی بەرلین.

شۆستاکۆڤیچ موزیکدانەرێکی مۆدێرنی ڕوسیە، شێوازێکی دراماتیکی بەرز و فراوانی هەیە، پڕن لە هەستی نەتەوایەتی و فکرەی سیاسی و کۆمەڵایەتی، لە بەرامبەر توانا و مۆرکدا بەراورد دەکرێت بە هونەرمەند (پرۆکۆفیڤ) و هەردوو هونەرمەندیش دادانرێن بە درێژکەرەوەی شێوازی (بێتهۆڤن، ماهلەر، چایکۆفسکی، گلازۆنۆف و شتراوس) ، هونەرمەند لە سەرەتای ژیانیدا زۆر گرنگی ئەدا بە مۆرکی ڕۆژئاوایی وەک (ئەلبان بێرگ، ستراڤنسکی و هیندیمیت)، بەڵام لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا گوێی لە مۆرکی ڕووسی نەدەگرت.

بەناوبانگترین بەرهەمەکانی:

( 3 ئۆپرا: دەماخ ، قوماربازان و لایدی ماکبێس دو متزانسک Lady Macbeth de Mtzensk ) ، (یەک بالیە) ، (ژمارەیەک موزیکی شانۆ و فیلم، لەوانە: شاخی ئاڵتون، پیاو و ڤینیسیا) ، (15 سیمفۆنی کە لە 1925 – 1972 دایڕشتون) ، (یەک کۆنسێرتۆی پیانۆ، ترومپێت و ئامێرە ژێدارەکان) ، (یەک کۆنسێرتۆی پیانۆ) ، ( 2 کۆنسێرتۆی ڤایۆلین) ، (24 پرلیود بۆ پیانۆ) ، (24 پرلیود و فوگە بۆ پیانۆ) ، (2 سۆناتەی پیانۆ) ، (8 کوارتێتی ژێدارەکان) و (چەندین میلۆدی) .

دیمیتری شۆستاکۆڤیچ ساڵی 1975 لە مۆسکۆ کۆچی دوایی کردووە.



## دۆمینیکۆ سکارلاتی
## Domenico Scarlatti
## ( 1757 – 1685 )

هارپسیکۆردژەن و موزیکدانەرێکی ئیتالیە، ساڵی 1685 لە ناپۆلی هاتۆتە دنیاوە، کۆرسە بەراییەکانی موزیکی لای باوکی خوێندوە دواتر لە ڤینیسیا لای هونەرمەندان پاسکانی Pasquini و گاسپارینی Gasparini کۆرسەکانی هارپسیکۆرد و کۆمپۆزیسیۆنی خوێندوە. سکارلاتی ساڵی 1701 وەکو ئۆرگۆنژەن و موزیکدانەر لە کەنیسەی مەلەکی ناپۆلی دامەزراوە، ساڵی 1702 دوو ئۆپرای دارشتوە و ناوبانگێکی بەرفراوانی بەدەست هێناوە. هونەرمەند لە ساڵی 1709 - 1719 لە ڕۆما ژیاوە لەو ماوەیەدا هاندل Haendel و کۆمپۆزەری ئینگلیزی تۆماس ڕۆزینگراڤ Thomas Roseingraveی ناسیوە و ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە، لە چاپ و

بڵاوکردنەوەی چەندین سۆناتەی سکارلاتی لە بەریتانیادا.
سکارلاتی لە ساڵی 1719ەوە بۆتە سەرۆکی گروپی تەراتیلی مەلیک جوا Joaoی پێنجەم لە لیشبونە Lisbonne لەو ماوەیەدا کۆرسی موزیکیشی کردۆتەوە بۆ فێرخوازان و مناڵانی مەلیک.
سکارلاتی کە ناسراوە بە کۆمپۆزەری ناپۆلی و داهێنەری قوتابخانەی ژەنینی هارپسیکۆرد،  یەکێکە لەو کۆمپۆزەرانەی سەردەمی باروک کە بەرهەمەکانی بونیادی سەردەمی کلاسیکی تیا بەدی دەکرا بە هاوتای هونەرمەند یۆهان سباستیان باخ، زۆرینەی بەرهەمەکانی لە ئیتالیا، ئیسپانیا، بەریتانیا و پورتوگال پێشکەش کراون و کاریگەری مۆرکی کەلەپووری پورتوگالی و ئیسپانی بەسەرەوەیە.
دانراوەکانی هونەرمەند زۆرینەی بۆ هاپسیکۆرد، ئۆرگۆن و پیانۆ و دارشتوە، بەتایبەتی فۆرمی سۆناتە کە میانەکانی فراوان و ڕەنگاو ڕەنگ و چاوەڕوان نەکراون.
بەناوبانگترین بەرهەمەکانی:
(کتێبی ڕاهێنانی هارپسیکۆرد، پێکهاتوە لە 400 ڕاهێنان) ، (600 سۆناتە بۆ هارپسیکۆرد، ئۆرگۆن و پیانۆ) ، (ژمارەیەکی زۆر پارچەی دەنگی لە سۆلۆ و کۆرس و پارچەی گەورەی نزیک بە فۆرمی ئۆپرا و سیمفۆنی، وەک: گیتینۆ Guistino، ئیرین Irene، تولۆمیۆ Tolomeo، ئۆرلاندۆ Or-lando ، ئیفیجینا ئین ئاولید Ifigena In Aulide ، ئیفیجینا ئین توری Ifi-gena In Tauri ، ئامبلیتۆ Ambletto ، دیریندینا  Dirindinaو بیرینیس Berenice ) و (کۆنسێرتۆی گرۆسۆ).
سکارلاتی ساڵی 1757 لە مەدرید کۆچی دوایی کردووە.



دۆمینگۆ ترادلاس

Domingo Terradellas

( 1751 – 1713 )

(دۆمینگۆ ترادلاس) یا (ترادلیاس) موزیکدانەرێکی ئیسپانیە، ساڵی 1713 لە بەرشلۆنە هاتۆتە دنیاوە، کۆرسەکانی موزیکی لای هونەرمەند (دورانتە)خوێندوە و دواتر لە (1732 – 1737 ) کۆنسەرڤاتواری (دی پووری دی جسوکریستۆ)ی ناپۆلی تەواو کردووە، ساڵی ( 1748 – 1751 ) بووە بە مامۆستای موزیک و سەرپەرشتیاری گروپی موزیکی (سانت – جاکۆمۆ ئیسپاگنوئولی )ی ڕۆما. هونەرمەند لە ( 1746 – 1747 ) گەشتی هونەریی کردووە، بۆ لەندەن و پاریس و لەوێ هەندێک لە شاکارەکانی

نمایش کردووه.

ترادلاس زۆرینەی بەرهەمەکانی دینی بوون و شێوازێکی سادە و ساکاری سەدەی باروکی نیشانداوە.

بەناوبانگترین بەرهەمەکانی:

(کۆمەڵێک بەرهەمی دینی بۆ ئامێر و دەنگی مرۆیی) ، ( 2 ئۆراتۆریۆ) و (12 ئۆپرا) .

ترادلاس ساڵی 1751 لە ڕۆما کۆچی دوایی کردووە.



داگ وێرن
Dag Wiren
( 1986 – 1905 )

موزیکدانەرێکی سویدیە، ساڵی 1905 لە ئۆریبرۆ Örebroی سوید هاتۆتە دنیاوە، ساڵی ( 1926 – 1931 ) کۆنسەرڤاتواری ستۆکهۆڵمی تەواو کردووە، ساڵی ( 1931 – 1934 ) چۆتە پاریس و خوێندنی کۆپۆزیسیۆنی تەواو کردووە، لەوێوە بەتەواوەتی وەک کۆمپۆزەرێک ناسراوە و بووە بە جێگری بەڕێوەبەری (کۆمەڵەی موزیکدانەران) و ئەنجومەنی جێبەجێکەری موزیکی ژێداری (فیل کینگن) .

وێرن موزیکدانەرێکی مۆدێرنە و بەرهەمەکانی کاریگەریی (ستراڤنسکی و نیلسۆن)ی بەسەرەوەیە.

بەناوبانگترین بەرهەمەکانی:

(ئۆپرای ڕادیۆفۆنیک) ، ( 5 سیمفۆنی: 1933 ، 1939 ، 1943 ، 1951 و 1964 ) ، ( یەک کۆنسێرتۆی ڤایۆلین 1946 ) ، (یەک کۆنسێرتۆی چێلۆ 1936) ، (یەک کۆنسێرتۆی پیانۆ 1947 - 1950 ) ، (یەک سۆناتە بۆ چێلۆ و پیانۆ، ئۆپۆز 1 ) ، (یەک سۆناتە بۆ 2 چێلۆ و پیانۆ، ئۆپۆز 4 ) ، (کۆنسێرتینۆی فلوت 1972 ، ئۆپۆز 44 ) ، (یەک کوارتێت بۆ فلوت، ئۆبوا، کلارینێت و چێلۆ 1956 ) ، (یەک تریۆ بۆ پیانۆ 1933 ) ، ( 5 کوارتێتی ژێدارەکان : 1929 ، 1935 ، 1945 ، 1952 - 1953 و 1970 ) و (یەک سیرینادا بۆ ژێدارەکان 1937 ، یەکێکە لە شاکارە بەناوبانگەکانی هونەرمەند) .

وێرن ساڵی 1986 لە داندرید Danderydی سوید کۆچی دوایی کردووە.





ڕ

رۆبێرت شومان
Robert Schumann
( 1856 - 1810 )

موزیکدانەرێکی بەناوبانگی ڕۆمانتیکیە، ساڵی 1810 لە شاری زویکۆ Zwicauی ساکس لە خانەوادەیەکی ئەدیب و نووسەر هاتۆتە دنیاوە، شومان وەکو خێزانەکەی سەرەتا شارەزای ئەدەبیات و هۆنراوە بووە، خوێندنی یاسای تەواو کردووە، بەڵام زوو ڕۆچۆتە ناو هونەری موزیک و وانەکانی پیانۆی لای ( ڤیک F. Weick ) و ئۆرکێستراسیۆن و ڕابەرایەتی لای (مۆلەر Muller) خوێندوە و سەرجەم بەرهەمەکانی (باخ)ی ژەنیوە و شارەزای کۆنتراپۆینت و هارمۆنیەکانی بووە.

شومان پیانۆژەنێکی زۆر بەتوانا بووە، ئەمە هۆکارێکی زوو بەرەو پێشچوونی بووە لە بواری موزیکدانان لەگەڵ ئەوەشدا ڕەخنەگرێکی بەتوانای موزیک بووە.
شومان ساڵی 1834 بە هاوکاری دۆستانی گۆڤاری (موزیکی تازە – Neue Zeitschrift fiir Musik )ی دامەزراندوە بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری موزیک دەربارەی: ڕەخنە، هەواڵ، ناساندنی هونەرمەند و نۆتەی دانراو و میتۆدەکان.

شومان لە ساڵی 1840 دا (کلارا ڤیک Clara Wieck)ی خواستوە کە دواتر بە کلارا شومان ناوبانگی دەرکرد، لەبەر ئەوەی ئەم خانمەش بۆتە موزیسیانێکی ناودار و بەتوانا، تا ئەوکاتە شومان هیچ دانراوێکی جدی و دیاری جیهانی بڵاونەکردۆتەوە، بەڵام دوای ئەم هاوسەرگیریە مێژوونوسان ناویان ناوە (ساڵی ئاواز)و شومان بەناوبانگترین بەرهەمەکانی بەدیار کەوتون، ساڵی 1843 چۆتە ئەو کۆنسەرڤاتوارەی کە مەندڵسۆن لە لایپزگ دایمەزراند و لەوێ بووە بە مامۆستای کۆمپۆزیسیۆن.
شومان لە کۆتاییەکانی ژیانیدا توشی نەخۆشی شێتی بوو، زیاتر هۆکارەکەی دەگەڕێنرێتەوە بۆ کۆچی دوایی باوکی و هاوڕێی خۆشەویستی مەندڵسۆن Mendelssohn و شونک Schunk .

بەناوبانگترین شاگردەکانی شومان:
برليوز Berlioz ، برامسBrahms و ڤاگنەرWagner .

فۆرمی بەرهەمەکانی شومان بە تەواوەتی لە ژێر کاریگەریی ڕیتمی ووشەدایە، چونکە هۆنەر و ئەدیبێکی شارەزا بووە، فۆرمی (بەند بەند – Strophic )ی شاعیرانەی هەبووە، کە نزیکەی سەد بەرهەمی بەم شێوازە داڕشتوە، کە ئەم شێوازە تەواو پێچەوانەی شێوازی بێتهۆڤن بووە، ئەگەرچی بەرهەمەکانی دوایی شومان بە قوتابخانەی نوێی کلاسیک بە وێنەی مەندڵسۆن لەقەڵەم ئەدرێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو شێوازە ڕیتمیە لە سۆناتە و سیمفۆنی کۆتاییدا بەدیاردەکەوێت، جگە لەوەش گوزارشتی مۆتیڤی لە موزیکەکانیدا دەبینین و لە میلۆدیشدا پێچەوانەی بێتهۆڤن بووە.

بەناوبانگترین بەرهەمەکانی:

(ئۆپرای گنوا) ، (4 سیمفۆنی، بەناوبانگترینیان: سیمفۆنی بەهار – لە پەیژەی سی بیمۆلی گەورە، سیمفۆنی ڕاین و سیمفۆنی ژمارە 4 لە پەیژەی ڕێ ماینەر) ، (2 سیمفۆنی ناتەواو) ، (3 کوارتێتی ژێدارەکان، ئۆپۆز 44 ) ، (کوارتێتی پیانۆ، ئۆپۆز 47 ) ، ( 3 تریۆ بۆ پیانۆ ، ئۆپۆز 63 ) ، (فەنتازی بۆ کلارینێت و پیانۆ، ئۆپۆز 73 ) ، ( 3 ڕۆمانس بۆ ئۆبوا و پیانۆ ، ئۆپۆز 94 ) ، ( 3 سۆناتە بۆ ڤایۆلین، ئۆپۆز 105 ) ، ( 5 پارچە بۆ چێلۆ و پیانۆ) ، ( 260 لید، بەناوبانگترینیان: ئەڤین و ژیانی یەک ژن، ئەڤینی شاعیر) ، (ئۆراتۆریۆی: بەهەشت و پەری، زیارەتی گوڵی سوور) ، ( 3 کۆنسێرتۆی پیانۆی ناتەواو ) ، (یەک کۆنسێرتۆی پیانۆ، لە پەیژەی لا ماینەر) ، (یەک کۆنسێرتۆی چێلۆ) ، (یەک فەنتازی لە تۆنالیتەی دۆ بۆ ڤایۆلین و ئۆرکێسترا) ، (یەک کۆنسێرتۆی ڤایۆلین، لە پەیژەی ڕێ ماینەر، یەکێکە لەو بەرهەمانەی کە شێوازی تەواوی داڕشتنی شومان دەردەخات) ، (یەک ئیتۆدی سیمفۆنی بۆ پیانۆ، ئۆپۆزی 13 ) ، (یەک پارچەی شانۆی منالان – Kinderscenen بۆ پیانۆ، ئۆپۆزی 15 ) ، (پارچەی: کارنەڤاڵ – Carnaval بۆ پیانۆ، ئۆپۆزی 9) ، (پەروانە یان پەپوولە – Papillons بۆ پیانۆ، ئۆپۆزی 2 ) ، ( هاوڕێیانی داود بۆ پیانۆ، ئۆپۆزی 6 ) ، (کرایسلریانا – Kreisleriana ، بۆ پیانۆ، ئۆپۆزی 16 ) ، (ئەلبومی جوانی بۆ پیانۆ –Album For die Ju-gend ) ، ( ژمارەیەک موزیکی کەنیسە) ، (یەک کۆڕاڵ بۆ دەنگی پیاوان) ، (یەک ڕکویم) و ( 3 سۆناتەی پیانۆ) .

شومان ساڵی 1856 لە ئاندنیخ Endenichی ئەڵەمانیا کۆچی دوایی کردووە.



رۆدۆلف كروتزەر


Rodolphe Kreutzer

( 1831 – 1766 )

ڤایۆلینژەن، مایسترۆ و موزیكدانەریكی بەناوبانگی فەرەنسیە، ساڵی 1766 لە ڤیرسای Versailles هاتۆتە دنیاوە، سەرەتا ڤایۆلینی لای باوكی و دواتر لای هونەرمەند (ئەتۆن شتامیتز  Anton Stamitz) خوێندوە.

كروتزەر لە ساڵی 1795ەوە لە دروستبوونی كۆنسەرڤاتواری پاریسەوە مامۆستا بووە تا ساڵی 1826 ، ساڵی 1798 چۆتە ڤیەننا و بیتهۆڤنی ناسیوە، پاش بینینی یەكێك لە كۆنسێرتە جوانەكانی كروتزەر، بیتهۆڤن سۆناتەی ڤایۆلین و پیانۆی ئۆپۆز 47 ی پێشكەش كردووە. كروتزەر سەرسام بووە بە ڤیوتی Viotti ، ڕودRode  و بایو Baillot كە قوتابخانەیەكی فەرەنسی هاوچەرخی (ڤایۆلین Violin )ن .

بەناوبانگترین بەرهەمەکانی:
(نزیکەی 40 ئۆپرا) ، (چەندین بالیە) ، ( 19 کۆنسێرتۆ و پارچەی زۆر بۆ ڤایۆلین) و ( 42 ئیتۆدی بەناوبانگی ڤایۆلین " études ou ca- 42 prices " کە گرنگترین و بەسوودترین ئیتۆدی ڤایۆلینە لەو سەردەمەوە تاکو ئەمڕۆ فێرخوازانی ڤایۆلین ڕاهێنانی لەسەر دەکەن).
کروتزەر ساڵی 1831 لە جنێف کۆچی دوایی کردووە.



ڕیمسکی – کۆرساکۆڤ
Rimsky – Korsakov
( 1908 – 1844 )

موزیکدانەرێکی ڕوسیە، ساڵی 1844 لە باکوری ڕوسیا هاتۆتە دنیاوە، لە تەمەنی شەش ساڵیەوە دەستی کردووە بە فێربونی پیانۆ، هەر زوو شارەزای دانراوەکانی بیتهۆڤن Beethoven، مۆزارت Mozart ، ئۆڤەرچورەکانی ڤێردی Verdi ، ئاوبیر Auber و سپونتینی Spontini بووە. هونەرمەند ساڵی 1856 چۆتە قوتابخانەی دەریایی و ساڵی 1862 بووە بە ئەفسەری دەریاوانی.

ڕیمسکی – کۆرساکۆڤ بەتەواویی خۆی بۆ موزیک تەرخان کردووە، بە شێوەیەکی جدی کۆرسە پێشکەوتوەکانی پیانۆی لای کانیلا Canilla خوێندوە کە لەم میانەدا شارەزای بەرهەمەکانی (باخ Bach و شومان Schumann ) بووە و دواتر پەیوەندی لەگەڵ هونەرمەند بالاکیریڤ

Balakirevدا پەیدا کردووە.
هونەرمەند ساڵی 1864 یەکەمین پۆیم سیمفۆنی داڕشتوە بەناوی (سادکۆ Sadko) ، هونەرمەند لەم بەرهەمەوە بەتەواوی وەکو کۆمپۆزەرێکی بەتوانا و گەورە ناوبانگێکی بەرفراوانی دەرکردووە، مۆرکی موزیکەکانی زۆرینەی پڕن لە ڕیتم و میلۆدی کەلەپوری ڕوسی و لەم لایەنەوە نزیکە لە دانراوەکانی (بالاکیریڤ و بۆرۆدین Borodine)یەکێک لەبەرهەمەکانی بەناوی (کیتیج Kitege )مۆرکی هونەرمەند (چایکۆفسکی Tchaikovski)مـان بیردەخاتەوە، لە بەرهەمەکانی ئۆپراشدا تەکنیکی بەرزی کلاسیک و خەیاڵی بەرفراوان دەخاتە پێش چاومان.
ڕیمسکی – کۆرساکۆڤ ساڵی 1871 بووە بە مامۆستای کۆمپۆزیسیۆنی لە کۆنسەرڤاتواری سانت – پترسبۆرگ و ساڵی (1874 – 1881)بۆتە بەڕێوەبەری کۆنسەرڤاتوار و ئۆرکێسترای سیمفۆنی ڕوسیا، ساڵی ( 1886 – 1900 ) گۆڤاری (بلایف)ی بنیاتناوە بۆ بڵاوکردنەوەی بابەتەکانی موزیک.
بەناوبانگترین بەرهەمەکانی:
( 15 ئۆپرا ، لەوانە : یەکێک لە شەوەکانی ئایار، سنگوروشکا Sne–gourotchka ، سادکو، کاسچیە Kastchei ، کەڵەشێری ئاڵتونی، مۆزارت و سالیری Mozart et Salieri ، ملادا Mlada و سیرڤیلیا Servilia ، ... ) ، (ژمارەیەکی زۆر بەرهەمی کۆڕاڵی) ، ( 3 سیمفۆنی، سیمفۆنی دووەم یا ئۆڤەرچوری گەورە یا سویت سیمفۆنی شەهرەزاد، یەکێکە لە بەرهەمە بەناوبانگەکانی هونەرمەند) ، (یەک کۆنسێرتۆی پیانۆ) ، (چەندین پارچەی هەمەجۆر بۆ پیانۆ) ، (نزیکی 100 میلۆدی و داڕشتنی هارمۆنیزاسیۆن) ، ( 150 ئاوازی گشتی ڕوسی) و (بڵاوکردنەوەی تەواوی بەرهەمەکانی هونەرمەند " گلینکا " و پیاچونەوەی زۆرێک لە بەرهەمی موزیسیانانی دیکە) .
ڕیمسکی – کۆرساکۆڤ ساڵی 1908 لە لیوبسنک Lioubenskی نزیک سان – پترسبۆرگ کۆچی دوایی کردووە.



ڕیچارد ڤاگنەر

Richard Wagner

( 1813 - 1883 )

ڤاگنەر گەورەترین ئۆپرانوس، شاعیر و فەیلەسوفی قوتابخانەی ڕۆمانتیکی ئەڵەمانیە، ساڵی 1813 لە لایپزگ هاتۆتە دنیاوە، سەرەتا ئاشنای فەلسەفە بووە و دواتر هونەری موزیکی خوێندوە. ڤاگنەر ساڵی 1839 چووە بۆ پاریس و لە ژێر کاریگەریی ئۆپرای (دیر فرایشوتس)ی هونەرمەند ویبەر تێکەڵی موزیک بووە.

ڤاگنەر لە بنەمادا بە هەوڵی تایبەتی خۆی سەرەتاکانی فێربوونی موزیک و کۆمپۆزیسیۆن فێر بووە، دواتر لەژێر چاودێریی (تیۆدۆر واینلیگ Theodor Weinling ) کۆرسەکانی هارمۆنی، کۆنتراپۆینت و فوگەی تەواو کردووە.

ڤاگنەر لە ساڵی 1862ەوە ئاشنا بووە بە فەلسەفەکانی نیچە و شۆپنهاوەر و زۆر کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئەو فەیلەسوفانەوە.

هونەرمەند ساڵی 1840 یەکەمین ئۆپرای نووسیوە بەناوی (ڕینتسی -Rien

zi) ، دوای ئەوەی وەک کۆمپۆزەرێکی گەورەی ڕۆمانتیک ناسراوە، بووە بە ڕابەری ئۆرکێسترای ئۆپرای گەورەی ماگدبۆرگ Magedburg ، کۆنیگزبێرگ Konigsrbergو ڕیگاRiga به گرێبەست. ڤاگنەر لە ئۆپرادا فۆرمی (درام موزیک)ی بنیات ناوە کە شێوازێکی نوێ بووە، لەدوای ساڵی 1848ەوە لە ئۆپراکانی (تانهویزەر 1844 – Tannhauser و لوهینگرین– Lohengrin 1848)کە ڕیزبەندیی موزیکی تیایدا گرنگیەکی بەرچاو و کاریگەری هەیە و نەک تەنها گوزارشتی موزیکی، بەڵکو ئەدەبیات و شانۆنامە و تەنانەت بابەتی سیاسیش کاریگەر بوون لەم فۆرمە نوێیەیدا.

ئەوەشمان لەیاد نەچێت کە هونەرمەند ڕیچارد ڤاگنەر داهێنەری تەکنیکی (لایت مۆتیڤ Lietmotif)ە ، کە بیرۆکەیەکی سەرەکی ناو بابەتی ئۆپرایە، ڤاگنەر لە ئۆپرای (زنجیرەی نیبلونگ)دا نزیکەی بیست لایت مۆتیڤی جیاوازی بەکارهێناوە، کە ئەم شێوازەش بۆخۆی کارێکی داهێنەرانەتر و قورس و گرانترە، چونکە ڕێک خستنی 20 بیرۆکەی تازە فکر و هونەرێکی زۆر بەرفراوانی پێویستە، هەڵبەتە هونەرمەند پشت ئەستوور بەو زانستە فەلسەفیەی کە لە پێش موزیکەوە شارەزایی تیا پەیدا کردووە، کاریگەریەکی گەورەی هەبووە بۆ داهێنان لە هونەری ئۆپرادا .

ئۆرکێسترای ڤاگنەر زۆر گەورە و بەرفراوان بووە و گرنگیەکی زۆری داوە بە ئامێرە فودارە مسیەکان (Brass Instrument) بەتایبەتی ئامێری تازەی (تیوبا Tuba )کە خودی ڤاگنەر دایهێناوە و جگە لەوەش ترۆمپێتی باس و ئۆبوای ئاڵتۆی بۆ ئۆرکێسترای گەورە زیاد کردووە، بەم داهێنانە ئامێرە فودارە مسیەکان گرنگیەکی بەرچاوی پەیدا کردووە، لە ڕووی ژمارە و بەکارهێنانی تەکنیکی تازەی موزیکدانان لە ژەنینی میلۆدی و گوزارەی سەرەکی و کرۆماتیک، کە لە پێشتر و سەردەمی کلاسیک زۆر جیاوازترە و ئەم داهێنانانەی ڤاگنەر زیاتر لە ساڵی 1850وە بەدیار کەوتون و بەتایبەت لە ئۆپرای درامی (تریستان و ئیزۆلدە IsoldeTristan an)دا دەبینرێت کە تا ڕادەیەک نزیکە لە هونەرمەند (فرانس لیست)ەوە و ئاشنایە بە پۆیم سیمفۆنیەکانی لەڕووی ئەکۆردی جیاواز و میلۆدی کرۆماتیکەوە. * شایەنی باسە کوزیما کچی فرانس لیست هاوسەری ڤاگنەر بووە * .

بەناوبانگترین بەرهەمەکانی:

(ئۆپراکان: ڕینتسی 1842 – Rienzi ، هولندە پیر باڵندە Hollander per fliegendi – 1843 ، تانهاوزەر 1845 – Tannhauser و لوهینگرین Lohengrin – 1850 ) ، (ئۆپرا درامیەکان: عەشقی قەدەغەکراو 1836 ،

ئاڵتونی ڕاین، بەیروت 1876 ، پارسیفالParsifal ، تریستان و ئیزۆلدە Tris-tan and Isolde و زنجیرەی نیبلونگ Ring der Nibelungen ) ، (یەک سیمفۆنی) ، ( 9 ئۆڤەرچور) ، ( 20 لید ) ، ( 3 سۆناتەی پیانۆ) ، (ژمارەیەک موزیکی ڤایۆلین و پیانۆ) ، ( 10 جلد بۆ پیانۆ لە 1871 تا 1885 چاپکراوە) ، (چەندین نامە دەربارەی موزیک، سیاسەت، ئۆپرا و ئۆتۆ بیۆگرافی) و (پارچەی زیگفرید ئیدل بۆ ئۆرکێسترا).

ڕیچارد ڤاگنەر ساڵی 1883 لە ڤینیسیا کۆچی دوایی کردووە.





ڕیکاردۆ زاندۆنای
Riccardo Zandonai
( 1944 - 1883 )

کۆمپۆزەرێکی ئۆپرای ئیتالیە، ساڵی 1883 لە ساکۆ دی ڕۆڤاریتۆ Sacco di Rovereto هاتۆتە دنیاوە، ساڵی ( 1899 - 1902 ) لە تەمەنی نۆ ساڵیدا کۆنسەرڤاتواری پسارۆ Pesaroی تەواو کردووە، لەم کۆنسەرڤاتوارەدا کۆرسەکانی کۆمپۆزیسیۆنی لای (ماسکانی Mascagni ) خوێندوە. هونەرمەند ساڵی 1939دا بۆتە بەڕێوەبەری هەمان کۆنسەرڤاتوار و زۆرینەی بەرهەمەکانی ڕۆسینی لە ئۆرکێسترای ئەم کۆنسەرڤاتوارەدا پێشکەش کردووە.
هونەرمەند ماوەیەک لە ئیتالیا لە جێگەی هونەرمەند (پۆچینی) کاری

موزیک و     سەرپەرشتی ئۆرکێسترای ئۆپرای کردووە و گەلێک سرووودی نیشتیمانی دارِشتوە.

بەناوبانگترین بەرهەمەکانی:

( 10 ئۆپرا، لەوانە : یەکەم "1904 بە ناوی La coppa del Re ، فەرەنسایی ریمینی 4" و رِومیۆجولێت 5" ) ، (بالیەی ئیرۆیکا Ballata eroica بۆ ئۆرکێسترا) ، (یەک رِکوییم Messa da Requiem 1914 for choir ) ، (یەک پۆیم سیمفۆنی) ، ( رِاپسودی ترانتینا بۆ ئۆرکێسترا Rapsodia trentina ) ، (کۆنسێرتۆی رِۆمانتیکۆ romantico بۆ ڤایۆلین) ، (کۆنسێرتۆ ئاندالۆسۆ andaluso بۆ چێلۆ) و (موزیکی فیلمی تاراکانوا Tarakánowa ی فیۆدۆر ئۆزیب Feodor Ozep ) .

زاندۆنای ساڵی 1944 لە پسارۆ کۆچی دوایی کردووە.




## ڕۆبێرت جونز
## Robert Jones
## ( 1617 – 1577 )

مۆزیکدانەرێکی ئینگلیزیە، ساڵی 1577 لە لەندەن هاتۆتە دنیاوە، هیچ زانیاریەکی ئەوتۆ دەربارەی ژیانی ئەم هونەرمەندە ڕوون و ئاشکرا نیە، بەڵام ئەوە زانراوە کە یەکێک بووە لە بەناوبانگترین گۆرانی بێژ، عودژەن و کۆمپۆزەری قوتابخانەی ئەلیزابێت و ساڵی 1597 لە قوتابخانەی مۆزیکی ئۆکسفۆرت کۆرسەکانی دەنگ و مۆزیکی وتۆتەوە.

بەناوبانگترین بەرهەمەکانی:

( 30 مادریگال لە 3 تا 8 دەنگ، کە تەنها 15 دانەیان ماون و بەچاپ گەیەنراون 1607

ئاريا و گۆرانی بۆ کتێبی (یەکەمین ، ( The first set of madrigals
ئاريا The First Booke of Songes and Ayres ) ، ( 100 1600
بۆ ئامێری عود و هەندێکیشی بۆ چوار دەنگ بەبێ ئامێر پێشکەش کراون
1611 دەنگ کتێبی) و ( Third book of Ayres and Lute 1605
. ( Voice –

جۆنز ساڵی 1617 لە لەندەن کۆچی دوایی کردووە.



ف

فرانس پیتەر شۆبێرت

# Franz Peter Schubert

( 1828 - 1797)

موزیکدانەرێکی نەمساویە، ساڵی 1797 لە ڤیەننا هاتۆتە دنیاوە، یەکێکە لە کۆمپۆزەرە گەورەکانی سەرەتای ڕۆمانتیک و گرێدەری نێوان سەدەی کلاسیک و ڕۆمانتیک.

شۆبێرت لە خانەوادەیەکی هەژاردا ژیانی گوزەراندوە، بنەماکانی موزیک و ڤایۆلین و پیانۆی لای برا گەورەکەی و باوکی خوێندوە.

ساڵی 1808 باوکی شۆبێرت کوڕەکەی بە گروپی کۆرسی هونەرمەند سالیری ناساندوە، سەرەتا شۆبێرت لەڕێی ئەوەی دەنگێکی خۆشی هەبووە تێکەڵ بە کۆرسی کۆڕاڵی کەنیسە و موزیکی جاد و ئۆرکێسترا بووە، ماوەی پێنج ساڵ لەو گروپەدا موزیکی خوێندوە.

شۆبێرت لە تەمەنی 12 یا 13 ساڵیەوە موزیکی داڕشتوە و سەرەتا کۆمەڵێک

بەرهەمی بۆ ژێدارەکان نووسیوە و باوکی و براکەی یارمەتیان داوە، ساڵی 1813 پاش ئەوەی تەمەنی منداڵی تێپەڕاندوە، لای باوکی بووە بە مامۆستای موزیک.

شۆبێرت زۆر شارەزای بەرهەمەکانی هایدن، مۆزارت و بێتهۆڤن بووە و توانیویێتی شێوازی ڕێزمانی موزیکی کلاسیک بگونجێنێت بۆ دنیای تازە و شێوازی نوێی ڕۆمانتیک، لەگەڵ ئەوەی هونەرمەند زۆر کەمدەست بووە وەک ئەو بار و دۆخەی کە هونەرمەند مۆزارت هەیبووە، لەگەڵ ئەوەشدا بەناوبانگترین بەرهەمەکانی لەو سەردەمەدا داناوە، بەڵام هەمیشە بەوپەڕی هیوا و ئاواتی هونەریەوە ژیاوە، ئەوەتا تەنها ساڵی 1815 نزیکەی 144 پارچە موزیکی ئاوازیی نووسیوە، بەڵام هەرگیز فۆرمی کۆنسێرتۆی نەنووسیوە، جوانترین سیمای بەرهەمەکانی شۆبێرت ناسکی ئاواز و گۆرانیەکانێتی کە بە ( لید )ی شۆبێرت ناسراوە، ساڵی 1817 گۆرانیبێژی بەناوبانگی ئۆپرای ڤیەننا (یۆهان فۆگل) زۆرێک لە لیدەکانی شۆبێرتی لەو سەردەمەدا نمایش کردووە، شۆبێرت لە زۆرینەی وڵات و ناوچەکانی ئەوروپادا بووە بە کۆمپۆزەرێکی ناسراو، دوای خۆی گەلێک گۆرانیبێژ و موزیسیانی ناوداری جیهانی بەرهەمەکانی (شۆبێرت)یان پێشکەش کردۆتەوە، ئەگەر چی تا سەردەمی ئەمڕۆشمان یەکێکە لە دانەرە ناسک و پڕ هەستە جوانەکان بۆ ژەنین و نمایشکردن، هونەرمەند فرانس لیست زۆرێک لە شاکارەکانی شۆبێرتی نمایش کردووە، هەر لە بارەی شۆبێرتیشەوە وتویەتی: هیچ موزیسیانێک هێندەی شۆبێرت هەست ناسک و شاعیری نیە.

بەناوبانگترین بەرهەمەکانی:

( 9 سیمفۆنی، بەناوبانگترینیان: سیمفۆنی ژمارە 8 بەناوی سمفۆنی ناتەواو Unfinished ، لە پەیژەی سی ماینەر 1822 ، لە دوو جوڵەدا تەواو دەبێت کە ئەمە 37 ساڵ دوای کۆچی شۆبێرت ئاشکرا بوو، بە یەکەمین بەرهەمی سیمفۆنی تازەی سەدەی ڕۆمانتیک ئەژمار دەکرێت، سیمفۆنی ژمارە 4 لە پەیژەی دۆ ماینەر بەناوی تراژیک Tragic – 1816 و سیمفۆنی ژمارە 9 کە لە بنەمادا سیمفۆنی ژمارە 10"یە و ناوی سیمفۆنی گەورەیە لە پەیژەی دۆ مێجەر 1828 ، تەواوی فۆرمی کلاسیک و کاریگەریی دانەرانی پێش خۆی پێوەیە) ، (22 سۆناتە بۆ پیانۆ) ، (پارچەکانی پیانۆ بۆ 2 یا 4 دەست) ، ( 35 پارچەی ژێدار و پیانۆ و جۆراوجۆر، لەوانە: کوارتێتی ڕێ ماینەر بە ناوی مردن و کیژۆڵە Death and The Maiden و کوینتێتی پیانۆ و ژێدارەکان بەناوی ماسی توراوت Trout Quintet 6 ) ، ( مس) ، ( 17 بەرهەمی ئۆپرا) ، (نزیکەی 600 لید) ، (3 تریۆی

پیانۆ) ، (یەک تریۆی ژێدارەکان) ، (4 سۆناتەی ڤایۆلین و پیانۆ) ، (ژمارەیەکی زۆر سەمای جۆراوجۆر بۆ پیانۆ لە چەشنی ڤاڵس) .

شۆبێرت لە تەمەنی 31 ساڵیدا بە نەخۆشی (تەیفوس – گرانەتا) 1828 واتا ساڵێک دوای کۆچی دوایی بێتهۆڤن کۆچی دوایی کردووە، لە تەنیشت مەزاری بێتهۆڤندانێژراوە.



فلیكس مەندڵسۆن بارتۆلیدی
Felix Bartholdy Mendelssohn
( 1809 – 1847 )

موزیكدانەرێكی ئەڵەمانیە، ساڵی 1809 لە خانەوادەیەكی یەهودیی پرۆتستان لە شاری هامبۆرگ هاتۆتە دنیاوە، خێزانەكەیان پەیوەندیەكی بەرفراوانیان هەبووە بە هونەر و ئەدەبیاتەوە، باوكی زۆر هاوكاری بووە و هەر بە منالی فێری ڤایۆلین و پیانۆ بووە، لە تەمەنی نۆ ساڵیدا كۆنسێرتی پێشكەش كردووە، سەرەتا بە پارچە موزیكەكانی مۆزارت دەستی پێكردووە، ماوەیەك لەژێر چاودێری هونەرمەند (فریدریك زیلتەر K.F. Zelter )دا كۆرسی هارمۆنی و كۆمپۆزیسیۆنی خوێندوە، هەر لەو

سەردەمەوە دانراوەكانی یەكەمی داڕشتوە، لە تەمەنی پانزەساڵیدا كۆرسی پیانۆی بە شێوازێكی جدی لای هونەرمەند (ئیگناس موشە لیس Ignaz Moscheles )خوێندوە، كە گەورەترین پیانۆژەنی ئەو سەردەمە بووە و كە شاگردی هونەرمەند (بێتهۆڤن)بووە.

مەندڵسۆن یەكەمین هونەرمەندە كە بە پێشكەش كردنی (پاسیۆنی سانت ماتیۆ) لە 11ی مارسی 1829 گەورەیی هونەرمەندی باروكی (یۆهان سباستیان باخ)ی بە جیهان ناساندوە گەورەیی ئەم هونەرمەندەی زیندو كردۆتەوە.

مەندڵسۆن زۆربەی بەرهەمەكانی خۆی و كۆمپۆزەرانی تری پێشكەش كردووە، بەو ئۆركێسترا بچووكەی كە ڕۆژانی یەك شەمان لە ماڵی باوكی كۆنسێرتی موزیكی كلاسیكیان پێشكەش دەكرد، جگە لەوە هونەرمەند مایسترۆی ئۆركێسترای (گاواند هاوس Gewandhaus Orchestra ) بوو لە لایپزگ كە یەكێك بوو، لە گەورەترین و بەناوبانگترین ئۆركێستراكانی ئەوروپا و تاكو ئێستاش ئەو ناوە ماوە.

هونەرمەند زۆرێك گەشتی هونەریی كردووە بۆ فەرەنسا، ئیتالیا و بەریتانیا، ساڵی 1834 لە شاری لایپزگ جێگیر بووە، لە پێش كۆچی دوایی كۆنسەرڤاتواری لایپزگی دامەزراندوە و كۆرسی موزیكی وتۆتەوە، یەكێك بووە لە كۆمپۆزەرە گرنگ و بەرزەكانی سەردەمی ڕۆمانتیك و قوتابخانەی (ڤاگنەر)كە ناسراوە بە (ڤاگنەریسم) ، مەندڵسۆن خۆشەویستیەكی زۆری لە دڵی خەڵكیدا پەیدا كردبوو، بە شێوازێكی ڕێك و دروست لە سەردەمی كلاسیكیەوە هەنگاوی نایە ترۆپكی مۆركی موزیكی ڕۆمانتیكی، دروست كردنی موزیكی یەك جوڵەیی لەسەر فۆرمی پۆیم سیمفۆنی، هەروەها پارچەی لیریكی و شاعیرانە بۆ پیانۆ كە ناسراوە بە ئاوازی بێ ووشە، كە یەكێكە لە تایبەتمەندیە گرنگەكانی موزیكی مەندڵسۆن و سەردەمی ڕۆمانتیكی، گەورەترین گۆڕانكاری مەندڵسۆن لە بواری فۆرمی موزیكدانانیدا، گۆڕانكاری بوو لە جوڵەی سێهەمی فۆرمەكانی سەدەی كلاسیك، وەك جوڵەی سێهەمی سیمفۆنیەكان، سۆناتەكان و كوارتێتەكانی سەدەی كلاسیك لە فۆرمی (مەنەوێت و تریۆ Minuet Terio )دا، هونەرمەند گۆڕی بۆ فۆرمێكی دوو بەشیی بە ناوی ( Roanded Binay ) كە پێكهاتووە لە دوو بەش و هەر بەشێكیان نیشانەی دووبارەكردنەوەیان هەیە و لە دووبارەكردنەوەی بەشی دووەمدا میلۆدی سەرەتا بە تەواویی یان بە چەند گۆڕانكاریەكەوە كۆتایی بە پارچەكە دەهێنێت.

بەناوبانگترین بەرهەمەکانی:

(ئۆڤەرچورەکانی: بۆچونی یەک شەوی هاوین، غار فینگال و دەریای ئارام و گەشتی خۆش) ، (ئاوازە بێ ووشەکان بۆ پیانۆ) ، ( 3 سۆناتە بۆ پیانۆ) ، ( 7 کوارتێتی ژێدارەکان ) ، ( 3 کوارتێت بۆ پیانۆ و ژێدارەکان) ، ( 2 کوینتێتی ژێدارەکان) ، (یەک سکستوئور بۆ ژێدارەکان) (یەک نۆکتۆرن بۆ ژێدارەکان) ، ( 6 پرلیود و فوگە بۆ پیانۆ) ، (ڕۆند کاپریچیوزۆ بۆ پیانۆ) ، (ڤایرەیشن بۆ پیانۆ) ، ( 3 پرلیود و فوگە بۆ ئۆرگۆن) ، ( 6 سۆناتە بۆ ئۆرگۆن) ، ( نزیکەی 74 لید بۆ ئۆرگۆن) ، (ئۆراتۆریۆی ئیلیاس بۆ ئۆرگۆن) ، ( 5 سیمفۆنی، بەناوبانگترینیان سیمفۆنی: ژمارە 3 سکۆتلەندی لە پەیژەی – لا – ماینەر و سیمفۆنی: ژمارە 4 ئیتالیایی لە پەیژەی – لا – مێجەر) ، ( 2 کۆنسێرتۆی پیانۆ) و (یەک کۆنسێرتۆی ڤایۆلین و ئۆرکێسترا لە پەیژەی – می – ماینەر، کە ناوبانگێکی بەرفراوانی هەیە تاکو ئێستا یەکێکە لە شاکارە گەورە و کۆنسێرتۆ بەناوبانگەکانی ڤایۆلین لە جیهاندا).

مەندڵسۆن ساڵی 1847 لە شاری لایپزگ کۆچی دوایی کردووە، مەرگی ئەم هونەرمەندە نەک هەر لە ئەوروپا بەڵکو، لە ئەمەریکاش جێی نیگەرانی و دڵگرانی بووە، چەندین مەراسیمی جۆراوجۆر لە ئەمەریکا و بەریتانیا و تەواوی ئەوروپادا بۆ کۆچی دوایی ئەم کەڵە موزیسیانە ڕێکخراوە.



فریدریک شۆپان

Frédéric Chopin

( 1849 - 1810 )

پیانۆژەنێکی پۆڵۆنیە، بەناوبانگترین کۆمپۆزەری سەدەی ڕۆمانتیکە، ساڵی 1810 لە زیلازوا ۆلا Zelazowa Wola ی نزیکی وارشۆ هاتۆتە دنیاوە.
هونەرمەند لە تەمەنی شەش ساڵیەوە خوێندنی موزیکی لای باوکی دەست پێکردوە و دواتر پیانۆی لای هونەرمەند ئەدالبێرگ زوینی خوێندوە، لەو ماوەیەدا سەرجەم دانراوەکانی پیانۆی باخ و مۆزارتی ژەنیوە، لە تەمەنی حەوت ساڵیەدا یەکەمین موزیکی لە میلۆدی پۆڵۆنی دارشتوە و لەتەمەنی هەشت ساڵیەوە یەکەمین ئاهەنگی موزیکی لە پۆڵۆنیا پێشکەش کردووە، لە تەمەنی پانزە ساڵیدا جوانترین ئاهەنگی پیانۆی لە کۆنسەرڤاتواری پۆڵۆنیا بە ئامادەبوونی (ئیمبراتۆر ئەلیکساندەر)نمایش کردووە و خەڵاتێکی بەنرخی پێشکەش کردووە.

شۆپان مناڵێکی سەرسوڕهێنەر بووە، زۆرێک لە هونەرەکانی وەکو: نیگارکێشان و نواندنی زانیوە، بەڵام حەز و ئارەزووی تەواوی ئەو موزیکی فۆلکلۆریی و شاخاوی بووە، بەهۆی نزیکی خانەوادەکەی لە هونەر و ڕۆشنبیری بەگشتی ئەم ئیلهامانە تێکەڵی مێشکی شۆپان بووە.
هونەرمەند ساڵی 1828 سەفەری کردووە، بۆ بەرلین و لەو ماوەیەدا نمایشی پێنج ئۆپرای بینیوە و کاریگەریەکی گەورەی لەسەر دروست کردووە، لەو ساڵەدا موزیکەکانی (ڕۆندۆی پیانۆ، خەیاڵی داهێنەر و پۆلۆنی) نووسیوە.
ساڵی 1829 دوو ئاهەنگی موزیکی لە ڤیەننا پێشکەش کردووە، دواتر لە شاری پڕاگ دوبارەی کردۆتەوە، ساڵی 1830 سەردانی پۆڵۆنیای کردووە، دواتر چۆتەوە بۆ ڤیەننا و سالسبۆرگ و سەردانی مۆزەخانەی (مۆزارت)ی کردووە، لە ساڵی 1831ەوە لە پاریس نیشتەجێ بووە.
شۆپان زۆرێک لە کۆنسێرت و دانراوەکانی بۆ ئامێری پیانۆ دارشتوە و هەندێک بەرهەمی نەبێت کە لە خوارەوە ئاماژەم پێداون، کە بریتین لە چوار کۆمەڵە بەرهەم، شۆپان لە دارشتنی ئۆرکێسترادا لاواز بووە، هونەرمەند زۆر داهێنەر بووە لە دانراوە کورت و بچوکەکاندا و گەورەترین جوانی تیا نیشان داوە، پڕن لە هەست و سۆز، کاریگەریی هونەرمەندان یۆهان سباستیان باخ و وڵفگانک ئەمادیۆس مۆزارتی بەسەرەوە بووە، تا ڕادیەک

(بیتهۆڤن)یش، بەڵام حەزی لە هەندێک دانراوی هونەرمەندان (مایەربیر و برلیوز)نەبووە، بگەرە بە بێزارکەری هەست و سۆزی داناون.
موزیکەکانی شۆپان کاریگەریی مۆرکی میللی لوهستانی بەسەرەوەیە، بەتایبەتی لە مازۆرکا و پۆلۆنیزەکانیدا (ڕیتم، هارمۆنی و هێڵە میلۆدیەکان) ، هەڵبەتە میلۆدیە کەلەپوریەکانی بە شێوەی خۆی بەکارهێناوەتەوە، گرنگترین تایبەتمەندیی ئەم بەرهەمانەشی دەرخستنی هەستی نەتەوایەتی و شۆڕشگێڕیە، هەندێک لە بەرهەمەکانی شۆپان کاریگەریی ئۆپرای ئیتالی و بەتایبەتی هونەرمەند (بیلینی Belin، کۆمپۆزەری ئیتالی) بەسەرەوەیە بەتایبەت لە فۆرمی (نۆکتۆرن)دا . ئەوەشمان لەیاد نەچێت شۆپان داهێنەر و بەهێزکەری فۆرمەکانی (مازۆرکا Mazurka ، ڤالس Waltz ، بالاد Ballade، پرلیود و پۆلۆنیز Polonaise)بووە.

بەناوباگترین بەرهەمەکانی:
(یەک تریۆ بۆ پیانۆ و ئۆرکێسترا) ، (یەک سۆناتەی چێلۆ و پیانۆ) ، ( 17 ئاوازی لوهستانی بۆ ئۆرکێسترا) ، (ڤایرەیشنێک بۆ فلوت، بە تیمەی هونەرمەند ڕۆسینی) ، ( 2 کۆنسێرتۆی پیانۆ و ئۆرکێسترا، 1. فا ماینەر 2. می ماینەر) ، (پۆلۆنیز بۆ پیانۆ و ئۆرکێسترا) ، (14 پۆلۆنیز 1817- 1826 بۆ پیانۆی سۆلۆ) ، (51 مازۆرکا بۆ پیانۆی سۆلۆ 1824 - 1849) ، ( 26 پرلیود بۆ پیانۆی سۆلۆ 1832 - 1836) ، ( 3 ئیتۆدی تازە بۆ پیانۆی سۆلۆ - 1839 بۆ هونەرمەند ڕوش موشەلیز) ، ( 19 ڤاڵس بۆ پیانۆی سۆلۆ 1826 - 1848 ) ، ( 4 بالاد بۆ پیانۆی سۆلۆ 1836 - 1842 ) ، ( 4 ئیمپرۆمیتۆس 89" بۆ پیانۆی سۆلۆ 1834 - 1842 ) ، ( 4 شرۆز 90" ، 1835 - 1843 ) ، ( 3 سۆناتەی پیانۆ 1828 ، دۆ مێجەر، سی ماینەر و سی بیمۆل ماینەر) ، ( مارشی سی بیمۆل بۆ سۆلۆی پیانۆ 1839) ، ( 4 ڕۆندۆ بۆ پیانۆی سۆلۆ) ، ( 4 ڤایرەیشن و پارچەی بچوکی پیانۆی سۆلۆ) ، (فەنتازی فا ماینەر بۆ پیانۆی سۆلۆ 1840 - 1841 ، ئۆپۆز 49 ) و (بارکارولا بۆ پیانۆی سۆلۆ 1845 - 1846 ، ئۆپۆز 60 ) .
شۆپان ساڵی 1849 لە پاریس کۆچی دوایی کردووە.



فراسوا کوپیرین

François Couperin

( 1733 – 1668 )

هارپسیکۆردژەن و ئۆرگۆنژەن و موزیکدانەرێکی فەرەنسیە، ساڵی 1668 لە پاریس هاتۆتە دنیاوە، لای هونەرمەندان (دولالاند Delalande و تومیلین Thomelin ) کۆرسەکانی ئۆرگۆن و تیۆری موزیکی تا تەمەنی هەژدە ساڵی خوێندوە.

هونەرمەند ساڵی 1692 یەکەمین سۆناتەی بەناوی (ستینکرک -Stein querque) لەسەر مۆرکی ئیتالی داڕشتوە، هونەرمەند ساڵی (1693 – 1730) وەکو ئۆرگۆنژەن لای لویسی چواردەهەم لە کەنیسەی مەلەکی موزیکی دینی داناوە، لەوێوە نازناوی (کوپرانی گەورە)ی وەرگرتووە و زۆر بە خێرایی لە فەرەنسادا ناوبانگی دەرکردووە، ئەو سەردەمە گەیشتن بە پیشەیەکی لەو جۆرە زۆر گران بووە، هەوڵ و ماندوبوونێکی زۆری ویستوە بۆ ئەوەی وەک ژەنیارێکی زۆر بە توانا و موزیکدانەر و مامۆستا کاری موزیکی چنگ بکەوێت، هەر لەو کەنیسەیەدا زۆرێک لە منالانی مەلەکی فێری ژەنینی هارپسیکۆرد کردووە بەرپرسی وانەکانی موزیک بووە.

بەرهەمەکانی کۆپیرین یەکگرتوو بوو، لە مۆرکی ئیتالی و فەرەنسی بە شێوازی زەخرەفەی سەردەمی باروک و کۆنتراپۆینت، میلۆدیەکانی تازە و سادە بوون، زۆرێک لەو پارچانەی بۆ ئامێری (کلاوسن) نووسیوێتی شێوازی سەما ئامێزن، لەهەمان کاتدا هونەرمەند فرانسوا کوپیرین بە بنیاتنەر و گەشەپێدەری ئامێری کلاوسن دادەنرێت لە مێژووی موزیکی جیهانیدا.

بەناوبانگترین بەرهەمەکانی:

(یەک سویتی سەما ئامێزی فەرەنسی بۆ ژێدارەکان) ، (چەندین پارچەی ئۆرگۆن لە شێوازی – مس و کەنیسەیی) ، (233 پارچە بۆ کلاوسن لە 1713 – 1730 دایڕشتون) ، (کتێبێکی تیۆری ئامێری کلاوسن، لەسەر شێوازی موزیکی سەرەتای سەدەی هەژدەهەمی فەرەنسا کە گرنگیەکی زۆری هەیە) ، (14 کۆنسێرتی سەڵتەنەتی یا مەلەکی) ، (چەند پارچەیەک بۆ ئامێری ڤیۆلا) ، ( 6 ئالواسیۆن بۆ دەنگ و باسی کۆنتینۆ – بەردەوام) ، ( موزیکی ڕۆژانی پیرۆزی گەورە شاعیران) ، (لیمپریال L'Imperiale ) ، (سلاوی پرناسە Pernasse ) ، (وانەکانی تاریکی) ، (شۆخ و جەنگ) ، (شاراوە) و ( لا سولتان La Sultane ).

کۆپیرین ساڵی 1733 لە پاریس کۆچی دوایی کردووە.



فرانس لیست

Franz Liszt

( 1886 – 1811 )

موزیکدانەر و پیانۆژەنێکی بەناوبانگی مەجەڕستان و سەردەمی ڕۆمانتیکیە، ساڵی 1811 لە شاری (را□یدینگ Raiding)ی مەجەڕستان هاتۆتە دنیاوە، باوکی موزیکژەنی ئۆرکێسترای (ئیستیرهازی Esterhaz)

بووە، سەرەتاکانی پیانۆی لای  باوکی خوێندوە و دواتر پیانۆی لای هونەرمەند (کارل چێرنی Carl Czerny ) و کۆرسەکانی کۆمپۆزیسیۆنی لای (سالییری Salieri )خوێندوە.

لیست لە تەمەنی یانزە ساڵیەوە سەرنجی زۆربەی موزیکدانەر و پیانۆژەنەکانی ڕاکێشاوە، ساڵی 1823 بە هاوکاریی والدینش چۆتە شاری فەرەنسا و لە خانەی ئۆپرای ڤایمار ماوەی ”10“ ساڵ نیشتەجێ بووە و دانراوەکانی لەو سەردەمەوە داڕشتوە و ناوبانگی پەیداکردووە، هەر لە فەرەنسادا کۆمەڵێک وانەی تایبەتی لای هونەرمەندان (پر و ڕایشا)خوێندوە. لە ساڵی 1824ەوە کۆمەڵێک گەشتی هونەریی کردووە، بۆ بەریتانیا و سویسرا. لیست ساڵی 1830 لە کۆنسێرتی ڤایۆلینیستی بەناوبانگی ئیتالی نیکۆلۆ پاگانینی ئامادەبووە، زۆر بە قوڵی کاری تێکردووە  کاریگەری دروستکردووە  لەسەر ژەنینی پیانۆی و بەو شێوازەی ژەنینی پاگانینی پیانۆی ژەنیوە.

لیست ساڵی 1838 کۆنسەرڤاتواری بۆداپێستی دامەزراندوە و ڕابەرایەتی ئۆرکێستراکەی کردووە . هونەرمەند ساڵی 1843 لەلایەن دۆقی گەورەی ڤایمارەوە بانگهێشت کراوە و گەورەترین وەرزی هونەری لەو شارەدا پێشکەش کردووە، بەو هۆیەی کە ڕابەرایەتی ئۆرکێسترای کردووە و ژمارەیەکی زۆر بەرهەمی ناوازە و گەورەی بۆ ئۆرکێسترای سیمفۆنی داڕشتوە، یەکەمین بەرهەمی سیمفۆنیشی پۆیم سیمفۆنی یەک جوڵەیی بووە کە لەسەر شێوازی هونەرمەند برلیوز نووسیوێتی و زۆریش سوودی لە شێوازی ئۆرکێستراسیۆنی ڤاگنەر وەرگرتووە. لیست ساڵی (1861 – 1870) لە شاری ڕۆما نیشتەجێ بووە و تا ڕادەیەک گۆشەگیر بووە، لەو ماوەیەدا لە کەنسەی واتیکان کاری کردووە، کۆتاییەکانی ژیانی لە (ڕۆما، ڤایمار و بۆداپێست) گوزەراندووە.

شێوازی موزیکی لیست کاریگەری میلۆدی میللی مەجەرستانی بەسەرەوەیە، لە بەرهەمی پۆیم سیمفۆنیەکانیدا کاریگەری ئەدەبیاتی فەرەنسی بەسەرەوەیە و بەتایبەت شێوازی برلیوز کە فۆرمی پۆیم سیمفۆنیەکانی بریتیە لە یەک جوڵە و کۆمەڵە بەشێکی جیاواز و ڕیتمی جیاواز و (گۆڕانکاریی تیمە Thematic Transformation ) و شێوازی دراماتیکی داستان. لیست لە فۆرمی کارکردنی بۆ پیانۆ تا ڕادەیەک لە هونەرمەند شۆپانەوە نزیک بووە، داهێنانی هارمۆنی و تەکنیکی لیست سادە بوون تا ساڵەکانی کۆتایی ژیانی کۆمەڵێک ئەزمونی تازەی هارمۆنی و ئەکۆرد و جێگۆرکێی بابەتە موزیکیەکان لە میلۆدی و گوزارەی نوێی تیا بەدیدەکرا، لە شێوازی(ئیمپرسیۆنیست) ، بەدەر لەم کاریگەریانە سیفەتی کەسایەتی خۆی لە زۆرێک لە دانراوەکانیدا دەبینرێت، وەک ئەوەی کەسایەتیەکی

لەسەرخۆ، سنگ فراوان، نەفس بەرز، ڕوو خۆش و خەمخۆر بووە، بەهیچ جۆرێک ئیرەیی و بەغیلی نەزانیوە.
لیست نزیکەی 700 بەرهەمی لەدوای خۆی بەجێ هێشتوە.
بەناوبانگترین بەرهەمەکانی:
(12 پۆیم سیمفۆنی، لەوانە وەک: تاسو Tasso ، ئۆرفە Oepheus ، پرومتوس و مازیپا Mazepa ، هاملێت و پرۆمیئۆس Prometheus و ... ) ، (سیمفۆنی فاوست Faust ) ، (دانتە 9 ) ، (Dante ڕاپسودی هەنگاری) ، (نزیکەی 100 فەنتازی) ، (شەیتان – بۆ پیانۆ) ، (سۆناتەی پیانۆ لە پەیژەی سی ماینەر ، 1852 – 1853 لە ڤایمار دایڕشتوە) ، (سونتە دیل پیترارکا – So-nette del petrarca بۆ پیانۆ) ، (ڤالس – بۆ پیانۆ) ، (سالی سەردان Annees de pelerinage – بۆ پیانۆ، 1838 – 1849 دایڕشتوە) ، (2 کۆنسێرتۆ بۆ پیانۆ و ئۆرکێسترا) ، (14 ئیتۆدی گەورە) ، (12 ئتۆدی جۆراوجۆر) ، ( 6 ئیتۆد بە شێوازی پاگانینی، لەوانە وەک: کامپانلا و شکار، یەک سۆناتە، 3 سالّ) ، ( 2 ئەفسانە) ، (نزیکەی 200 ڕیدۆکسیۆن بۆ پیانۆ، وەک: سیمفۆنیەکانی بێتهۆڤن، ئۆپراکانی ڤاگنەر و 57 لیدی شۆبێرت و ... ) ، (قوداسی دوگران De Gran ) ، (سەرتاشی بەغداد) و ( 7 کتێبی نووسین، ڕەخنە و شیکردنەوەی موزیک) .
فرانس لیست سالّی 1886 لە بایروت Bayreuth کۆچی دوایی کردووە.



فرانک مارتین

Frank Martin

(1974 - 1890)

مایسترۆ و موزیکدانەرێکی سویسریە، ساڵی 1890 لە جنێف هاتۆتە دنیاوە، کۆرسەکانی ڕیتم و پیانۆی لای مامۆستا جۆزیف لوبیر Joseph Lauberخوێندوە.

مارتین دوای جەنگی جیهانی یەکەم لە زوریچ و ڕۆما و پاریس ژیاوە، لە پەیمانگای دالکردوز تیۆری ڕیتم و کۆمپۆزیسیۆنی خوێندوە.

موزیکەکانی هونەرمەند پێکهاتەیەکی یەکگرتووی مۆرکی ئەڵەمانی و فەرەنسیە و ئەم مۆرکەشی لە نێوان ساڵانی(1938 - 1941)ناسراوە لەڕێی پێشکەشکردنی چەند بەرهەمێکی ناوازە، لەوانە وەک ئۆراتۆریۆی

(دیتیرامب Dithyrambes) هەوێنی دارشتنەکانی لە تیمەی کەلەپووریەوە نزیک بووە بە شێوازێکی مۆدێرن و جیاواز لە بیری شۆنبێرگ.

مارتین لە ساڵی 1950وە لە کۆنسەڤاتواری (کۆڵن) کۆرسی کۆمپۆزیسیۆنی وتۆتەوە و چەندین شاگردی بەناوبانگی پەروەردە کردووە، وەک (ستۆکهاوسن Stockhausen) .

بەناوباگترین بەرهەمەکانی:

(یەک سیمفۆنی 1915 ) ، (یەک سیمفۆنی کۆنسێرتاتی بچووک بۆ ئامێری کلاوسن، هارپ ، پیانۆ و ئامێرە ژێدارەکان) ، (یەک کۆنسێرتۆ بۆ حەوت ئامێری فودارە تەختەییەکان، تیمپانی، پێرکەیشن و ئۆرکێسترای ژێدارەکان 1949 ) ، (یەک کۆنسێرتۆی کلاوسن) ، (یەک کۆنسێرتۆی چێلۆ) ، (یەک کۆنسێرتۆی پیانۆ) ، (یەک کۆنسێرتۆی ڤایۆلین) ، (سیانیەکی ژێدار) ، (دی بلو بلوم Die blaue Blume ) ، (ئۆراتۆریۆی دیر کورنت Der Cornet ) ، (ئۆراتۆریۆی گولگۆتا 1948 - 1945" "Golgotha ) ، (دیر ستورم Der Sturm ) ، (نهێنی بوون) ، (یەک گۆرانی Songs of Ariel - 1950 ) ، (یەک ڕکویم 1972 - 1971 " Requiem ") ، (ئۆراتۆریۆی شەرابی گیایی) ، (ئۆپرای ڤیەننا 1956 ) و (ئۆپرای لافاو) .

مارتین ساڵی 1974 لە ناردین Naarden کۆچی دوایی کردووە.



ک

## کارل فریدریش ئابل
## Karl Friedrich Abel
## ( 1787 – 1723 )

مۆزیکدانەرێکی ئەڵەمانیە، ساڵی 1723 لە شاری کوتن Cöthenی ئەڵەمانیا هاتۆتە دنیاوە، زۆرێک لە ئامێرەکانی ژەنیوە، بەتایبەت ژەنیاری ڤیۆلا داگامبا Viola de gamba بووە لە ئۆرکێسترای درسدن Dres-den و زۆرینەی دانروەکانی بۆ ئەم ئامێرە بووە، لە ماوەی هەڵگیرسانی جەنگی حەوت ساڵە ماوەیەک لە ئیتالیا و لەندەن جێگیر بووە و هاوڕیەتی، لەگەڵ هونەرمەند (یۆهان کریستیان باخ)دا پەیدا کردووە، چەندین کۆنسێرتی هاوبەشیان پێشکەش کردووە.

ئابل کۆمپۆزەرێکی باروکی بوو میلۆدیەکانی سادە و ساکارن پڕن

لە هارمۆنی و کۆنتراپۆینتی ناسک، زیاتر لە مۆرکی باخ و دواتریش لە (هایدن)ەوە نزیک بووە، هونەرمەند بە دانراوی زۆر ناسراوە و ئەوەی لە خوارەوەدا نووسراوە ژمارەیەکی هەڵبژاردەی شاکارەکانیەتی و بەرهەمی زیاتری هەبووە، زۆربـەی دانراوەکانی لە فەرەنسا، ئەڵەمانیا و لەندەن پێشکەش کردووە، ناوبانگێکی بەرفراوانی بەدەست هێناوە.

بەناوبانگترین بەرهەمەکانی:

( 41سیمفۆنی) ، ( 2سیمفۆنی کۆنسێرتات بۆ ئۆبوا و کوارتێتی ژێدارەکان: سی مێجەر، ڕێ مێجەر) ، ( 3 ئۆڤەرچور: ڕێ مێجەر، خۆشەویستی لە لادێدا – ڕێ مێجەر ‘Overture to ‘Love in a village و سی بیمۆل مێجەر 6 ) ، ( ‘Overture to ‘The summer’s tale کۆنسێرتۆی فلوت: دۆ مێجەر، می ماینەر، ڕێ مێجەر، دۆ مێجەر، سۆل مێجەر و دۆ ماینەر) ، (یەک کۆنسێرتۆی چێلۆ لە پەیژەی سی بیمۆل مێجەر) ، ( 3 کوارتێتی فلوت، سێهەمیان لەگەڵ ڤیۆلای داگامبادا: دۆ مێجەر، لا مێجەر، فا مێجەر، ڕێ مێجەر، سی بیمۆل مێجەر و سۆل مێجەر ) ، ( 37 تریۆ و سۆناتەی هەمەجۆر بۆ پیانۆ، فلوت و چێلۆ) ، ( 12 تریۆ بۆ پیانۆ) ، ( 6 سۆناتەی فلوت: دۆ مێجەر، سۆل مێجەر، سۆل مێجەر، می مێجەر، فا مێجەر و سۆل مێجەر) ، ( 13 سۆناتەی ڤایۆلین: سۆل مێجەر، فا مێجەر، لا مێجەر، سی بیمۆل مێجەر، دۆ مێجەر، می بیمۆل مێجەر، سۆل مێجەر، لا مێجەر، دۆ مێجەر، می بیمۆل مێجەر، سی بیمۆل مێجەر و فا مێجەر) ، ( 44 سۆناتە بۆ ڤیۆلای داگامبا viola da gamba ) ، (ئەلیگرۆ بۆ ڤیۆدلای داگامبا ، ڕێ مێجەر Allegro for viola da gamba ) ، (ئەلیگرێتۆ بۆ ڤیۆلای داگامبا ، لا مێجەر Allegretto for viola da gamba ) ، (مەنەوێت بۆ ڤیۆلای داگامبا ، ڕێ مێجەر Minuetto for viola da gamba ) ، (ئەداگیۆ بۆ ڤیۆلای داگامبا ، ڕێ ماینەر Adagio for viola da gamba ) ، (ڤیڤاچە بۆ ڤیۆلای داگامبا ، ڕێ مێجەر Vivace for viola da gamba) ، (فوگە بۆ ڤیۆلای داگامبا، ڕێ مێجەر ، Fuga for viola da gamba ) ( 4 ) مەنەوێت بۆ پیانۆ: سی مێجەر، ڕێ مێجەر، سۆل و سۆل مێجەر) ، ( 12 کوارتێتی ژێدارەکان: ڕێ مێجەر، لا مێجەر، فا مێجەر، دۆ مێجەر ، می مێجەر، دۆ مێجەر، می بیمۆل مێجەر، سۆل مێجەر، فا مێجەر و لا مێجەر) ، ( 7 مارش : 6 دانەیان لە پەیژەی فامێجەر و سی بیمۆل مێجەر) ، (دوێتی ڕێ مێجەر بۆ چێلۆ) و (ژمارەیەکی زۆر کوارتێت و تریۆی جۆراوجۆر).

ئابل ساڵی 1787 لە لەندەن کۆچی دوایی کردووە.



کۆرت ئاتیربێرگ

## Kurt Atterberg

( 1974 – 1887 )

مۆزیکدانەر و ڕابەرێکی سویدیە، ساڵی 1887 لە گوتەبۆرگ Go-
thenburg هاتۆتە دنیاوە، ئامێری چێلۆ و کۆمپۆزیسیۆنی لای هونەرمەند
ئەندرێ هالین Andreas Hallén لە کۆنسەرڤاتواری مەلەکی خوێندوە،
ساڵی( 1908 – 1910 )دا یەکەمین بەرهەمی بە ناوی (ڕاپسودی پیانۆ
و ئۆرکێسترا Rhapsody for Piano and Orchestra, )دارشتوە و
ساڵی 1912 سیمفۆنی ژمارە یەکی داناوە، ساڵی 1911 نامەی ماجستێری
ئەندازیاری لە پەیمانگای تەکنەلۆژی مەلەکی سوید بەدەست هێناوە.

ئاتیربێرگ ساڵی ( 1926 – 1953 ) بووە بە ئەندامی کارای ئەکادیمیای مەلەکی موزیکی سویدی، هونەرمەند ڕابەرایەتی زۆرێک لە بەرنامە و کۆنسێرتەکانی موزیکی ئەوروپای کردووە و لە زۆرینەی وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا شاکاری خۆی ناساندوە، مامۆستای سەرەکی و بەردەوامی ئەکادیمیای موزیکی پاشایی سوید بووە.

ئاتیربێرگ ستایلێکی تایبەتی هەبووە لە ڕۆمانتیکی نویٚ و تێکەڵ بە میلۆدی و مۆرکی سویدی، کۆمپۆزەرێکی بەناوبانگی موزیکی کلاسیکی سویدیە.

بەناوبانگترین بەرهەمەکانی:

( 5 ئۆپرا ) ، ( 4 بالیە ) ، (ڕاپسودی پیانۆ و ئۆرکێسترا 1908 – 1910 ) ، ( 8 سیمفۆنی، بەناوبانگترینیان سیمفۆنی پیکۆلا Piccolaیە لە پەیژەی سۆل مێجەر) ، (ژمارەیەک موزیکی کۆنسێرت لە میلۆدی کەلەپوری سویدی) و (ژمارەیەک کۆنسێرتۆ و میلۆدی).

ئاتیربێرگ ساڵی 1974 لە ستۆکهۆڵم کۆچی دوایی کردووە.



کلارا شومان
Clara Schumann
( 1896 - 1819 )

پیانۆژەن و موزیکدانەرێکی ئەڵەمانیە، ساڵی 1819 لە لایپزگ هاتۆتە دنیاوە، هاوسەری هونەرمەندی بەناوبانگ ڕۆبێرت شومان بووە، پیانۆژەنێکی زۆر بەتوانای سەردەمی ڕۆمانتیک بووە، بەتایبەتی وەک ئافرەتێک کەسایەتیەکی دیار و کاریگەر بووە، زۆرێک لە شاکار و دانراوە بەناوبانگ و بەهێزەکانی ئەو سەردەمە و سەدەکانی پێشووی نمایش کردووە، وەک بەرهەمەکانی (باخ، بێتهۆڤن، شۆپان و لیست) ، هونەرمەند فرانس لیست کۆنسێرتۆی پیانۆکەی پێشکەش بەم خانمە کردووە.

کلارا لە ساڵی 1878ەوە لە کۆنسەرڤاتواری فرانکفۆرت بووە بە مامۆستای موزیک، هاوڕێی نزیکی برامس بووە لە بواری موزیکداناندا زۆر سوودی لێوەرگرتووە.

بەناوبانگترین بەرهەمەکانی:

(یەک کۆنسێرتۆی پیانۆ لە پەیژەی لا ماینەر) ، (یەک سۆناتە بۆ پیانۆ لە پەیژەی سۆل ماینەر، 4 جوڵە) ، (یەک تریۆ بۆ پیانۆ لە پەیژەی سۆل ماینەر، 4 جوڵە) ، (ڤالسە ڕۆمانتیکیەکان بۆ پیانۆ Valses romantiques 1833 ) ، (ڕۆمانسی ڤاریێ بۆ پیانۆ لە پەیژەی ڕێ مێجەر، Romance 1833 variée ) ، (یەک تۆکاتە بۆ پیانۆ لە پەیژەی لا ماینەر) ، (یەک نۆکتۆرن بۆ پیانۆ لە پەیژەی فا مێجەر) ، (یەک مازۆرکا بۆ پیانۆ لە پەیژەی سۆل مێجەر) ، (یەک پۆڵۆنیز بۆ پیانۆ لە پەیژەی لا ماینەر) ، (موزیکی ژێدارەکان) و (نزیکەی 25 لید، کە بە ئۆپۆزی 23 دەستنیشان کراوە).

کلارا شومان ساڵی 1896 لە فرانکفۆرت کۆچی دوایی کردووە.



کلۆدیۆ مۆنتیڤێردی
Claudio Monteverdi
( 1643 - 1567 )

موزیکدانەرێکی ئیتالیە، ساڵی 1567 لە شاری کریمۆن Cremonaی باکووری ئیتالیا هاتۆتە دنیاوە، دکتۆرێکی بەناوبانگ بووە، لە تەمەنی مێردمنداڵیەوە کۆرسەکانی موزیکی لای مامۆستای بەناوبانگ و مایسترۆی ئیتالی مارک ئەنتۆنیۆ ئینجینیری Marcantonio Ingegneri خوێندوە، شایەنی باسە ئەم مامۆستایە ڕۆڵێکی بەرچاوی بینیوە لە پێشخستنی تواناکانی و ماوەیەکی باش یارمەتی داوە.

مۆنتیڤێردی ساڵی 1852 یەکەمین کۆمەڵە بەرهەمی بڵاوکردۆتەوە بریتیە لە بیست تەراتیل بە ناوی (ساکریە کانتیکولیە Sacrae Can-

. ( tiunchlae

هونەرمەند وەک ڤایۆلینژەن لە ئۆرکێسترای ڤنسنزو گونزاگ کاری کردووە، ساڵی 1607 لەسەر داوای بەڕێوەبەری ئەم ئۆرکێسترایە ئۆپرای (لا ئۆرفیۆ L’Orfeo )ی نووسیوە و لە مانتۆ Mantoue پێشکەش کراوە، سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێناوە، کۆمپۆزەرانی هاوتای وتویانە ئەم شاکارە یەکەمین موزیکی درامیە لەم سەردەمەدا.

هونەرمەند هەستێکی ئەفرێنەر و گوزارشتێکی پڕمانای هەبوو لە دەربڕینی: کۆمیدیا، تراژیدیا و ڕۆمانسی و دادەنرێت بە گەشەپێدەری ئۆپرای نوێ و پۆلیفۆنیکی ڕێنیسانس.

بەناوبانگترین بەرهەمەکانی:

( 18 ئۆپرا، کە 12 ئۆپرایان تا ساڵی 1630 ون بوون و 6 ئۆپرایان ماون: لا ئۆرفیۆ L’Orfeo ، لا ئاریانا L’Arianna ، گەڕانەوەی ئۆلیس بۆ نیشتمانەکەی

Il ritorno d’Ulisse in patria، ئۆپرای مێژوویی لینکۆڕۆنەزیۆنی دی پوپیا L’incoronazione di Poppea ، ڤیسپرۆ Vespro و شۆڕشی تانکرید و کلۆریند Tancrede et Clorinde ) و ( 9 کتێبی مادریگاڵ: 1587: Madrigali a cinque voci ، 1590: Il secondo libro de madrigali a cinque voci ، 1592: Il terzo libro de madrigali a cinque voci ،1603: Il quarto libro de madrigali a cinque voci ، 1605: Il quinto libro de madrigali a cinque voci ، 1614: Il sesto libro de madrigali a cinque voci ، 1619: Concerto. Settimo libro di madrigali ، 1638: Madrigali guerrieri, et amorosi con alcuni opuscoli in genere rappresentativo, che saranno per brevi Episodi fra i canti senza gesto. ، 1651: Madrigali e canzonette a due e tre . ( voci

مۆنتیڤێردی ساڵی 1643 لە ڤینیسیا کۆچی دوایی کردووە.



گ

گابریێل پییرنیە

Gabriel Pierné

( 1937 - 1863 )

موزیکدانەر و مایستڕۆیەکی فەرەنسیە، ساڵی 1863 لە شاری میتز Metz ی فەرەنسا هاتۆتە دنیاوە، لە تەمەنی پێنج ساڵیەوە کۆرسە بەراییەکانی موزیکی خوێندوە، ساڵی 1871 چۆتە کۆنسەرڤاتواری پاریس و کۆرسەکانی پیانۆی لای مارمونتل Marmontel و ڕیتمی لای دوران Durand و دەنگی لای لاڤینیاک Lavignac و ئۆرگۆنی لای فرانک Fran-ck و کۆمپۆزیسیۆنی لای ماسینیە Massenet خوێندوە.

هونەرمەند ساڵی 1882 خەڵاتی موزیکدانانی ڕۆمای بەدەست هێناوە، ساڵی ( 1890 - 1898) بۆتە ئۆرگۆنژەن لە کەنیسەی سانت کلوتیلد Sainte - Clotilde ، جێگری هونەرمەند فرانک بووە.

پیرنیە ساڵی ( 1910 - 1933 ) بۆتە بەڕێوەبەری ئۆرکێسترای سیمفۆنی کۆڵن، خۆی یەکێک بووە لە دەستەی دامەزرێنەری ئەم ئۆرکێسترایە، ساڵی 1924 بووە بە ئەندامی ئینستیتیوتی فەرەنسا. موزیکەکانی پیرنیە زۆرینەی بۆ ئۆرکێسترا نووسیوە، کۆمپۆزەرێکی مۆدێرنە، کاریگەری مۆرکی مەجەڕیی و هونەرمەند "دیبۆسی" و مامۆستاکەی " ماسینیە "ی بەسەرەوەیە.

بەناوبانگترین بەرهەمەکانی:

( 17 ئۆپرای کۆمیدی، بەناوبانگترینیان: La coupe enchantée - 1895 ، Vendée - 1897 ، La fille de Tabarin - 1901 ، On ne badine pas avec lamour - 1910 ، Sophie Arnould - 1927 ، Fragonard - 1935 ، ) ، (10 بالیە، بەناوبانگترینیان: Le Collier de Saphir - 1891 ، پاریس Les joyeuses commères de Paris - 1892 ، Bouton-dor - 1892 ، Cydalise et le chèvre-pied - 1923 ، وێناکردن لە هۆڵی موزیکیدا - 1927 Im-pressions de music - hall ، دەوران - 1934 Giration ، وێنەکان - Images 1935 ، ، ) ، (کانتاتە) ، (یەک ئۆراتۆریۆ) ، (یەک کۆنسێرتۆی پیانۆ - 1887 ) ، (یەک فەنتازی - بالیە بۆ پیانۆ و ئۆرکێسترا - 1885) ، (سکێرزۆ کابریش بۆ پیانۆ و ئۆرکێسترا - Scherzo -caprice 1890 ) ، (یەک کۆنسێرتۆی هارپ و ئۆرکێسترا - 1903 ) ، (یەک پۆیم سیمفۆنی بۆ پیانۆ و ئۆرکێسترا - 1903) ، ( 5 سویت سیمفۆنی: Trois pièces formant suite de concert 1883 ، سویتی ژمارە یەک 1883 ، سویتی ڤینۆس - 1935 Viennoiseو دوو سویتی دیکە بەناوی Two suites from Ramuntcho ) ، (یەک سریناد بۆ ژێدارەکان) ، (یەک فەنتازی هارپ و ئۆرکێسترا - Fantasie basques, for harp 1927 and orchestra) ، (ژمارەیەکی زۆر پارچە بۆ ڤایۆلین ، چێلۆ و ئۆرگۆن) ، (پارچەیەکی کۆنسێرتی بۆ پیانۆ Étude de concert ) و (ژمارەیەکی زۆر میلۆدی بۆ ئۆرکێسترای قەبارە جیاواز).

پیرنیە ساڵی 1937 لە پلوجان Ploujean کۆچی دوایی کردووە.



گۆستاڤ هۆڵست

Gustav Holst

( 1934 – 1874 )

موزیکدانەرێکی ئینگلیزیە، ساڵی 1874 لە شلتنهام Cheltnham هاتۆتە دنیاوە،

ساڵی 1893 چۆتە کۆلێجی موزیکی ڕۆیاڵ ( Royal College Of Music) و کۆرسەکانی کۆمپۆزیسیۆن ، پیانۆ و ئۆرگۆنی لای (ستانفۆرد) خوێندوە.

هۆڵست لە ساڵی 1903 بووە بە مامۆستای موزیک و لە ساڵی 1919ەوە، لە هەمان کۆلێج بۆتەوە بە مامۆستای کۆمپۆزیسیۆن.

هونەرمەند لە گەلێک گروپی جۆراوجۆردا پیانۆ و ئۆرگۆنی ژەنیوە، بەتایبەتی لە ئۆرکێسترای ئۆپرای سەڵتەنەتی لەندەن.

هۆڵست لە تەمەنی سیانزەساڵیەوە دەستی کردووە بە موزیکدانان، موزیکەکانی پڕن لە نەشئە و هەستی سەرکەوتن و تاڕادەیەک شادی بەخش، کاریگەریی موزیکی ئەڵەمانی پێوە دیارە، شێوازی ئامێربەندیی و ئۆرکێستراسیۆنی نزیک بوو لە هونەرمەند (برلیوز)ەوە، بە شێوەیەکی گشتی بە موزیکدانەرێکی هاوچەرخی ئینگلیزی ناوبانگی دەرکردووە.

بەناوبانگترین بەرهەمەکانی:

( 7 ئۆپرا) ، (بەرهەمی گەورەی کۆراڵی، لەوانە: ئۆراتۆریۆی " هیمین مەسیح" و سیمفۆنی بەهاوشانی کۆرس) ، (3 سویت سیمفۆنی: سویتی می بیمۆل بۆ هەواییەکان - گروپی سەربازی، First Suite in Eb 1909 for Military Band ، سویتی فا بۆ هەواییەکان - گروپی سەربازی ، Second Suite in F for Military Band 1911 و ستپاوڵس سویت، Sanit pauls Suite 1913 بۆ ژێدارەکان لە پەیژەی دۆ مێجەر) ، (یەک کۆنسێرتۆ بۆ دوو ڤایۆلین) ، (چەند پارچەیەک بۆ پیانۆ) و (چەندین میلۆدی بۆ ئۆرکێسترای قەبارە جیاواز) .

هۆڵست ساڵی 1934 لە شاری لەندەن کۆچی دوایی کردووە.





ل

لویس مارشان

Louis Marchand

( 1732 - 1669 )

ئۆرگۆنژەنێکی بەتوانای سەردەمی باروکە، هاو زەمانی هونەرمەند (یۆهان سباستیان باخ) بووە، ساڵی 1669 لە لیۆن Lyon هاتۆتە دنیاوە، کۆرسەکانی موزیک و ژەنینی ئۆرگۆنی لای باوکی خوێندوە.

لە تەمەنی چوار ساڵیەوە بووە بە ئۆرگۆنژەن لە کەنیسەکانی (ناور، ئۆگزر)و زۆرێک لە کەنیسەکانی دیکەی پاریس و دواجار لە ساڵی 1706 بووە بە ئۆرگۆنژەنی کەنیسەی سەڵتەنەتی پاریس. مارشان ژیانێکی ناخۆش و بێ بەرنامەی هەبووە بۆیە زۆر لەسەر کارەکانی کەنیسەی بەردەوام

نەبووە، دواتر پادشای فەرەنسا کارەکەی گواستۆتەوە بۆ ئەڵەمانیا و لەو میانەدا دۆستایەتی لەگەڵ (باخ)دا پەیدا کردووە، گەلێک سوودی لێوەرگرتووە. مارشان لە گەشتێکیدا بۆ ئەڵەمانیا بە مەبەستی پێشکەش کردنی کۆنسێرت لەو کەنیسەیەی باخ کاری تیا کردووە، بە گەیشتنی بۆ هۆڵی کەنسە گوێی لە دەنگی ئۆرگۆتی باخ بووە، تووشی شۆک بووە لە بەرامبەر ئەو توانا بەرزەی ژەنینی باخ، هەر ئەو ڕۆژە گەڕاوەتەوە بۆ پاریس.

مارشان گرنگیەکی زۆری داوە بە ژەنینی ئۆرگۆن و یەکێکە لە دەستپێشخەرانی شێوازی ئەم ئامێرە بەرەو سەدەی کلاسیک، لەدوای هونەرمەندان (کۆپرینCouperin و گرینیی Grigny ) .

بەناوبانگترین بەرهەمەکانی:

(کتێبی ئۆرگۆن) ، (2 کتێبی کلاوسن) ، (چەندین ئاریای بابەتیی) ، ( 3 بەرهەمی دینی، بەناوبانگترینیان : ئالیسۆن Alcyone ) و ( کتێبی بنەماکانی کۆمپۆزیسیۆن ) .

مارشان ساڵی 1732 لە پاریس کۆچی دوایی کردووە.





لیۆپۆڵد مۆزارت
Leopold Mozart
( 1787 – 1719 )

تیۆریستێکی بەتوانا، ئۆرگۆنژەن، ڤایۆلینژەن و ڕابەری ئۆرکێسترا بووە، باوکی هونەرمەندی بلیمەت و بەناوبانگی سەردەمی کلاسیکی ولفگانگ ئەمادیۆس مۆزارتە، ساڵی 1719 لە ئۆگسبۆرگ Augsbourg هاتۆتە دنیاوە، ماوەی دوو ساڵ لە زانکۆی سالسبۆرگ موزیکی خوێندوە.

مۆزارت ساڵی 1740 لای تورن و تاکسیس سەرۆکایەتی گروپی موزیکی کردووە و دواتر ساڵی1743 ڕابەرایەتی ئۆرکێسترای سالسبۆرگی گرتۆتە دەست و زۆرێک لە بەرهەمەکانی لەگەڵ ئەم ئۆرکێسترایەدا پێشکەش کردووە.

لە ساڵی 1760ەوە تەواوی ژیانی تەرخان کردووە، بۆ پەروەردەکردن و جێبەجێکردنی کارە هونەریەکانی منداڵەکانی (ماریا ئانا و ولفگانگ)و لەو میانەدا گەلێک گەشتی هونەریان بۆ وڵاتانی ئەوروپا ئەنجامداوە و لە زۆرینەی هۆڵ و کۆشک و کەنیسە بەناوبانگەکانی ئەڵەمانیا، نەمسا و فەرەنسادا کۆنسێرت و ئاهەنگی ناوازە و سەرسوڕهێنەریان پێشکەش کردووە.

بەناوبانگترین بەرهەمەکانی:

(موزیکی دینی) ، (سیمفۆنی یاریەکان) ، (کۆنسێرتۆ) ، (دیڤێتیمینتۆ) ، (یەک سۆناتەی پیانۆ) و (قوتابخانەیەکی بێ وێنە بۆ ئامێری ڤایۆلین، کە تا ئەم سەردەمە فێرخوازانی دنیا سوودی لێوەردەگرن، بەناوی – Versuch einer grundlichen Violinschule ).

لیۆپۆڵد ساڵی 1787 لە سالسبۆرگ کۆچی دوایی کردووە.



## لویگی ڕوسی
## Luigi Rossi
## ( 1653 - 1597 )

ئۆرگۆنژەن و موزیکدانەرێکی ئیتالیە، موزیسیانێکی سەردەمی باروکە، ساڵی 1597 لە توریماجیۆر Torremaggiore هاتۆتە دنیاوە، سەرەتاکانی ژیانی نادیارە، ساڵی 1608 لە ناپۆلی کۆرسەکانی ئۆرگۆن و کۆمپۆزیسیۆنی لای جان دوماک Jean de Macque خوێندوە و ساڵی 1621 چۆتە ڕۆما و لای بۆرگیز Borghese کاری کردووە.

ڕوسی ساڵی 1627 وەکو ئۆرگۆنژەن لە کەنیسەی سانت - لویس - دیە فرانسیە Saint - Louis - des - Francais دامەزراوە و تا کۆتایی ژیانی لەم جێگەیەدا ماوەتەوە و زۆربەی بەرهەمەکانی دەنگ و ئۆرگۆنی لەم کەنیسەیەدا ئامادەکردووە.

هونەرمەند ساڵی 1641 لەلایەن باربیرینی Barberiniەوە بانگهێشت کراوە، بۆ فەرەنسا و بەشداریی ژمارەیەک کۆنسێرتی موزیکی کردووە، ناوبانگێکی بەرفراوانی بەدەست هێناوە ساڵی 1650 بەتەواوەتی گەڕاوەتەوە بۆ ئیتالیا.

ڕوسی یەکێکە لە داهێنەرانی کانتاتای ئیتالی بە شێوەی "ئاریا داکاپۆ"ناسراوە و زۆرێک لە پارچەکانی بابەتی پەیوەندیدارن بەیەکەوە.

بەناوبانگترین بەرهەمەکانی:

(2 ئۆپرا : ئیل بالازو ئینکانتاتۆ Il Palazzo incantato و ئۆرفیۆ Orfeo) ، (نزیکەی 400 کانتاتا) ، (چەندین ئۆراتۆریۆ) ، (ئاریا) ، (ژمارەیەک میلۆدی بۆ ئۆرگۆن) و (یەک سریندادا) .

ڕوسی ساڵی 1653 لە ڕۆما کۆچی دوایی کردووە.



لاورۆ ڕۆسی
Lauro Rossi
(1885 - 1810)

موزیکدانەرێکی ئیتالی سەردەمی ڕۆمانتیکە، ساڵی 1810 لە ماسیراتا Macerata هاتۆتە دنیاوە، شاگردی (زینگارلی)بووە لە قوتابخانەی ناپۆلی و لەوێوە شارەزایی لە داڕشتن و بنەماکانی ئۆپرادا پەیدا کردووە، یەکەمین ئۆپرای داڕشتوە و دواتر ئۆپرای کۆمیدی disabitata داناوە و سەرکەوتن و ناوبانگێکی بەرفراوانی بەدەست هێناوە.

هونەرمەند چەندین ساڵ لە شاری مەکسیک ژیاوە و کاری هونەری پێشکەش کردووە، ساڵی 1850 بووە بە سەرۆکی کۆنسەرڤاتواری میلان و ساڵی 1870 بووە بە سەرۆکی کۆنسەرڤاتواری ناپل و لە میانی وانەوتنەوەدا مێژوویەکی بەرز و بێ وێنەی هەیە، لە بواری موزیکدانانیشدا بە ئۆپرا بەناوبانگە و بەتایبەتیش ئۆپرای کۆمیدی کە نمونەیەکی بەرزی ئۆپرای ڕۆمانتیکی ئیتالیە.

بەناوبانگترین بەرهەمەکانی:

29) ئۆپرا، لە 1829 تا 1877 دایڕشتون، بەناوبانگترینیان: La sposa al lotto – 1831 ، La scommessa di matrimonio – 1831 ، Baldovino, tiranno di Spoleto – 1832 ، Le fucine di Bergen – 1833 ، Leocadia – 1835 ، Giovanna Shore – 1836 ، Il borgomastro di Schiedam – 1844 ، Dottor Bobolo, ovvero La fiera – 1845 ، Cellini a Parigi – 1845 ، Azema di Granata, ovvero Gli Abencerragi ed i Zegrini – 1846 ، La figlia di Figaro – 1846 ، Blanca Contarini – 1847 ، Il domino nero – 1849 ، Le Sabine – 1852 ، L'alchimista – 1853 ، La sirena – 1855 ، Biorn – 1877 ، Cleopatra – 1876 ، La contessa di Mons – 1874 ، Lo zingaro rivale – 1867 ، Gli artisti alla fiera – 1868 ، Il maestro e la cantante – 1867) و (ئۆراتۆریۆی ڕۆح).

ڕوسی ساڵی 1885 لە کریمونا Cremona کۆچی دوایی کردووە.



لوی ڤێرن

Louis Vierne

( 1870 – 1937 )

هونەرمەندێکی نابینا بووە، ئۆرگۆنژەن و موزیکدانەرێکی فەرەنسیە، ساڵی 1870 لە پواتیە Poitiers هاتۆتە دنیاوە، چۆتە کۆنسەرڤاتواری پاریس و کۆرسی تایبەتی نابینایانی لای سیزار فرانک و ویدۆر خوێندوە.

هونەرمەند لە ساڵی 1892 وەک ئۆرگۆنژەنێک لە کەنیسەی سانت – سولپیس و ساڵی 1900 لە کەنیسەی نۆتردام کاری کردووە.

ڤێرن لەگەڵ ئەوەی هونەرمەندیکی نابینا بووە، بەڵام یەکێک بووە لە ئۆرگۆنژەنە بەتواناکان و جوانترین و پڕ برشترین بەرهەمی هەمەجۆر و نایابی داڕشتوە.

بەناوبانگترین بەرهەمەکانی:

(یەک سیمفۆنی بۆ ئۆرکێسترا) ، (یەک پۆیم سیمفۆنی) ، (یەک کوارتێتی ژێدار 1894 ) ، (یەک سۆناتەی چێلۆ و پیانۆ) ، (یەک سۆناتەی ڤایۆلین و پیانۆ 1905 – 1906 ) ، (یەک کوینتێتی پیانۆ 1917 ) ، (لارگۆ ئیت کانزۆنیتا، بۆ ئۆبوا و پیانۆ 1896 Largo et Canzonetta) ، (Deux Pièces تریۆ بۆ ڤیۆلا، چێلۆ و پیانۆ 1894 – 1895) ، (ژمارەیەکی زۆر پارچەی پیانۆ) ، (یەک ڕاپسودی بۆ هارپ 1909 ) و (چەندین میلۆدی و فۆرمی گەورە بۆ ئامێری ئۆرگۆن، وەک : 6 سیمفۆنی، 24 پارچە بە شێوازی ئازاد، 24 پارچەی فەنتازیی و یەک تیریپ تیک) .

ڤێرن ساڵی 1937 لە پاریس کۆچی دوایی کردووە.




٣

## میکۆلای زیلنسکی
## Mikołaj Zieleński
## ( ؟ 1615 – ؟ 1550 )

موزیکدانەر و ئۆرگۆنژەنێکی پۆڵەندPolishیە، دەربارەی ژیانی نووسراوێکی مێژوویی ئەوتۆ چنگ نەکەوتووە، ئەوەی کە ماوەتەوە دەربارەی ئەم هونەرمەندە، یەکێک بووە لەو کەسایەتیانەی کە هەوڵێکی زۆری داوە بۆ جێگیربوونی زانستی موزیک لە ناوچەکەیدا و لە ( 1608 – 1615 ) ئۆرگۆنژەنی (بارانۆڤسکی) بووە، ئەندامی گروپێکی سەربازی

باندی ئامێرە هەواییەکان بووە لە ناوچەکەدا، هونەرمەند یەکێک بووە لە گەورەترین موزیکدانەری لوهستانی و سەرەتای سەدەی باروک.

بەناوبانگترین بەرهەمەکانی:

( 121 دارِشتنی دینی بە شێوەی: مۆتێت، پسوم، هیمن) و (یەک مانیفیکای گەورە بۆ 3 کۆرس و 3 ئۆرگۆن).



میلی بالاکیرڤ
Mily Balakirev
( 1910 - 1837 )

موزیکدانەرێکی ڕوسیە، ساڵی 1837 لە نیجی نۆرگۆرد-Niji - No vgorod هاتۆتە دنیاوە، سەرەتا خوێندنی مێژووی سروشتی و ماتماتیکی لە زانکۆی (کازان) تەواوکردووە، لە تەمەنی 20 ساڵیدا لەژێر کاریگەریی هونەرمەند گلینکا Glinka لە سانت پترسبۆرگ تەواو ڕۆچۆتە ناو بواری موزیکەوە ، بووە بە شاگردێکی زیرەکی پیانۆ و کۆمپۆزیسیۆن لای ئەم هونەرمەندە.

بالاکیرڤ یەکێکە لە دەستەی دامەزرێنەری (کۆمەڵەی پێنج)هونەرمەندەکە

لە سانت پترسبۆرگ، کە ئەوانیش: (سیزار کوی Cesar Cui ، مۆسۆرسکی Moussorgski ، ڕیمسکی - کۆرساکۆڤ Rimski - Korsakov و بۆرۆدین Borodine) بوون.

ئەم هونەرمەندانە ساڵی 1862 (قوتابخانەی موزیکی خۆڕایی)یان دامەزراندوە بە مەبەستی بڵاوکردنەوە و گەشەپێدانی بیرۆکەی کۆمەڵەی پێنج کەسەکە، زیاتر گرنگیان ئەدا بە ڕێچکەی زانستی موزیکی کەلەپووری ڕوسی و بەجیهانی کردنی وەکو موزیکی کلاسیکی ئەوروپا لەو کاتەدا و ڕۆڵێکی تەواو کاریگەریان هەبووە و لە سەدەی نۆزدەوە تا ئێستاش لەژێر کاریگەری ئەو هەوڵ و کۆششەی ئەم هونەرمەندە و هاوڕێیاانی ئەدرەوشێتەوە.

هونەرمەند لە ئەنجامی قاڵبوونەوەی هەستی نەتەوایەتی، تەنها موزیکی ڕوسی پەسەند دەکرد و شاکارەکانی (هایدن، مۆزارت، ڤاگنەر و لیست)ی بەرز نەدەنرخاند و بە هونەرمەندێکی ساکار و سانا لێی دەڕوانین.

بەناوبانگترین بەرهەمەکانی:

(2 سیمفۆنی: دۆ مێجەر 1864 - 1866، ڕێ مێجەر 1900 - 1908) ، ( 2 پۆیم سیمفۆنی: تامار Thamar و ڕوسی 1867 - 1905 ) ، ( 7 ئۆڤەرچوری ئیسپانیۆل) ، (یەک ئۆڤەرچور لە 3 تیمەی ڕوسی) ، (یەک سۆناتەی پیانۆ) ، (یەک فەنتازی دینی بۆ پیانۆ) ، ( 3 نۆکتۆرن بۆ پیانۆ) ، ( 7 مازۆرکا بۆ پیانۆ 1861 - 1906) ، ( 7 ڤالس بۆ پیانۆ) ، (یەک سیریندای ئیسپانیا بۆ پیانۆ Spanish Serenade for Piano 1902 ) ، (یەک سویت سیمفۆنی 1901 - 1908) ، (میلۆدی ئیسپانی بۆ پیانۆ Spanish melody for Piano 1902 3 ) ، ( شروز بۆ پیانۆ) ، (لە ناو باخدا" بۆ پیانۆ In the Garden, for piano 1884 2) ،( کۆنسێرتۆ بۆ ئۆرکێسترا) و (ژمارەیەکی زۆر میلۆدی و کۆرسی کۆڕاڵی و میلۆدی دینی) .

بالاکیرڤ ساڵی 1910 لە سانت پترسبۆرگ کۆچی دوایی کردووە.





میکایل ئیڤانۆڤیچ گلینکا
Mikhail Ivanovich Glinka
( 1857 - 1804 )

موزیکدانەرێکە ڕوسیەیە، ساڵی 1804 لە لایێەکی نزیک سمولینسک Smolenskی بیلاڕوس Belarus لە خێزانێکی ناسراو و ڕەسەن و دیندار هاتۆتە دنیاوە، باوکی ئەفسەر بووە، میکایل لە شارەکەی خۆیدا خوێندنی تەواو کردووە. ساڵی 1817 هەندێک لە کۆرسەکانی پیانۆی لای (فیلد Field و کارل مییر Carl Meyer)و کۆرسەکانی ڤایۆلینی لای (بۆیهم Boehm )خوێندوە، لەهەمان کاتدا لە پەیمانگای پەروەردەیی سانت - پیترسبۆرگ کۆرسەکانی موزیکی کلاسیکی خوێندوە.

یەکەمین نمایشی گلینکا لە ساڵی 1822دا بریتی بوو لە پێشکەش کردنی (ڕەنگاڵەیەک لە پارچە گۆرانی ئامێزەکانی مۆزارت) .

هونەرمەند گەشتی کردووە بۆ قۆقاس Caucase و لەم گەشتە هونەریەیدا شارەزاییەکی باشی پەیداکردووە لە موزیکی ڕۆژهەڵاتیدا، لە بەرهەمەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە و خزمەتێکی بەرچاوی بە موزیکی ڕووسی کردووە.

هونەرمەند گەشتی کردووە بۆ ئیتالیا و ماوەی سێ ساڵ ماوەتەوە و لە بارەی هونەری گۆرانی چڕین و ئۆپراوە هەوڵێکی زۆری داوە و لەو ماوەیەدا ئۆپراکانی (بیللینی Bellini ، دونیزیتیDonizetti و ڕۆسینی Rossini )شیکردۆتەوە.

گلینکا لە ساڵی 1834 دەستیکردووە بە نووسینی ئۆپرای ڕ□ووسی (ئیڤاف سوسانین Ivan Soussanine) کە ناسراوە بە (ژیانی قەیسەر) و بۆ یەکەم جار لە سانت – پترسبۆرگ پێشکەش کراوە و جێی خۆشحاڵی نیکۆلای یەکەم بووە، سەرکەوتنێکی جەماوەریی گەورەی بەدەست هێناوە، ساڵی 1840 ئۆپرای دووەمی نووسیوە بەناوی (ڕوسلان ولودمیللا Rouslan et Ludmilla ) ، ئەم ئۆپرایە ماوەی شەش ساڵ پێشکەش کراوە ( 1840 – 1845 ) .

هونەرمەند لە ساڵی 1844ەوە سەفەرێکی درێژی کردووە بۆ فەرەنسا و ئیسپانیا، زۆرێک لە بەرهەمەکانی خۆی لە میانی سێ کۆنسێرت و ئاهەنگدا بەهاوکاری هونەرمەند برلیوز پێشکەش کردووە، شایەنی باسە ئەوکاتە گلینکا یەکەمین کۆمپۆزەری ڕووسی بووە کە لە فەرەنسادا بەرهەمی موزیکی نمایش کردووە، ماوەی دوو ساڵیش لە ئیسپانیا ماوەتەوە و کۆمەڵێک بەرهەمی مەدریدی نووسیوە و پێشکەش کراوە.

ئەتوانین بڵێین دواین کاری هونەرمەند گلینکا لە ساڵی 1852ەوە بریتی بوو لە نووسینەوەی مێژوو و یادگاری ژیانی خۆی.

گلینکا دادەنرێت بە باوکی موزیکی ڕووسی و زیندوکەرەوەی میللۆدی میللی ڕووسی و بە بەکارهێنانی جوانترین هارمۆنی و چنینەوەی ڕیتم و یاساکانی کۆمپۆزیسیۆن.

بەناوبانگترین‌بەرهەمەکانی:

(2 ئۆپرا : ئیڤاف سوسانین Ivan Soussanine و ڕوسلان ولودمیللا Rouslan et Ludmilla )،(یەک موزیکی کەنیسە)،(چەند پارچەیەکی سیمفۆنی، لەوانە: کامابنسکایا) ، (کۆمەڵە موزیکێک بۆ ژێدارەکان) ، (چەند پارچەیەک بۆ پیانۆ) و (چەندین میلۆدی بۆ سۆلۆ و ئۆرکێسترای قەبارە جیاواز) .

گلینکا ساڵی 1857 لە بەرلین کۆچی دوایی کردووە.



ماریۆس کۆنستانت

Marius Constant

( 2004 - 1925 )

موزیکدانەر و مایسترۆیەکی فەرەنسیە، ساڵی 1925 لە بۆخارست Bucarest هاتۆتە دنیاوە، کۆرسەکانی موزیکی لە کۆنسەرڤاتواری پاریس لای مامۆستایان: مسیان Messiaen ، ئاوبین Aubin ، بولانجیە Boulanger ، فۆرنیە Fournet و هۆنیگەر Honegger خوێندوە، ساڵی 1943 خەڵاتی موزیکدانانی ج. ئینیسکۆ G. Enescoی پێبەخشراوە .

کۆنستانت ساڵی 1952 خەڵاتی موزیکدانانی ئیتالیای بۆ بالیەی (ژەنیاری فلوت) پێبەخشراوە، هونەرمەند بۆتە بەڕێوەبەری موزیکی بالیەی

خانەی ئۆپرای پاریس، ساڵی 1978 بووە بە مامۆستای پۆلی ئۆرکێسترا و ئامێرەکان لە کۆنسەرڤاتواری پاریس.

بەناوبانگترین بەرهەمەکانی:

(چەندین بالیە، لەوانە: سیرانۆ دو بیرجیراک Cyrano de Bergerac ، را□ین Rain ، ڤایۆلین Violin ، کاندید Candide و لا تراجیدی دو کارمن La Tragedie de Carmen ) ، (یەک سویت سیمفۆنی بەناوی "تورنەر - Turner"1961 ) ، (یەک کۆنسێرتۆی پیانۆ 1957) ، ( 24 پرلیود بۆ ئۆرکێسترا 1958) و ( 23 پێشەکی موزیکیی) .

کۆنستانت ساڵی 2004 لە پاریس کۆچی دوایی کردووە.



مارسێل لاندۆسکی

Marcel Landowski

(1999 – 1915)

ڕابەری ئۆرکێسترا و موزیکدانەرێکی فەرەنسیە، ساڵی 1915 لە پۆن ئابە Pont-l'Abbé هاتۆتە دنیاوە، سەرەتا پیانۆی لای مارگرێت لۆنگ Marguerite Long خوێندوە و دواتر چۆتە کۆنسەرڤاتواری پاریس و کۆرسەکانی کۆمپۆزیسیۆنی لای هونەرمەندان نۆیل گالون Noel Gallon و هینری بوسیر Henri Busser خوێندوە .

لاندۆسکی بە خێرایی لە بواری موزیکداناندا پێشکەوتووە و یەکەمین دانراوەکانی ئەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی کۆنسەرڤاتوار، ساڵی 1937 و یەکێک لە بەرهەمە دیارەکانی بەناوی موزیکی (جادوگەران، حەوت گورگەکە) لەژێر چاودێری و ڕێنمایی هونەرمەند پیار مۆنتۆ Pierre Monteux داڕشتوە.

هونەرمەند ساڵی 1962 بۆتە بەڕێوەبەری موزیکی خانەی " کۆمیدیای فەرەنسی" و ساڵی 1966 بووە بە سەرۆکی پەخشی موزیکی وەزارەتی ڕۆشنبیری و ساڵی 1975 بووە بە سەرپەرشتیاری موزیک لە وەزارەتی پەروەردە.

بەناوبانگترین بەرهەمەکانی:

( 5 ئۆپرا ، لەوانە: خەمبار، دێوانە، پێکەنینی نیلز هالیریۆس Nils Ha-lerius و مۆنتسیگور Montsegur ) ، (یەک ئۆراتۆریۆ) ، ( 3 سیمفۆنی) ، ( 2 کۆنسێرتۆی پیانۆ ) و (چەندین موزیکی فیلم) .

لاندۆسکی ساڵی 1999 لە پاریس کۆچی دوایی کردووە.



ماتیۆ لوک

Matthew Locke

( 1621 – 1677 )

موزیکدانەر و ئۆرگۆنژەنێکی ئینگلیزیە، ساڵی 1621 لە دیڤون Devon هاتۆتە دنیاوە، موزیکی لە ئیکسیتەر Exeter بە چاودێری ئیدوارد جیبونز Edward Gibbons خوێندوە. هونەرمەند لە سەرەتای دەستپێکی کاری هونەریەوە تا ساڵی 1641 لە گروپی کۆرسی کاتیدرائی کاری کردووە دواتر چۆتە ئۆرکێستی موزیکی سەربازی مەلەکی، ساڵی 1650 گەڕاوەتەوە بۆ لەندەن و وەکو کۆمپۆزەرێکی ئۆرکێسترای سیمفۆنی ناسراوە.

لوک دادەنرێت بە یەکێک لە کۆمپۆزەرانی مێژووی شانۆی موزیکی ئینگلتەرا لە دوای هونەرمەند (پۆرسێڵ Purcell)ەوە، لەو کاتەدا جوانترین ئۆپرای داڕشتوە و بۆتە ڕێبازێکی نوێی مێژوویی و ناوبانگێکی جەماوەریی بەرفراوانی بەدەست هێناوە.

بەناوبانگترین بەرهەمەکانی:

ژمارەیەکی زۆر ئۆپرا، بەناوبانگترینیان:

(لیتل کۆنسورت ئۆف تری پارتس little Consort of Three Parts ، ماکبێس، ڤینۆس و ئەدۆنیس Venus et Adonis ، کوموس Comus ، دیدون و ئینیە Didon et Enee ، لوی کاونتریز Lowe Countries و کوپید Cupid و مردن) و (ژمارەیەکی زۆر موزیکی کۆنسێرتی و ئیتۆد بۆ ئۆرگۆن).

لوک ساڵی1677 لە لەندەن کۆچی دوایی کردووە.



ن

# نیکۆلا میاسکۆڤسکی
# Nicolai Miaskovsky
# ( 1950 - 1881 )

موزیکدانەرێکی ڕوسیە، ساڵی 1881 لە نۆڤۆجۆرجیڤسک Novogeorgiyevskی نزیک وارشۆ Warsaw هاتۆتە دنیاوە، ساڵی ( 1906 - 1911 ) کۆرسەکانی کۆمپۆزیسیۆنی لای (گلیرGliere ، کریزانۆڤسکی Kryzanovski ، لیادۆڤ Liadov، ڤیتولVitol و ڕیمسکی - کۆرساکۆڤ Rimski - Korsakov) لە کۆنسەرڤاتواری سانت

– پترسبۆرگ خوێندوه.
هونەرمەند ساڵی 1921 بووە بە مامۆستای کۆنسەرڤاتواری مۆسکۆ و ژمارەیەکی زۆر شاگردی بەتوانای موزیکدانانی دروست کردووە، لەوانە وەک هونەرمەندان (خاچاتوریان Khatchaturian ، کابالیڤسکی Kaba-levski ، مورادیلی Mouradeli و شیبالین Chebaline ) .
دانراوەکانی میاسکۆڤسکی تەکنیکێکی بەرز و پڕ چێژی هەیە و بەناوبانگە لە بەرجەستەکردنی هونەری ئۆرکێستراسیۆن و مۆرکی کەلەپور و نەتەوەیی ڕووسی، تەنها پێنج بەرهەمی کاریگەری چایکۆفسکی بەسەرەوەیە.
بەناوبانگترین بەرهەمەکانی:
( 27 سیمفۆنی "1908 – 1949) ، ( 2 پۆیم سیمفۆنی: 1910 ، ئالاستۆر Alastor "1913" ) ، (یەک سیرینادا بۆ ئۆرکێسترای بچوک "1929" Se-renade for small orchestra ) ، ( مارش بۆ ئۆرکێسترای هەوایی 2 Marches for wind orchestra 2 "1941" ) ، (یەک ئۆڤەرچوری دراماتیک بۆ ئۆرکێسترای هەوایی "1942" Dramatic Overture for wind orchestra ) ، (ڕاپسودی سلاڤی بۆ ئۆرکێسترا لە پەیژەی ڕێ ماینەر "1946" Slavonic Rhapsody ) ، (یەک دیڤێرتیسیمینت بۆ ئۆرکێسترای بچوک "1948" Divertissement for small orchestra ) ، ( ئۆڤەرچوری پەتەتیک بۆ ئۆرکێسترا لە پەیژەی دۆ ماینەر "1947" Pathetic Overture ) ، (یەک کۆنسێرتۆی ڤایۆلین، لە پەیژەی ڕێ مێجەر "1938") ، (یەک کۆنسێرتۆی چێلۆ لە پەیژەی دۆ مێجەر "1944" ) ، ( 13 کوارتێتی ژێدارەکان "1929 – 1950" ) ، ( 2 سۆناتەی چێلۆ : ڕێ مێجەر "1911 – 1935"، لا ماینەر "1950" ) ، (یەک سۆناتەی ڤایۆلین لە پەیژەی فا مێجەر "1946" ) ، ( 9 سۆناتەی پیانۆ "1907 – 1949" ) ، (یەک سۆناتینای پیانۆ، می ماینەر "1941" ) و (ژمارەیەکی زۆر میلۆدی و بەرهەمی کۆراڵی لەگەڵ پیانۆدا) .
میاسکۆڤسکی ساڵی 1950 لە مۆسکۆ کۆچی دوایی کردووە.



نیکۆلا فاگۆ

Nicola Fago

( 1745 - 1677 )

موزیکدانەر و مامۆستایەکی ئیتالیە، ساڵی 1677 لە تارانتۆ Taranto هاتۆتە دنیاوە، لە (1693 - 1695) لە کۆنسەرڤاتواری " دلاپیتا دی تورچینی Conservatorio della Pietà de’ Turchini " لە ناپل Naples و لای هونەرمەندان (پرونسالە و دۆن ئۆرسینۆ )کۆرسەکانی کۆمپۆزیسیۆنی خوێندوە، دواتر هەر لە هەمان کۆنسەرڤاتوار بووە بە مامۆستا و لە میانی وانەوتنەوەدا ناوبانگێکی زۆری هەبووە، مایسترۆی گروپی موزیکی کۆنسەرڤاتوار بووە.


هونەرمەندان (لئو، ژوملی، سالا، فئو، دۆمیۆ و لورنتسو) ژمارەیەکن لە

شاگردە بەتواناکانی فاگۆ کە لە سەرەتای وانەوتنەوەی لە کۆنسەرڤاتوار تا کۆچی دوایی کردووە.

بەناوبانگترین بەرهەمەکانی:

( 8 ئۆپرا : Il Radamista ، (1709) L’Astratto ، Lo Masiello (1707) ، La Dafne ، Cassandra Indovina (1711) ، “Magnificat” ten vocals + instruments ، “Stabat Mater” 4 vocals + a quartet و Il Faraone Sommerso ) ، (یەک ئۆراتۆریۆ) و (ژمارەیەکی زۆر بەرهەمی دینی بە مۆتێت و بە ئامێربەندی جیاواز) .

فاگۆ ساڵی 1745 لە ناپل کۆچی دوایی کردووە.



٥

هۆگۆ وۆلف

Hugo Wolf

( 1903 – 1860 )

مۆزیکدانەرێکی نەمساویە، ساڵی 1860 لە ویندشگراد -Windisch grätz هاتۆتە دنیاوە، هاوڕێی هونەرمەندان ئەنتۆن بروکنەر و گۆستاڤ ماهلەر بووە، ناسراوە بە مناڵی سەرسوڕهێنەر، لەتەمەنی چوار ساڵیەوە دەستی کردووە بە خوێندنی ڤایۆلین و پیانۆ لای باوکی و ساڵی 1875 چۆتە کۆنسەرڤاتواری ڤیەننا و ماوەی دوو ساڵ بەردەوام بووە و لەگەڵ بەڕێوەبەری کۆنسەرڤاتواردا تێکیداوە و وازی لێ هێناوە، لەدەرەوەی کۆنسەرڤاتوار درێژەی داوە بە کۆرسە تایبەتەکانی کۆمپۆزیسیۆن.

هونەرمەند کەسایەتیەکی زۆر توڕە بووە و ئەم سیفەتەی لە زۆر لایەنەوە زیانی پێگەیاندوە، بەتایبەتی لە لایەنی ماددیەوە، چونکە لە زۆرینەی ئەو


کاره هونەریانەی پێی دەبەخشرا، وەک: ژەنین، ڕابەرایەتی و مامۆستایەتی جێگیر نەدەبوو و زوو دەستی لەکار کێشاوەتەوە، لە کۆتاییەکانی ژیانیدا بەتەواوی تێکچوە و عەقڵی لەدەست داوە، ئەوەی کە جێی گومان و هەڵوێستەی جەماوەر و هونەرمەندان بووە بەرامبەر بە ۆڵف ئەو جیاوازیە بوو لە نێوان دەروونێکی تورە و ناجێگیر لە بەرامبەر موزیکێکی داهێنەر و ڕۆمانسی، پڕ لە هەست و سۆز و ناسکی، ئەمە هۆکارێک بوو بۆ ناوبانگی ئەم هونەرمەندە .

موزیکی ۆڵف پڕن لە داهێنانی ڕۆمانسی، دادەنرێت بە یەکێک لە داهێنەرانی موزیک و گۆرانی نوێی ئەڵەمانی، نازناوی (ڤاگنەری لید Lied )ی پێبەخشراوە، زۆر سەرسام بووە بە ڤاگنەر، برلیوز و بێتهۆڤن، زۆر دژی مۆرکی برامس بووە و لە ڕۆژنامەی "ڤینەر سالونبلات"دا زۆر بەتوندی لە بارەی ئەم هونەرمەندەوە وتارێکی نووسیوە.

بەناوبانگترین بەرهەمەکانی:

(2 ئۆپرا : Der Corregidor - 1895 ، Manuel Venegas - 1897) ، ( سریناداى ئیتالی بۆ کوارتێتی ژێدار - 1887 ) ، (نزیکەی 300 لید لە هۆنراوەی "گۆتە" ، "لنو" ، "هاینە" ، بەناوبانگترینیان : Mörike-Lieder - 1888 ، Eichendorff-Lieder - 1889 ، Goethe-Lieder - 1890 ، Spanisches Liederbuch - 1891 ، Italienisches Liederbuch 1892 - 1896 و Michelangelo Lieder - 1897 ) ، ( یەک کوارتێتی ژێدار لە پەیژەی ڕێ ماینەر - 1878 ) ، (پۆیم سیمفۆنی پانتیزیلیە Penthesilee) ، (نزیکەی 20 بەرهەمی کۆڕاڵی) و ( ژمارەیەکی زۆر پارچەی ئۆرکێسترا کە زۆرینەی بە ناتەواوی بەجێ هێشتوە) .

ۆڵف ساڵی 1903 لە ڤیەننا کۆچی دوایی کردووە لە نزیک ئارامگای بێتهۆڤن و شۆبێرت بەخاک سپێردراوە.



هیلدینگ ڕۆزینبێرگ
Hilding Rosenberg
( 1985 – 1892 )

یەکەمین موزیکدانەری مۆدێرنی سویدیە، ساڵی 1892 لە بۆکجۆکلۆستەر Bosjökloster هاتۆتە دنیاوە، لە تەمەنی 21 ساڵیدا دەستیکردووە بە موزیک و لە ساڵی ( 1921 – 1925)لای پیانۆژەن، ڕابەری ئۆرکێسترا و کۆمپۆزەری سویدی ولیەم ستانهامار Wilhelm Stenhammar کۆرسەکانی کۆمپۆزیسیۆنی خوێندوە، پاشان کۆرسەکانی کۆمپۆزیسیۆنی لە درسدن، بەرلین، ڤیەننا و پاریس تەواو کردووە.

هونەرمەند ماوەیەک ڕابەرایەتی ئۆرکێسترای سەڵتەنەتی ستۆکهۆڵم بووە، لەسەر دەستی ئەم هونەرمەندە مێژووی موزیکی کلاسیکی سویدیی جێگیر کراوە.

ڕۆزینبێرگ ساڵی 1932 بۆتە بەڕێوەبەری موزیکی ئۆپرای مەلەکی سویدی.

ڕۆزینبێرگ کاریگەری کۆمپۆزەرانی مۆدێرنی کلاسیکی فەرەنسی بەسەرەوە بووە، بەتایبەتی هونەرمەندان ستراڤنسکی Straviniski و شۆنبێرگ Schonber.

بەناوبانگترین بەرهەمەکانی:

( 9 ئۆپرا ، بەناوبانگترینیان: ئۆپرای ماریۆنیت 2 ) ، ( Marionnettes بالیە) ، ( 9 سیمفۆنی 1917 – 1974 ) ، ( 14 کوارتێتی ژێدارەکان 1920 – 1972 ) ، (یەک ئۆڤەرچور) ، (یەک ئۆراتۆریۆ) ، ( 4 سۆناتە بۆ پیانۆ) ، (یەک کۆنسێرتۆی ڤایۆلین) ، ( یەک کۆنسێرتۆی ڤیۆلا) ، (یەک کۆنسێرتۆی چێلۆ) ، (یەک کۆنسێرتۆی ترومپێت) ، (یەک سویت بۆ ڤایۆلین و پیانۆ) و (چەندین میلۆدی) .

ڕۆزینبێرگ ساڵی 1985 لە ستۆکهۆڵم کۆچی دوایی کردووە.



هینریک شوتز

Heinrich Schütz

( 1672 - 1585 )

ئۆرگۆنژەن و موزیکدانەرێکی ئەڵەمانیە، ساڵی 1585 لە شاری کۆستریتز Köstritzی ئەڵەمانیا هاتۆتە دنیاوە، لەسەر داوای خێزانەکەی خوێندنی یاسای لە زانکۆی ماربۆرگ Marburg تەواو کردووە.

هونەرمەند ساڵی 1591 چۆتە کەنیسەی مۆریس دوهیس کاسیل Maurice de Hesse Cassel و یەکێک بووە، لە دەنگ خۆشەکانی کۆرس و شاگردە بەتوانا و بەهرەمەندەکان و هەر لەو سەردەمەوە هەندێک لە بەرهەمەکانی بەتایبەتی کتێبێکی مادریگاڵی ئیتالی بەچاپ گەیاندوە و پێشکەشی کردووە، جەماوەر وەکو هاوئاستی هونەرمەندی گەورەی سەردەمەکەی یۆهان سباستیان باخ Johann Sebastian Bach سەیریان کردووە.

ئەگەرچی هونەرمەند لە سەرەتای ژیانیدا کۆلێجی یاسای خوێندوە، بەڵام ساڵی 1609 بەتەواوەتی ڕووی کردۆتەوە موزیک و ماوەی چوار ساڵ لە ڤیەننا کۆرسەکانی کۆمپۆزیسیۆنی لای هونەرمەند جیۆڤانی گابرێلی Giovanni Gabrielliخوێندوە.

شوتز گەڕاوەتەوە ئەڵەمانیا و ساڵی 1612 وەکو ئۆرگۆنژەن لە کەنیسەی کۆشکی مۆریس دو هیس Hesse  Maurice de کاریکردووە و پاشان پیشەکەی گواستۆتەوە بۆ لای کۆشکی ئەمیر یۆهان - جۆرج Johann Georg - حاکمی ساکس Saxe .

هونەرمەند ساڵی 1617 چۆتە درسدن Dresde و لەوێوە جوانترین شاکارەکانی موزیک و گۆرانی داڕشتوە و سەرکەوتنی گەورەی بەدەست هێناوە.

موزیکی شوتز پۆلیفۆنیەکی سادە و جوانە، کاریگەری کۆنسێرتۆکانی مۆنتیڤێردی، کۆمپۆزەرانی سەدەی شانزەهەمی هۆڵەندا و میلۆدیە دینیەکانی مامۆستاکەی جیۆڤانی گابرێلی بەسەرەوە بووە، نزیکەی 500 شاکاری داڕشتوە و هەندێکیشی تەنها بۆخۆی نووسیوە یان ون بوون، بەتایبەتی ئۆپراکانی کە یەکەمین نمونەی ئۆپرای ئەڵەمانی بووە و دیار نەماون، هەندێک لە سەرچاوەکان دەڵێن لەوانەیە لەسەردەمی خۆیدا دزرا بێت.

بەناوبانگترین بەرهەمەکانی:

( 48 کۆنسێرتی بچوکی دینی، 1636 - 1639 بۆ سۆلۆی ئامێر و باسی بەردەوام - کۆنتینیۆ) ، ( 18 کتێب لەسەر تیۆری موزیک و ژەنینی ئۆرگۆن، ساڵی ( 1885 - 1927 )بەچاپ گەیەنراوە) ، (ئۆراتۆریۆی "پاک" بە شێوازی میللی ئەڵەمانی بۆ سۆلۆی کۆرس، 4 ڤیۆلا داگامبا و ئۆرگۆن) Il primo libro de madrigali " 1611 ) ، ( Historia der fröli- ) ، chen und siegreichen Aufferstehung " 1623 ) ، ( Can- tiones sacrae " 1625 ) ، ( Psalmen Davids " 1628) ، ( Symphoniae sacrae " 1629 ، 3 بۆ 8 دەنگی مرۆیی و ئۆرکێسترا) Musikalische Exequien " 1636 ) ، (Kleine geistliche ) ، Konzerte " 1636 ) ، ( Symphoniae sacrae " 1647 ، 3 بۆ 8 دەنگی مرۆیی و ئۆرکێسترا) ، ( Symphoniae sacrae " 1650 ) ، (Geistliche Chor-Music " 1648) ، ( Zwölf geistliche Gesän- ge " 1657 ) ، ( Psalmen Davids " 1661 ) ، (Weihnachtshis- torie " 1664 ) ، (25 مۆتێتی ئەڵەمانی یان کۆرسی دینی لە 5 ، 6 و 7

دەنگی مرۆیی و ئۆرکێسترا 1648) ، ( 3 کتێبی گەورە کە ژمارە 1 و 3 گەورەترین و پڕ بایەخترین نووسینی تیایە سەبارەت بە مۆرکی موزیکی ئیتالی، کە بەنرخترین سەرچاوەی مێژووییە) ، (پارچەیەک بۆ ئۆرکێسترا لە ڕەسەنترین شێوازی پۆلیفۆنیک) و ( 7 قسەی کۆتایی مەسیحی پیرۆز بە سۆلۆ و کۆڕاڵ و هاوشانی ئۆرگۆنی سۆلۆ) .

شوتز ساڵی 1672 لە درسدن کۆچی دوایی کردووە.



## هاینریک مارشنەر
## Heinrich Marschner
## ( 1861 – 1795 )

موزیکدانەرێکی ئەڵەمانیە، ساڵی 1795 لە زیتاو Zittau هاتۆتە دنیاوە،

سەرەتا خوێندنی یاسای تەواو کردووە، بەهەوڵی تایبەتی خۆی فێری موزیک بووە، پاش بینینی بێتهۆڤن Beethoven لە نەمسا بەتەواوەتی خۆی بۆ موزیک تەرخان کردووە.

سەرەتا بووە بە ڕابەری گروپی موزیکی کەنیسەی ئەمیر کرازاتکویتز Krasatkowitz لە پریسبۆرگ Presbourg ، دواتر چۆتە شاری درسدن Dresde بۆ بینینی هونەرمەند وێبەر Weber ، ساڵی 1824 بۆتە بەڕێوەبەری موزیکی ئەم شارە و جێگیر بووە، ساڵی 1826 وێبەر کۆچی دوایی کردووە، مارشنەر خراوەتە جێگەکەی لە شاری لایپزگ Leipzig . هونەرمەند ساڵی 1828 گەشتێکی هونەریی کردووە بۆ بەرلین و لەگەڵ هونەرمەند مەندڵسۆن Mendelssohnدا کاری موزیکی هاوبەشیان کردووە، دواتر گەشتی کردووە بۆ دانتزیگ Dantzig و بریسلو Breslau و ساڵی 1837 لە هانۆڤەر Hanovre جێگیر بووە. مارشنەر کۆمپۆزەرێکی کلاسیکیە، کاریگەریی هونەرمەندان بێتهۆڤن و وێبەری بەسەرەوەیە.

بەناوبانگترین بەرهەمەکانی:

( 23 ئۆپرا بە شێوازی وێبەر، بەناوبانگترینیان: تیتوس – 1817 Titus، سایدەر ئەند زولیتا – Saidar und Zulima 1818، هانس هایلینگ Hans Heiling ، داس ستیل ڤۆلک Das stille Volk ، دیر ڤامپیر Der Vampyr ، عەلی بابا Ali Baba ، هینریکی چوارەم ئەند دوبینیە – Heinrich IV und d'Aubigné 1819 ، لوکریتا – 1827 Lucretia ، دیە وینەر ئین بەرلین – Die Wiener in Berlin و ئوستین – Austin 1852) ، (چەندین بەرهەمی کۆرس و لید) ، ( 7 تریۆ بۆ پیانۆ) ، ( 2 کوارتێت بۆ پیانۆ) و (پارچەیەکی سۆلۆ بۆ گیتار –Douze bagatelles pour la Guitarre, Op. 4 ) .

مارشنەر ساڵی 1861 لە هانۆڤەر کۆچی دوایی کردووە.



## هێرمان ڕویتەر
## Hermann Reutter
## ( 1985 - 1900 )

پیانۆژەنێکی بەناوبانگە، ساڵی 1900 لە شتورگارت Stuttgart هاتۆتە دنیاوە، سەرۆکی قوتابخانەی بەرزی موزیکی شتوتگارت بووە، لە سەر شێوازی قوتابخانەی (نیورۆمانتیسم )ی میونخ کاری کردووە، بە بۆچونی هونەرمەند زەمینەی ئاوازی گشتی ئەڵەمانی ئاوازێکی وروژێنەرە، جوانترین بەرهەمی هونەرمەند بریتی بووە لە ئۆراتۆریۆی (ڕۆژ ژمێری گەورە)کە ساڵی 1933 دایڕشتوە، ڕۆیتەر لەگەڵ ئەوەی کۆمپۆزەرێکی گەورە و ناسراو بووە، بەڵام لە ساڵی 1936دا بە بیانوی دژایەتی کردنی ڕژێمی نازیی شەهید کراوە.

بەناوبانگترین بەرهەمەکانی:

( 10 ئۆپرا: ساول Saul – 1928 ، دکتۆر یۆهان فاوست Doktor Johannes Faust – 1938 ، ئۆدیسیوس Odysseus – 1942 ، دیه واگ ناچ فریودینستاد Der Weg nach Freudenstadt – 1948 ، دیه ڕوکه دیس ڤیرلۆرینین سۆهنیس Die Rückkehr des verlore-nen Sohnes – 1952 ، دی ویتۆ ڤۆن ئیفیسوس Die Witwe von Ephesus" 1954 – 1966 ، دیه تود دیس ئیمپیدۆکلیس Der Tod des Empedokles" 1954 – 1966 ، دیه بروک ڤۆن سان لویس Die Brücke von San Luis Rey – 1954 ، دی بروک ڤۆن سان لویس ڕی Die Brücke von San Luis Rey – 1954 و هاملێت Hamlet 1980 –) ، (نزیکەی 10 ئۆراتۆریۆ و کانتاتای پڕۆفان) ، ( 4 کۆنسێرتۆی پیانۆ) ، (یەک کۆنسێرتۆی ڤایۆلین) ، (2 کوارتێتی ژێدارەکان) ، (فەتازی پیانۆ 1926 ) ، ( Prozession بۆ سۆلۆی چێلۆ و ئۆرکێسترا 1957 ) ، (کتێبی ڤایرەیشن بۆ پیانۆ 1928 ) ، (کتێبی 8 گۆرانی ڕووسی 1927 ) و (ژمارەیەکی زۆر لید و کتێبی زانستی موزیک) .

ڕویتەر ساڵی 1985 لە هیدینهیم Heidenheim شەهید کراوە.



# هێنریک وینیاوسکی
# Henryk Wieniawski
## ( 1880 - 1835 )

ڤایۆلینژەن و موزیکدانەرێکی ڕووسیە، ساڵی 1835 لە لوبلین Lublinی ڕوسیا هاتۆتە دنیاوە، پێدەچێت لەسەدەی ڕۆمانتیکدا لە پێش پاگانینیەوە بەهێزترین ڤایۆلینژەن بوو بێت. وینیاوسکی لە تەمەنی هەشت ساڵیەوە چۆتە کۆنسەرڤاتواری پاریس و بە تەمەنی یانزەساڵی بە پلەی یەکەم کۆنسەرڤاتواری تەواو کردووە، ئیمبراتۆری ڕووسیا (گارنەر) چاکترین ڤایۆلینی خەڵات کردووە. هونەرمەند لەگەڵ براکەی (جۆزیف) کە ئەویش پیانۆژەنێکی بەتوانا بووە، گەشتی هونەریان بەتەواوی وڵاتانی ئەوروپادا کردووە و باشترین کۆنسێرتیان پێشکەش کردووە.
لە مێژووی سەدەی ڕۆمانتیکدا بەتایبەتی لە 1840 تا 1871 بەناوبانگترین

و بەهێزترین ڤایۆلینژەن بووە و نازناوی (ژەنیاری پونروسبۆرگی) پێبەخشراوە.

وینیاوسکی دۆستایەتیەکی زۆری هەبووە، لەگەڵ مامۆستای گەورەی موزیکی ڕووسی ئەنتۆن ڕۆبنشتاین و پێکەوە گەشتی هونەریان کردووە بۆ ئەمەریکا، هونەرمەند ساڵی ( 1874 - 1877) بووە بە مامۆستای کۆنسەرڤاتواری برۆکسل.

بەناوبانگترین بەرهەمەکانی:

( 28 دانراوی جۆراو جۆر بۆ ئامێری ڤایۆلین و ئۆرکێسترا: لەوانە 2 کۆنسێرتۆی ڤایۆلین کە شاکارێکی بەنرخ و بەناوبانگی جیهانیە، چەند سۆناتەیەک و ژمارەیەک موزیکی کۆنسێرتی، فەنتازی و ڤایرەیشن بۆ ڤایۆلین و پیانۆ ... )

وینیاوسکی ساڵی 1880 لە مۆسکۆ کۆچی دوایی کردووە.



# هیتۆر ڤیلا لۆبۆس
## Heitor Villa-Lobos
## ( 1959 - 1887 )

موزیکدانەرێکی بەرازیلیە، ساڵی 1887 لە ڕیۆ دو جانیرۆ Rio de Janeiro هاتۆتە دنیاوە ، لای باوکی ئامێری ڤایۆلین و فلوتی خوێندوە، هونەرمەند ڕۆڵێکی بەرچاوی بینیوە لە داڕشتنەوە و ناساندنی موزیکی کەلەپووری بەرازیلیی.

یەکەمین بەرهەمەکانی لە تەمەنی چواردەساڵیەوە داڕشتوە و کاریگەریی موزیکی سەردەمی کلاسیک و هونەرمەندی باروکی یۆهان سباستیان باخی بەسەرەوە بووە و سوودی لە هونەری کۆنتراپۆینتی وەرگرتووە، لەگەڵ موزیکی سەدەی کلاسیک و کەلەپووریی بەڕازیلیدا بە شێوازی خۆی تێکەڵی کردووە، مۆرکێکی تازەی بۆ نەتەوەکەی بنیاتناوە.

ڤیلا لۆبۆس وەک مامۆستایەک و کۆمپۆزەرێک ناوبانگێکی بەرفراوانی لە ئەمەریکا و ئەوروپادا هەبووە، ساڵی 1930 بانگهێشت کراوە بۆ پاریس و لەوێ هەندێک لە شاکارەکانی نمایش کردووە، هەر لەو گەشتەیەوە ئاشنایەتی لەگەڵ هونەرمەندان (پاول لو فلیم Paul Le Flem و ئارسەر

ڕۆبنشتاین Arthur Rubinstein )دا پەیدا کـردووە، گەلێک کار و پڕۆژەی هونەریان بەئەنجام گەیاندوە، یەکێک لەو پڕۆژانەش بریتی بوو لە بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی کۆمپۆزەران (هۆنیگەر Honegger ، ڕاڤێڵ Ravel ، ڕوسیل Roussel ، شمیت Schmitt و پۆلینک Poulenc ) لە سەرانسەری بەڕازیلدا، ساڵی 1942 کۆنسەرڤاتواری کەلەپوری (کانتۆ – ئۆرفئۆنیکۆ)ی دامـەزرانـدوە، هونەرمەند لە وادەی جەنگی جیهانی دووەمدا لە ژیانێکی ناجێگیردا لە نێوان ئەمەریکا و ئەوروپادا نیشتەجێ بووە، هەر لەو ماوانەدا هەندێک لە بەرهەمەکانی لە ئێزگەی فەرەنسا لە پاریس تۆمارکردووە، ڤیلالۆبۆس لە ژیانیدا ژمارەیەکی زۆر خەڵات و مەدالیای زێڕینی لە ئەمەریکا و ئەوروپادا بەدەست هێناوە، دادەنرێت بە یەکێک لە گەورەترین موزیکدانەری بەڕازیلی و جیهانی، لەبەر ئەوەی بەرهەمەکانی هەمە جۆرن و بۆ هەموو تەمەن و هەست و دەروونێک شاکاری خوڵقاندوە.

بەناوبانگترین بەرهەمەکانی:

(12 سیمفۆنی، وەک: جەنگ، سەرکەوتن، سڵاو، دۆزینەوەی بەڕازیل، ئامازوناس Amazonas ، نۆنیتۆ Nonetto ، چۆروس Choros و خێزانی مناڵ "1920 – 1957 ) ، ( 2 پۆیم سیمفۆنی: Uira- 1917 puru و Erosion) 1950Erosão) ) ، (کانتاتە بۆ ئۆرکێسترا 1940 5 ) ، ( ئۆپرا: Mandu-Carará Uirapuru 1917، Danca da terra Emperor Jones ) ، و 1939 ، Ruda 1951 ، Genesis 1954 2) بالیە بۆ ئۆرکێسترا: ئەمەزۆن Amazonas 1917 و Em- 1956 peror Jones ) ، (بەرهەمێکی دینی) ، (یەک کۆنسێرتۆی ڤایۆلین) ، ( 5 کۆنسێرتۆی پیانۆ: 1945 ، 1948 ، 1952 و 1954 ) ، (یەک فەنتازی بۆ پیانۆ و ئۆرکێسترا، 1921 بەناوی : 3 ) ، ( Momoprécoce تریۆ بۆ پیانۆ و ژێدارەکان: 1911 ، 1915 و 1918) ، (یەک تریۆ بۆ ڤایۆلین، ڤیۆلا و چێلۆ 1945 ) ، (یەک تریۆ بۆ ئۆبوا، کلارینێت و باسون 1922) ، ( 2 کۆنسێرتۆی چێلۆ: 1915 ، 1953) ، (یەک فەنتازی چێلۆ و ئۆرکێسترا 1946) ، (یەک فەنتازی کۆنسێرتات بۆ پیانۆ، کلارینێت و باسون 1953) ، (شەشیەک بۆ فلوت، ئۆبوا، ساکسیفۆن، هارپ، چلیستا و گیتار 1917 ) ، (یەک فەنتازی ساکسیفۆنی سۆپرانۆ و ئۆرکێسترای ژێدار 1948 ) ، ( 18 کوارتێتی ژێدارەکان: 1915 ، 1915 ، 1917 ، 1917 ، 1931 ، 1938 ، 1942 ، 1944 ، 1945 ، 1946 ، 1948 ، 1950 ، 1951 ، 1953 ،

1954 ، 1955 ، 1957 و دواییت کوارتێتی بە ناتەواوی بەجێ هێشتوە) ، ( 2 موزیکی فیلم: Descobrimento do Brasil 1938 و 1959 Gre-en Mansions ) ، (یەک کۆنسێرتۆی گیتار 1951 ) ، (یەک کۆنسێرتۆی هارپ 1953 ) ، (یەک کۆنسێرتۆی هارمۆنیکا 1955) ، (یەک سویت بۆ پیانۆ و ئۆرکێسترا 1913 ) و (چەندین میلۆدی بە پیانۆ یان ئۆرکێسترا کە خەملێنراوە بە نزیکەی 1500 پارچە) .

ڤیلالۆبۆس ساڵی 1959 لە وڵاتی دایکایەتی کۆچی دوایی کردووە.



9

## ولیەم پیجپەر

## Willem Pijper

( 1947 - 1894 )

موزیکدانەریێکی جیهانیە، ساڵی 1894 لە زایست Zeist هاتۆتە دنیاوە، کۆرسەکانی کۆمپۆزیسیۆنی لە ڤیەننا لای ڤاگنەر خوێندوە و لای (دیبۆسی و ۆرلن) شارەزاییەکی زۆری لە ئەدەبیات و موزیکی فەرەنسیدا پەیدا کردووە.

پیجپەر لە ساڵی ( 1930 – 1947 ) بۆتە بەڕێوەبەری کۆنسەرڤاتواری ئەمستردام و ژمارەیەکی زۆر شاگردی بەناوبانگی پێگەیاندوە، وەکو: بادینگ و لاندرە.

هونەرمەند هەر لەو ساڵانەوە بووە بە خاوەنی ئیمتیازی گۆڤاری (موزیک)ی ڤیەننا.

موزیکەکانی پیجپەر سەرەتا بە شێوازی ڕۆمانتیک و دواتر بە مۆدێرنە کۆتاییان هات، کاریگەریی هونەرمەندان (ستراڤنسکی، ماهلەر و شۆنبێرگ)ی بەسەرەوە بووە، پێشینەیەکی باشی هەبووە، لەسەر مۆرکی موزیکی دانیمارکی و ئەم تایبەتمەندیە هونەرمەند پیجپەری کردە خاوەن مۆرکێکی تایبەت بە بەرهەمی زۆر و هەمەجۆر ناسراوە و هەر دانراوێکی کەسایەتیەکی نوێمان پێ ئاشنا دەکات.

بەناوبانگترین بەرهەمەکانی:

( 2 ئۆپرا : ئۆپرای هالوین Halewijn 1932 و مارلین Merlijn 1939 ) ، (موزیکی شانۆیی: ئانتیگۆن و سۆفۆکل) ، (بەرهەمێک بۆ کۆرس) ، (3 سیمفۆنی) ، (5 کوارتێتی ژێدارەکان: 1914 ، 1920 ، 1923 ، 1928 و 1946) ، (یەک کوارتێت بۆ هەواییە تەختەییەکان: فلوت، ئۆبوا، کلارینێت، باسون لەگەڵ فرانج هۆڕن 1929 ) ، (کۆنسێرتۆی پیانۆ و ئۆرکێسترا) ، (کۆنسێرتۆی ڤایۆلین و ئۆرکێسترا) ، (کۆنسێرتۆی چێلۆ و ئۆرکێسترا) ، ( 2 سۆناتە بۆ چێلۆ و پیانۆ: 1919 ، 1924 ) ، ( 5 کوارتێتی بەناوبانگ بۆ ژێدارەکان) ، ( 2 سۆناتە بۆ ڤایۆلین ) ، ( 2 سۆناتە بۆ چێلۆ) ، (یەک سۆناتەی فلوت و پیانۆ 1925 ) ، ( 2 سۆناتە بۆ ڤایۆلین و پیانۆ: 1919 ، 1922 ) ، (یەک سۆناتە بۆ ڤایۆلینی سۆلۆ 1931 ) ، ( 3 سۆناتینا بۆ پیانۆ: 1917 ، 1925 و 1925 ) ، (یەک سۆناتە بۆ 2 پیانۆ 1935 ) ، ( 3 نمونە بۆ پیانۆی سۆلۆ Three Aphorisms for piano solo 1915 ) ، (ژمارەیەک پارچە بۆ دەنگ و پیانۆ) و (ژمارەیەک میلۆدی) .

پیجپەر ساڵی 1947 لە لاید شندام کۆچی دوایی کردووە.



## والتەر پیستۆن
## Walter Piston
## (1976 – 1894)

مۆزیکدانەر و مامۆستایەکی ئەمەریکیە، ساڵی 1894 لە ڕۆکلاند Ro-ckland هاتۆتە دنیـاوە، ساڵی 1912 دوای خوێندنی سەرەتایی چۆتە قوتابخانەی هونەری ماساچۆست و هونەری شێوەکاریی خوێندوە و ساڵی 1916 بڕوانامەی وەرگرتووە، هونەری مۆزیک لای پیستۆن کاری دووەمی بووە، لە میانی جەنگی جیهانی دووەمدا ئامێری سەکسیفۆنی لە گرووپی مۆزیکی نیزامیدا ژەنیوە. پیستۆن لە ساڵی 1924ەوە کۆرسەکانی مۆزیکی لە قوتابخانەی هاروارد خوێندوە، چۆتە پاریس لای هونەرمەند نادیا بۆلانژە خوێندوێتی، ئەم مامۆستایە یەکێک بووە، لە مامۆستا گەورە و بەناوبانگەکانی مۆزیک لە فەرەنسا و زۆرێک لە کۆمپۆزەرەکانی تری ئەمەریکا کۆرسەکانی کۆمپۆزیسیۆنیان لەلا خوێندوە.

پیستۆن ساڵی 1926 چۆتە ئەمەریکا و بووە بە ئەندامی دەستەی زانستی

زانکۆی موزیکی هاروارد، پیستۆن مامۆستا و موزیکدانەرێکی زۆر بەتوانا بووە، زۆرێک لە ناودارانی موزیکی کلاسیکی نوێی ئەمەریکی مۆدێرنی ئەمڕۆ کۆرس و شێوازە موزیکەکانی ئەم هونەرمەندەیان وەرگرتووە، شێوازێکی تایبەتی میلۆدی، هارمۆنی، ڕیتم و کۆنتراپۆینتی زۆر قوڵ و بەهێزی بەکاردەهێنا و مۆرکێکی تەواو ئەمەریکیە.

پیستۆن لە ژیانیدا چەندین خەڵاتی بەرزی پێشکەش کراوە، وەکو خەڵاتی: ( Boston Symphony Hazbit Award; Guggenhain Fello- wship; Pulitzer Prize; )

پیستۆن خاوەنی دکتۆرای فەخریی موزیکی کۆنسەرڤاتواری موزیکی (فیلادلفیا)یە ، ئەندامی ئەکادیمیای میللی هونەر و زانستی ئەمەریکا بووە.

دانراوەکانی هونەرمەند بە تایبەت کتێبە زانستیەکانی کە لە خوارەوە ئاماژەی پێدراوە بەناوبانگترین بەرهەمەکانێتی و کە لە زۆربەی قوتابخانەو کۆنسەرڤاتوار و زانکۆکانی موزیکی دنیا وانەی لەسەر دەخوێنرێت.

بەناوبانگترین‌بەرهەمەکانی:

(8 سیمفۆنی : 1937 ، 1943 ، 1948 ، 1950 ، 1954 ، 1955 ، 1960 و 1965) ، ( 2 سویت بۆ ئۆرکێسترا: 1929 ، 1948 ) ، (یەک سیریناداا بۆ ئۆرکێسترا 1957 ) ، ( سێ ڕووخساری تازەی ئینگلتەرا، بۆ ئۆرکێسترا 1960 Three New England Sketches ) ، (یەک کۆنسێرتۆ بۆ ئۆرکێسترا 1934 ) ، (سیمفۆنیتا 1941 Sinfonietta ) ، ( 2 کۆنسێرتۆی ڤایۆلین: 1939 ، 1960) ، (فەنتازیای ڤایۆلین و ئۆرکێسترا 1970 ) ، (پرلیود و ئەلێگرۆ بۆ ئۆرگۆن و ئۆرکێسترا 1943 Prelude and Allegro for Organ and Strings ) ، (فەنتازیای بۆ هۆڕن، هارپ و سترینگ 1954) ، (یەک کابرێش بۆ هارپ و سترینگ 1963 ) ، (یەک کۆنسێرتۆی ڤیۆلا 1957 ) ، (ڤایرەیشن بۆ چێلۆ و ئۆرکێسترا 1966 ) ، (یەک کۆنسێرتۆی کلارینێت و ئۆرکێسترا 1967) ، (یەک کۆنسێرتۆی فلوت و ئۆرکێسترا 1970) ، (یەک کۆنسێرتۆی پیانۆ 1937 ) ، (یەک کۆنسێرتۆ بۆ دوو پیانۆ و ئۆرکێسترا 1958) ، ( 3 کوارتێتی ژێدارەکان) ، (یەک سۆناتینا بۆ ڤایۆلین و کلاوسن) ، (یەک سۆناتەی ڤایۆلین و ڤیۆلا) ، (یەک سۆناتەی پیانۆ 1926) ، ( Passacaglia بۆ پیانۆ 1943) ، (ئیرتیجالی بۆ پیانۆ 1945 Improvisation ) ، (کتێبی خوێندنی کرۆماتیک بۆ ئۆرگۆن بەناوی "باخ" 1940 Chromatic Study on the Name of BACH ) ، (کتێبی کۆنتراپۆینت، پێکهاتووە لە 11 بەشی سەرەکی و ساڵی 1947 لە نیۆیۆرک چاپ کراوە) ، (کتێبی هارمۆنی 1941 لە نیۆیۆرک

چاپ کراوه) ، (کتێبی شێوازی بەکارهێنانی هارمۆنی و کۆنتراپۆینت 1933 ) و (دوایین بەرهەمی پیستۆن: کۆنسێرتۆ بۆ کوارتێتی ژێدار، ئامێرە هەواییەکان و پێرکەیشن Concerto for String Quartet, Wind Instruments 1976 and Percussion ) .

پیستۆن ساڵی 1976 لە بیلمۆنت Belmont کۆچی دوایی کردووە.



## ی

## یۆهان میکایل هایدن

## Johann Michael Haydn

## (1806 – 1737)

ئۆرگۆن و ڤایۆلینژەن و موزیکدانەرێکی نەمساویە، برای بچوکی هونەرمەندی بەناوبانگی سەردەمی کلاسیک (جۆزف هایدن)ە ، ساڵی 1737 لە شاری ڕۆهرو – سور – لا – لیتیان Rohrau – sur – La – Leitha هاتۆتە دنیاوە ، ساڵی ( 1745 – 1754 ) لەڕێی براکەیەوە چۆتە کۆرسی کەنیسەی سانت – ئیتیان Sainte – Etienne لە ڤیەننا.

هونەرمەند ساڵی 1742 بۆتە بەڕێوەبەر و ڕێکخەری موزیک لە سالسبۆرگ، لەهەمان کاتدا بووە بە ئۆرگۆنژەنی کەنیسەی سانت – پیتر و هەر لەو کەنیسەیەشدا بەخاک سپێردراوە.

هایدن ساڵی 1763 بووە بە ڤایۆلینژەنی سەرەکی لە ئۆرکێسترای سالسبۆرگ، مۆرکی موزیکەکانی شێوازی براکەی و مۆزارتی هەبووە، زۆربەی ئەو کۆنسێرتە موزیکیانەی بە ئەنجامی گەیاندوە بەشداریی تیا کردووە، لە شاری ڤیەننا و سالسبۆرگ بوون.

بەناوبانگترین بەرهەمەکانی:

(زنجیرەیەک پارچە موزیکی دینی جۆراوجۆر، وەک: 28 مس، 2 ڕکویم، 114 گراندۆئل، لیتانی، ویپر، ئۆراتۆریۆ و کانتاتای فراوان) ، (زائیر Zai-re) ، (ئاندرۆمیدا ئیە پیرسیۆ Andromeda e Perseo) ، (دیر بوسند ساندین Der Bussend Sunden ) ، ( ڕیبیکا ئالس بروت Rebekka als Braut) ، (دیر تروم Der Traum) ، (میسا هیسپانیکا Missa his-panic) ، (میسا سانکتی لیۆپۆڵدی Missa Sancti Leopoldi) ، ( 30 سیمفۆنی و پارتیتا ) و (چەند میلۆدیەک) .

میکایل هایدن ساڵی 1806 لە سالسبۆرگ کۆچی دوایی کردووە.



یۆهان شۆبێرت

Johann Schobert

( 1720 ؟ 1730 – 1767 )


موزیسیانێکی فەرەنسیە، لە نێوان 1720 بۆ 1730 لە نەمسا و لە خێزانێکی هونەر پەروەردا هاتۆتە دنیاوە، ژەنیاری کلاوسن بووە، ساڵی 1760 لە پاریس نیشتەجێ بووە و کاری ژەنین و موزیکدانانی لای (لویس فرانسوا Louis François ، دی بۆربۆن de Bourbon, و پرینس دو کونتی prince de Conti.) بەئەنجام گەیاندوە، لە پایتەختدا ناوبانگێکی بەرفراوانی هەبووە، دۆستایەتیەکی پتەوی هەبووە لەگەڵ لیۆپۆڵد مۆزارت

Leopold Mozart لەو دەمـەوەی کە لیۆپۆڵد و کوڕە بەهرەمەندەکەی (مۆزارتی بچکۆلە) بانگهێشت کراون بۆ پاریس، ئەم پەیوەندیە دروست بووە، گەلێک کۆنسێرت و ئاهەنگی موزیکی هاوبەشیان پێشکەش کردووە.

بەناوبانگترین بەرهەمەکانی:

( 6 سیمفۆنی بۆ کلاوسن ، ڤایۆلین و کـۆرس) ، ( 6 کۆنسێرتۆی کلاوسن) ، ( 18 سۆناتەی کلاوسن) و (چەندین میلۆدی بۆ گروپی جۆراو جۆر و سۆلۆ) .

شۆبێرت ساڵی 1767 لە پاریس کۆچی دوایی کردووە.



یانیس زناکیس

Yannis Xenakis

( 1922 – 2001 )

مۆزیکدانەرێکی ڕۆمانیە، ساڵی 1922 لە برایلا Brăila ی ڕۆمانیا هاتۆتە دنیاوە، زناکیس ئەگەر چی یەکێکە لەو هونەرمەندانەی کە ناوبانگێکی بەرفراوانی هەیە لە بواری تیۆری ماتماتیک و داهێنەری جدی ئەم بوارە، لەگەڵ ئەوەشدا وەکو کۆمپۆزەرێکی پڕ هەست و بە توانا ناسراوە، بەرفراوانی و جوانی داڕشتنی مۆزیکەکانی دەگەڕێتەوە بۆ بەتوانانیی هونەرمەند لە بواری ماتماتیکدا و سوودی لێوەرگرتوە بۆ گونجانناسی و ئەو بابەتانەی کە لە کۆمپۆزیسیۆندا هاوتان لەگەڵ ماتماتیکدا.

زناكيس كۆرسەكانی موزيكی لای هونەرمەندان (مسيان Messiaen ، وارز Warezو هۆنيگەر Honegger )خوێندوه و كاريگەری هونەرمەند (مسيان)ی بەسەرەوەيە و يەكێكە لەو كۆمپۆزەرانەی كە بە بەرهەمی كەم و پڕ مانا ناسراوە.

بەناوبانگترين بەرهەمەكانی:

(ئونتا 10) ، (سيمونوويك) (ئامێرە ڕيتميەكانی أسترازبۆرگ) و (كنستان).

زناكيس ساڵی 2001 لە پاريس كۆچی دوايی كردووە.



یۆهان پیتەر زیلمەر

Johan Peter Selmer

( 1910 - 1844 )

موزیکدانەرێکی جیهانیە، ساڵی 1844 لە شاری کریستیانیا هاتۆتە دنیاوە، هونەرمەند چۆتە پاریس و کۆرسەکانی کۆمپۆزیسیۆنی لای هونەرمەند (أ . تۆماس) و لە لایپزگ لای (ف. ڕیشتەر)خوێندویتی.

موزیکەکانی زیلمەر ڕۆمانتیکیەکی تەواو بووە و کاریگەریی تەواوی کۆمپۆزەرە نەرویجیەکانی بەسەرەوە بووە.

بەناوبانگترین بەرهەمەکانی:
(یەک ئۆراتۆریۆ) ، (یەک کۆرسی ئاکاپلا) ، (یەک پۆیم سیمفۆنی) و (نزیکەی 110 میلۆدی بۆ سۆلۆ و ئۆرکێسترای قەبارە جیاواز) .
زیلمەر ساڵی 1910 لە ونیز کۆچی دوایی کردووە.



یۆهان ویکمانسۆن

Johan Wikmanson

( 1800 - 1753 )

دانەرێکی سویدیە، ساڵی 1753 لە ستۆکهۆڵم هاتۆتە دنیاوە، نزیکەی دوو ساڵ لە شاری کۆپنهاگن وەرزش و چۆنێتی دروستکردنی ئامێری موزیکی خوێندوە.

هونەرمەند بووە بە ئۆرگۆنژەن لە کەنیسە سەرەکیەکانی ستۆکهۆڵم (سانت - نیکۆلا و ستۆرکیرکان Storkyrkan ) ، ساڵی 1788 بووە بە ئەندامی کارای ئەکادیمیای مەلەکی سویدی (Academy Swedish Royal) و ماوەیەک بووە، بە بەرپرسی بەرنامە و فێستیڤاڵە فەرمیەکانی سوید. موزیکەکانی ویکمانسۆن مۆرکێکی سویدی کلاسیکی هەیە و وەکو (هایدن)ی سوید ناسراوە، زۆرینەی بەرهەمەکانی لەسەردەمی خۆیدا چاپخانە سویدیەکان بەچاپیان گەیاندوە و ماوەتەوە.

بەناوبانگترین بەرهەمەکانی:
(2 ئۆپرا : 1791 – Äfventyraren و 1798 – Eremiten) ، (ژمارەیەکی زۆر کوارتێتی ژێدارەکان) ، (چەند پارچەیەک بۆ چێلۆ) ، ( 3 سۆناتە بۆ سیتار) و (ژمارەیەک پارچەی پیانۆ) .

ویکمانسۆن ساڵی 1800 لە ستۆکهۆڵم کۆچی دوایی کردووە.



یارۆسلاڤ کریچکا

Jaroslav Křička

( 1969 – 1882 )

موزیکدانەرێکی موراویە، ساڵی 1882 لە شاری کیلچ Kelč هاتۆتە دنیاوە، لای هونەرمەند (ئاکاتر نیوسلاو) کە مایسترۆ و مامۆستای کۆمپۆزیسیۆن بووە لە شاری پڕاگ، کۆرسەکانی موزیکدانانی خوێندوە، کریچکا بەهرە و ستایلێکی پڕ چێژ و زۆر تایبەتی هەبووە بە تایبەتی لە بەرهەمە کۆڕاڵیەکانیدا و خاوەنی جوانترین میلۆدیە.

بەناوبانگترین بەرهەمەکانی:

(یەک ئۆپرا) ، (4 ئۆپرای کۆمیک) ، (4 ئۆپرا و ئۆپەرێت بۆ مناڵان) ، (یەک

کانتاته) ، (یەک پۆیم سیمفۆنی) ، (2 کۆنسێرتۆی ڤایۆلین و ئۆرکێسترا) ، (چەند پارچەیەکی پیانۆ) و (ژمارەیەکی زۆر میلۆدی و ئاوازی گشتی بۆ ئامێری جیاواز یان دەنگ).

کریچکا ساڵی 1969 لە پڕاگ کۆچی دوایی کردووە.



یۆهان گریگەر

Johann Krieger

( 1725 – 1651 )

موزیکدانەرێکی ئەڵەمانیە، ساڵی 1651 لە نۆرمبێرگ Nüremberg هاتۆتە دنیاوە، دواتر لە دانیمارک نیشتەجێ بووە، لە (سانت – پیار دو کۆپنهاگ Saint – Pierre de Copenhague ) ئۆرگۆنی ژەنیوە.

هونەرمەند ساڵی 1670 گەڕاوەتەوە شارەکەی، بووە بە ئۆرگۆنژەنی هەمایۆنی دادوەری سەربازیی بایروت Bayreuthو ساڵی 1680 تا ئەو ڕۆژەی کۆچی دوایی کرد لە شاری زیتاو ڕابەری ئۆرکێسترا بووە. موزیکی کریگەر باروکیەکی تەواو بووە، کاریگەریی شێوازی فوگ و کۆنتراپۆینتی (یۆهان سباستیان باخ)ی بەسەرەوە بووە.

بەناوبانگترین بەرهەمەکانی:

(موزیکی تازەی ئاینیی) ، (سیاسی و دراماتیکی بۆ سێ دەنگ) ، (سۆناتەی سیانی بۆ پیانۆ) ، (سۆناتەی ڤایۆلین و ئامێرە فودارە تەختەییەکان، بەناوی: لوستیج فیلد - میوزیک Lustige Feld Musik) و ( ڕاهێنانی جۆراو جۆر بۆ ئامێری پیانۆ بە شێوازی پرلیود و فوگە) .

کریگەر ساڵی 1735 لە زیتاو Zittau کۆچی دوایی کردووە.

# سەرچاوەکان


بەزمانی کوردی:

1. ژیاننامە و بەرهەمەکانی ناودارانی جیهانی: کەریم شارەزا، چاپخانەی شڤان لە سلێمانی ساڵی 2007.

2. ناودارانی موزیکی جیهانی: دانانی - زۆزک قەرەداغی، زنجیرە کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم - ژمارە (425)ی ساڵی 2008.

بەزمانی عەرەبی:

1. تاریخ موسیقی العالمیه: پیودم فینی، ترجمه د . سمحه الخولی.

2. دعوه الی الموسیقی: تالیف مایسترو یوسف السیسی، سلسله کتب پقافیه شهریه یصدرها المجلس الوگنی للپقافه و الفنون و الاداب - الکویت 1981 .

3. فن الموسیقی (نشأه ، تاریخا ، اعلاما) : ترجمه و اعداد فاچل جاسم الصفار، الدار العربیه للموسوعات فی بیروت - لبنان 1988 .

4. مع الموسیقی العالمیه: د . گارق حسون فرید، دار الشوون الپقافه العامه (أفاق عربیه) فی العراق - بغداد 1989 .

5. موسوعه أعلام الموسقی العرب و الاجانب: أعداد د . لیلی ملیحه فیاچ، دار الکتب العلمیه (بیروت لبنان) 1992 .

6. موسوعه أعلام الموسیقی و الادوات الموسیقیه: تالیف د . أحمد صافی، دار أسامه للنشر و التوزیع (عمان - الاردن) 2003 .

7. یوهان سباستیان باخ: مارتن جک، ترجمه د. عادل دمرداش، الهیئه المصریه العامه للکتاب 1997 .

8. سیر کبار الموسیقیین (الجزو الپانی - هندل ، هایدن و شوبرت) : تألیف ایان ودوارد، نقلته الی العربیه الآنیسه روز غریب ، گبع فی انکلترا 1975 .

9 . التأریخ الموسیقی: تألیف پیودورم فینی، ترجمه د . سمحه الخولی و محمد جمال عبدالرحیم، تقدیم حسین فوزی، القاهره، دار المعرفه ، ( ب ، ت ) .

10 . أعلام الموسیقی الغربیه : زید الشریف ( دمشق - سوریه) ، منشورات وزاره الپقافه 1994 .

11 . تراپ الموسیقی العالمی: کورت زاکس، ترجمه سمحه الخولی، القاهره، دار النهچه العربیه، 1964 .

بەزمانی فارسی:


1 . فرهنگ بزرگ موسیقی: رولان دوکانده، گرد أوردی و ترجمه: شهره شهشعانی، انتشارات راه مانا (تهران) 1381 .

2 . موسیقی کلاسیک و رومانتیک: مولف هوشنگ کامکار، ناشر دانشگاه هنر (تهران) 1380 .

3 . تاریخ موسیقی: تالیف لوست مارتیروسیان، ترجمه سیروس کرباسی، انتشارات دانشگاه تهران.

4 . سه أهنگساز: موزار، برلیوز، واگنر، ی رولاند رولان، ترجمه حمید عنایت، انتشارات فرانکلین.

5 . أشنایی با موسیقی کلاسیک: نوشتەی رابرت شرمن، ترجمەی رەزا رەزایی، نشر أفکار (تهران) 1383 .

6 . کنترپوان: نوشتەی والتر پیستون، ترجمەی هوشنگ کامکار، نشر افق (تهران) 1386 .

7 . یک قرن موسیقی مدرن: نوشتەی پل گریفیپ، ترجمەی کیوان میر هادی، نشر افکار (تهران) 1383 .


بەزمانی ئینگلیزی:


1. Atlas Allan W . : Musicin the classic period, N. Y. 1985.

2. Abraham Gerald : A Hundred years of Music, Chicago, 1964.

3. Grout Donald : A History of western music, N. Y. 1960.

4. Kermode frank : The classic ( New – York, london, 1975).

5. Lang paul Henry : Music in western Civilization, N. Y. 1941.

6. Roy Hemming – Discovering great Music – London, 1990 .

7. Perey . A. Scholes – The Oxford Companion to Music – 1991 .

8. Michael Kenndy – The Coneise Oxford Of Music

– 1989 .
9. MUSIC ( EYEWITNESS GUIDES ) Discover the intriguing world of musical sound and the extraordinary variety of instruments that create it, ( Written by NEIL ARDLEY ), Dorling Kindersley – LONDON .
10.Ahistory of European music by David G. hughes 1974.

## ژیاننامەی زۆزك قەرەداغی لەچەند دێڕێكدا:

* زۆزک ئەحمەد عومەر ناسراو بە (زۆزک قەرەداغی) 9/12/ 1979 لە شاری سلێمانی هاتۆتە دنیاوە، زۆرینەی ئەندامانی خانەوادەکەی سەرقاڵی کاری هونەریی و ڕۆشنبیرین.

* دەرچووی بەشی موزیکی پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلێمانیە (1998 – 1999)بە پلەی یەکەم.

* ڕاهێنەری هونەری موزیکە لە یەکەی چالاکی هونەری سلێمانی.

* ماوەی سێ ساڵ ( 2005 – 2007 )مامۆستای وانەبێژی تیۆر و پڕاکتیکی موزیک بووە لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی.

* لە ژیانی هونەریدا بەشداریی نزیکەی (60) فێستیڤاڵ و کۆنسێرت و ئاهەنگی موزیکی کلاسیکی و گۆرانی کوردی کردووە، لە کوردستان، ئێران، تورکیا و نەمسا.

* لە ساڵی ( 1999 )وە ئەندامی ڕێکخراوی هونەرمەندانی کوردستانە.

* لە ژیانی هونەریدا لە نزیکەی هەشت تیپ و گروپی موزیکدا وەک و ڤایۆلین ژەن و موزیک دانەر کاری کردووە.

* ئەندامی لیژنەی هونەری و ڤایۆلینژەن و کۆمپۆزەری ئۆرکێسترای ژێداری سلێمانیە.

*ئەندامی لیژنەی هونەری و ڤایۆلینژەن و کۆمپۆزەری تیپی موزیکی سلێمانیە.

* یەکەمین بەرهەمی موزیکی بۆ ئۆرکێسترای ژێدار بەناوی ( Kurdish dance No .1) لەساڵی 2005 دا لە ڤیستیڤاڵی ساڵانەی بەشی موزیکی پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلێمانی نمایش کردووە، دووەم بەرهەمی موزیکی بەناوی( hony Dark – شیرینە و سەوزە )بۆ ئامێرە ژێدارەکان لە ئۆرکێسترای ژێداری سلێمانی بە ڕابەرایەتی (نەجات ئەمین)لە ( 23 – 24 / 8 / 2005 )لە هۆڵی

سلێمانی نمایشکراوە.

* چەندین بابەتی چاوپێکەوتن و ڕەخنەیی و توێژینەوەی مێژوویی لە ڕۆژنامەو هەفتەنامەو مانگنامەکانی وەکو (ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ ، شاکار ، ئاینده ، بەدرخان ، پشووی کوردستانی نوێ، شارستانیی، سلێمانی، تێکست، ئاواز، خەبات، ئالآی ئازادی، ئاسۆ، ڕامان، چلاواز... ) لەسەر موزیک و سترانی کوردیی و جیهانیی بڵاوکردۆتەوە.

* ساڵی 2006 لە هەفتەنامەی ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ خەڵاتی ڕێزلێنانی باشترین نووسەری موزیکی لە ماوەی دەرچوونی (500)ژمارەی ئەم ڕۆژنامەیەدا پێبەخشراوە.

* ساڵی 2007 وەکو ڤایۆلینژەن و موزیک دانەر بەشداری ڤێستیڤاڵی ( 1st Summa Cum Laude International Youth Music Festival Vienna 2007 )ی شاری (ڤیەننا)ی کردووە، لەگەڵ ئۆرکێسترای ژێداری کورد و پلەی دووەمیان بەدەست هێناوە، لەم ڤێستیڤاڵەدا سەمای کوردی ژمارە (1)ی زۆزک قەرەداغی لە ( گۆڵدن هۆڵ Golden Hall) بە ڕابەرایەتی (نەبەز حەمە ڕەشید)نمایشکراوە کراوە.

* ساڵی 2008 لەگەڵ گروپی موزیکی میللی کورد لە ڤیەننا کۆنسێرتێکی گۆرانی و موزیکی کوردیان لە هۆڵی (ئورانیا Urania)پێشکەش کردووە.

موزیکەکانی هونەرمەند:

1 –سەمای کوردیی لە ڤیەننا بۆ ئۆرکێسترای ژێدار، ساڵی 2007 لە سلێمانی تۆمار کراوە.

2 –شیرینە و سەوزە بۆ ئۆرکێسترای ژێدار، ساڵی 2005 لەلایەن ئۆرکێسترای ژێداری سلێمانیەوە پێشکەش کراوە.

3 –یەکەمین خەیاڵ بۆ ئۆرکێسترای ژێدار ساڵی 2008 لەلایەن ئۆرکێسترای ژێداری سلێمانیەوە پێشکەش کراوە.

4 –فەنتازی (بۆ کامکاران For Kamkars ) بۆ چەمپەر ئۆرکێسترا.

5 –سەمای بەهار بۆ ئۆرکێسترای ژێدار .

6 –(دەروێش)بۆ کوارتێتی کوپەیی (دائیرە، دەف، زەرب و دەهۆڵ) ساڵی 2008 لە سلێمانی تۆمار کراوە.

7 –کۆنسێرتینۆی سەنتور و ئۆرکێسترای ژێدار بە ژەنین و کەدانسەی ئەردەوان کامکار ( 27 / 2 / 2008) لە تاران تۆمار کراوە.

8 –ساتەکانی مناڵی بۆ فلوت و پیانۆ، ساڵی 2008 لە سلێمانی تۆمار کراوە.

9 –بارین، بۆ ڤایۆلین و پیانۆ، ساڵی 2008 لە ستۆکهۆڵم تۆمار کراوە.
10 –بەری بەیان بۆ ئۆرکێسترای ژێدار، ساڵی 2008 لەلایەن ئۆرکێسترای ژێداری سلێمانیەوە پێشکەش کراوە.
11 –موزیکی چەند گۆرانیەکی کەلەپووریی و دانراو بۆ گروپی میللی و ئۆرکێسترا ( 1997 – 2008 ) .

چاپکراوەکانی هونەرمەند:

1 –پەروانە: بریتیە لە 30 پارچە موزیکی کەلەپووری کوردیی کە لەشێوازی پرۆڤەدا گونجاندویێتی بۆ ئامێری ڤایۆلین، لەچاپخانەی قانع لەسەر ئەرکی خۆی لەچاپیداوە، سلێمانی.
2 –ڕۆڵی حەسەن زیرەک لە موزیکی کوردییدا، توێژینەوەیەکی شیکاریی زانستیە لەسەر ژیان و حەفتا گۆرانی هونەرمەندی نەمر حەسەن زیرەک، لەگەڵ کاک زاهیر محەمەد عزیزی هاوڕێیدا و بەسەرپەرشتی هونەرمەند ع. ج. سەگرمە ئەنجامیداوە ساڵی 2004 لە ئینستیوتی کەلەپووری کورد لە سلێمانی چاپکراوە.
3 –ژیاننامەی گەورە موزیسیانەکان: ئەم کتێبەی لە عەرەبیەوە وەرگێڕاوە کە بەرهەمی نووسەری بەریتانی (ئەدیان ودوارد)ە، بریتیە لە کتێبی گیرفانی ژمارە 65 ی 2005 ی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
4 –ڕەهەندە مرۆییەکان لە موزیکی (بتهۆڤن) دا: ئەم کتێبەی لە عەرەبیەوە وەرگێڕاوە و ئامادەی کردووە، بەرهەمی نووسەری عەرەبی (غانم الدباغ)ە ،بریتیە لە کتێبی گیرفانی ژمارە 77 ی 2006 ی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
5 –ناودارانی موزیکی جیهانی: زنجیرە کتێبی (425)ی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، 2008، سلێمانی.
* ئیمەیڵ : zozikAQ@yahoo.com